# گوڵان

www.gulan-media.com

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی






■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠







د. نیشتمان هاشم عەبدولڕەحمان: ئاوی ڕەش و ئاوی سپی دوو نەخۆشی جیاواز



هێشتا نەمردبوو میراتەکەیان بەشکرد!






راوبۆچوونی یاریزانانی یانەی هەولێر پێش ئەنجامدانی یەکەم یاری بەرامبەر مەبرەی لوبنانی



درێژترین مار لە جیهان


■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان رەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاورەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناوونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (پ.د.ك)

ژمارە (٧٢٤) ٢٠٠٩/٣/٩

# کشانەوەی لە عێراق.... یەکەم تەنگژەی ئۆباما



فەیسەڵ دەبباغ

لە ٢٧ی مانگی شوباتی رابردوودا، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا باراك ئۆباما پلانی خۆی سەبارەت بە یەکێك لە گرنگترین ئەو ئیستیحقاقانە راگەیاند کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی خۆیدا بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار پشتی پێ دەبەست.

پلانەکەی هەروەکو چارەسەرێکی مام ناوەندی بوو، نێوان کشانەوەیەکی تەواو و خێرا- ئەوەی کە بەخۆی بانگشەی بۆ دەکرد لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵمەتەکەیدا- و نێوان هەڵوێستی پارێزگارەکان کەدەکرێ بیخەینە پاڵ ئیدارەی پێشووی ئەمەریکا کە دەیویست کشانەوەکە لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١ دا تەواو بێت.

راستیەکەی نەیدەزانی پاش ساڵی ٢٠١١ ئیدارەی بووش لەرووی عەسکەرییەوە چی دەکرد، بەڵام لەکاتێکدا کۆمارییەکان لە کۆنگرێسدا بەر لە هەموویان ماکین کە هاوچاوی ئۆباما بوو بۆ وەرگرتنی کورسی سەرۆکایەتی- بەشێوەیەکی گشتی رازی بوون لەسەر پلانەکە، ئەوا دیموکراتەکان، وەك سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و سەرکردەی دیموکراتەکان لە ئەنجوومەنی پیراندا رەخنەیان لە پلانەکە گرت.

دەکرێ بڵێین پلانی ئۆباما سەبارەت بە عێراق لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکێکیان عەسکەری و ئەویتریان سیاسی، کە ئەمەشیان بەسەرەتایەکی باش دادەنرێ، لەبەشە عەسکەرییەکەیدا ئۆباما قسەی لەسەر کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کرد لە عێراقدا، کە بڕیار بوو لە کۆتایی مانگی ئابی ٢٠١٠دا دەست پێ بکات، لەگەڵ مانەوەی ٣٥-٥٠ هەزار عەسکەر بۆ یارمەتیدانی حکومەتی عێراق لە هێنانەکایەی سەقامگیری و راهێنانی سوپاو پۆلیس، بەمەرجێ کشانەوەکە بەتەواوی لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١ ئەنجام بدرێ، واتە لەو وادەیەی کە رێککەوتنە ئەمنییەکەی نێوان حکومەتی عێراق و ئیدارەی پێشووی ئەمەریکا لەسەری رێك کەوتبوون.

لەبەشە سیاسییەکەیشدا، ئۆباما لەسەر دوو بابەت قسەی کرد، یەکێکیان پەیوەندی بە باری نێوخۆییەوە هەبوو، ئەویتریشیان بەباری دەرەکییەوە.

ئەوەی پەیوەندی بەیەکەمەوە هەبێ وا دیارە ئۆباما حەزی لەکارێکی سیاسییە کە بتوانێ بەهۆیەوە رێککەوتنێکی نیشتمانی بێنێتە دی و هۆکارەکانیش دیارن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئۆباما دەربارەی ئەو مەسەلەیە قسە لەسەر کارێك دەکات کە پەیوەندی بەنەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەبێ.

ئۆباما پێی وایە بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی عێراقدا ناکرێ ئەمنیەتەکەی بپارێزرێ، بەواتایەکی دیکە دەیەوێ باری عێراق بخاتە سیاقێکی گونجاوی ئەقلیمیدا، چ بە بەشداری هێزە ئەقلیمییەکان، ئەوانەی کە پەیوەندییان بە ئایندەی عێراقەوە هەیە، یان بەکارکردن بۆ ئەوەی ئێران نەگاتە رادەی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی، یانیش هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی ئاشتەواییەکی هەمیشەیی نێوان ئیسرائیل و عەرەبدا.

بەکورتی ئۆباما پێی وایە چارەسەری کێشەکانی عێراق بەتایبەتی لەمەودایەکی دووردا دەبێ سیاسی بێ و، دانیش بەو ئاستەنگانە دەنێ کە رووبەڕووی عێراق دەبنەوە، ئەویش بەهۆی چەند گیروگرفتێکی گەورەی وەك پەنابەران و کۆچپێکراوان و کەمبوونەوەی داهاتی نەوت.

هەندێ جار پیاو سەری سوڕ دەمێنێ لەو شێوازەی کە فەرمانگەکانی دروستکەری بڕیاری ئەمەریکی بیری لێ دەکەنەوە، بەتایبەتی لەچۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە سەرەکیانەی کە رووبەڕوویان دەبێتەوە، لەکاتێکدا رۆبەرت گیتس وەزیری بەرگری ئەمەریکا لە لێدوانێکیدا دان بەوەدەنێ کە سەرەڕای ئەو سەرکەوتنە سەربازییە گرنگەی ئەمەریکا لە عێراق، بەڵام هێشتا لەئاستی سیاسیدا زۆر شت ماون و لە هەمان لێدوانیشدا ئاماژە بە سێ کێشە لە عێراقدا دەکات کە بەڕای ئەو مەترسیدارن، وەك رەوشی موسڵ و پشێوی نێوان کورد و عەرەب و دارشتنی یاسای نەوت، بەڵام ئەویش بەهیچ شێوەیەك باسی کەرکووك ناکات کە بە گەورەترین کێشە دادەنرێ و لە یەکلا نەکردنەوەیشی دان بە رۆڵی سلبی ئەمەرکیا و بەغدا و وڵاتانی ئەقلیمی نانێ لە چارەسەر نەکردنیدا. لەوانەیە نووسەرێکی ئاسایی نەتوانێ وابەئاسانی رەخنە لەو بنچینانە بگرێ کە سیاسەتی ئەمەریکای لەسەر دروست دەکرێ، چونکە وا دەزانێ عەقڵیەتێکی خودان شیان لە فەرمانگەکانیدا کاردەکەن، کە ئەمەیش وانییە.

من یەك نموونە دەهێنمەوە: سەرۆك ئۆباما لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا لە نێوان کشانەوە لە عێراق و زیادکردنی ژمارەی هێزەکانی لە ئەفغانستان بە یەکیانی گرێدا ئەمیش لەسەر پاشینەی دیدە رەخنەدارەکەی بۆ جۆرج بووش و ئیدارەکەی کەگوایە خاوەن دیدێکی قوڵ نەبووینە لە ئاراستەکردنی ئەرکەکانیاندا، گوایە تەرکیزیان لەسەر نەهێشتنی دیاردەی تیرۆر نەکردووەوە، بۆیە هەرزوو نێوان پلانی کشانەوە لە عێراق و تەرکیزکردن لەسەر ئەفغانستانی گرێدا.

هەر چاودێرێکی بڕەك زیرەك دەزانێ کە پلانی تەرکیزکردن لەسەر ئەفغانستان پلانی پەك کەوتووە، کە ئەمەیش کاردەکاتە سەرباری کشانەوە لە عێراقدا، هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتە هەر وەکو لەبارێکی ئابلووقەدان، ئەویش بەکاریگەری ئەو شاڵاوانەی کە دەکرێتە سەر هێزەکانی، بەتایبەتی لە دۆڵی خەیبەری ستراتیژی، کە ئەمیش وا دەکات، زۆر زەحمەت بێ ئەو هێزە ئەمەریکییانە لە عێراقەوە بگوازرێنەوە بۆ

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

ئەفغانســـتان، هەروەها ئەو پلانە تووشـــی پشێوی بووە لە سروشت و ئامانجەكانی.

گریمان ئەمە عەقڵیەتی ئـــەو فەرمانگانەیە كە ئۆباما لە بڕیارداندا پشتیان پێ دەبەستێ و ئەو عەقڵیەتەش عەقڵییەتێكی تەقلیدیە، بەڵام خۆ ئێمە لە بەردەم سەرۆكێكی گەنجین و لەلای ئەمەریكییەكان بە كەســـێكی خاوەن بیری نوێ و بە كەسێكی كاریزما دادەنرێ، كە ئەم سیفەتەی دواییش لەسەردەمی جۆن كنێدی یەوە بە كەسێكی دیكە نەدراوە.

ئێمە لە بەردەم سەرۆكێكی گەنجین و لەلای ئەمەریكییەكان بە كەسێكی خاوەن بیری نوێ و بە كەسێكی كاریزما دادەنرێ، كە ئەم سیفەتەی دواییش لەسەردەمی جۆن كنێدی یەوە بە كەسێكی دیكە نەدراوە

هەر یەكێك بە وردی سەیری رەفتاری ئەم دواییەی بكات، بەتایبەتی سەبارەت بە پلانی كشانەوە لە عێراق و تەركیزكردن لەســـەر ئەفغانستان، یان بە كابرایەكی بێ ئەزموونی دادەنێ، یانیش بە پەلە كە تەنیا مەبەســـتی ســـەلماندنی راستگۆیی خۆیەتی سەبارەت بە بەڵێنی كشانەوە، ئەگینا هەموو چاودێران لەســـەر ئـــەوە كۆكن كە ئـــەو پلانەی نەك هـــەر تەنگژە بۆ خۆی دروســـت دەكات، بەڵكو بۆ گشـــت لایەنە ناكۆكەكانی عێراقیـــش لە ناوەوە و دەرەوەدا، كـــەس نكۆڵی لەوە ناكات كە زیادكردنـــی ژمارەی هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراق كە لە دوا ساڵەكانی سەرۆكی پێشووی ئەمەریكا ئەنجام درا، بووە هۆی باشـــتربوونی باری ئەمنی لە عێراقدا، هەر چەند ئەو باشییە پێویســـت بوو، بەڵام خۆ هەستی پێدەكرا، بۆیە یەكەمین رەخنە كە دەكرێ ئاراســـتەی پلانەكەی ئۆباما بكرێ پەیوەندییەكی بە چارەنووسی ٣٥-٥٠ هەزار سەربازی ئەمەریكی هەیە كەوا بڕیـــارە لە مـــاوەی ١٦ یان ١٨ یان ٢٤ مانـــگ لە عێراق بمێننەوە.

ئـــەم ژمارەیـــە كە نزیكـــەی ١/٤ یـــان ١/٣ ی ژمارەی هێزەكانی ئێســـتای ئەمەریكا لە عێراق پێك دەهێنێ لەوانەیە زیاتر رووبـــەڕووی كاری توندوتیژی ببنەوە، ئەگەر لە پێناو رزگاركردنی عێراقیش نەبێ وەك ئەوەی هێزەكانی بەرهەڵستكار دەیڵێن، ئەوا لە پێناو چەسپاندنی بوونیانە تا پاش كشانەوە كە بەركەوتێكی باشیان لە كێكە عێراقییەكە بەركەوێ.

هەر كشانەوەیەک بەر لەوەی ئەمنیەتێک و سەقامگیرییەكی تەواو لە عێراقدا بەر قەرار بێ لەوانەیە هەموو ئەو دەستكەوتانەی كە بە تێچوونێكی زۆری خوێن و پارەی ئەمەریكا هاتوونەتەدی لە دەست بدرێ

لێـــرەدا لەوانەیە ئۆباما لە بارێكی وادا مەجبور بێ هەندێ لەو هێزانە بگێڕێتەوە، كە ئەمەیش ئەگەر روویدا شكســـتێكی گەورە دەبێ بۆ پلانەكەی، یانیش پەنا بباتە بەر كشانەوەیەكی خێراتر كە ئەمەیش هەر شكســـتێكە بەڵام بە جۆرێكی دیكە، چونكە كشـــانەوە لەو بارەدا نەك هەر كشانەوەیەكی بەرپرسیار نابـــێ وەك ئـــەوەی ئۆباما بەڵێنی پـــێ داوە، بەڵكو جۆرێكە لەســـەر شـــۆڕی كە ئەمەیش چ لەلایەن رای گشتییەوە بێ یان بژاردەی ئەمەریكاوە بـــێ نایەتە قبوڵكردن، بەتایبەتی لە وڵاتێكدا كەخۆی بـــە بەهێزترین وڵات لـــە جیهاندا دادەنێ، بێجگە لەمەش كشانەوە بەپێی ئەو سیناریۆیە، ئایندەی عێراق دەكەوێتە دەست باهۆزێكی ئاژاوە گێڕ.

ئەمـــە بەو واتایـــە نایێ كە من تەبەنـــی گوتەی هەندێ لە سیاســـەتكاران دەكەم كە رایەكی تایبەتیـــان بەرامبەر بەو كشـــانەوە خێرایەی ئەمەریكا هەیە، بەڵكو هەمیشە گوتومە كە زۆربەی كێشـــەكانی عێراق بەهۆی سیاسەتی هەڵەی یان سیاسەتی كورتبینی ئەمەریكابووە، بۆیە ئەو ئەركە پێویستی بە كارێكی سیاســـی هەیە، كە ئەمەیش مەسەلەیەكی ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەگەر لەســـەر ئەوە رێككەوتین كە ئامانجی ئەو كارە گەیشتنە بە رێككەوتنێكی راستەقینەی نیشتمانی.

هەروەها ئەم كارە پێویستی بە جۆرە تەرتیباتێكی سەربازیی هەیـــە، وەك بوونی هێزێكـــی نێودەوڵەتی كـــە بەرەبەرە جێی ئەو هێزە ئەمەریكیانە بگرێتەوە تا ئاژاوە جێی ئەو بۆشـــاییە نەگرێتەوە كە پاش كردەی كشانەوەكە روودەدات و كەشەكەش بۆ پرۆسەی رێككەوتنە نیشتمانییەكە خۆش بكات.

مەترســـی ئـــەم تەنگژەیە زیاتـــر دەبێ ئەگـــەر بێتو ئەو رێككەوتنە بەر لە كشانەوەكە ئەنجام نەدرێ، چونكە ئایندەی عێراق لەوانەیە بۆ ســـاڵانێكی دیكـــەش روون نەبێ، نێوان نا ســـەقامگیرییەكی ناوخۆ كە لەوانەیە بگاتە رادەی شـــەڕی ئەهلی و دەســـتێوەردانی دەرەكی كە لەوانەیە بە داگیركردنی بەشێكی عێراق كۆتایی پێ بێ لەلایەن ئەو هێزە ئەقلیمیانەی كە چاویان بڕیوەتە عێراق.

هەتا ئەو چوارچێـــوە ئەمنییە ئەقلیمییـــە گونجاوەی كە ئۆبامـــا ئاماژەی پێ دەكات لە پلانەكەیدا لەوانەیە ئەویش لە نێوان بەرژەوەندییە دژ بە یەكەكانی ئەو هێزانەی كە بەشداری تیایدا دەكەن بزربێ.

بـــە تەئكیدەوە جوولەیەكی ئەقلیمی لـــە ئارادایە و زۆر بە وردیش چاودێری پلانەكەی ئۆباما دەكرێ و ئەم جوولەیەشی بەپێـــی بەرژەوەندی ئەو وڵاتـــە ئەقلیمیانە دەكرێ نەك بەپێی بەرژەوەنـــدی عێراق، لەوانەیە هەندێ لە هێزە سیاســـییەكانی عێراق بیـــر لە كۆمكاری وڵاتانی عەرەبی بكەنەوە بۆ ئەوەی ئەویش بەشـــداری لە دیاریكردنی ئایندەی عێراق بكات، وەك زەمانەتێك كە ئەم كارە بەلای بەرژەوەندی عێراق نەك وڵاتانی ئەقلیمی بشـــكێتەوە، بەڵام ئەم ئەلتەرناتیڤەش دروست نییە، چونكە لەو كۆمكارەدا هەندێ هێزی عەرەبی هەن كە ئەوانیش ئەجیندای تایبەتی خۆیان هەیە.

هەڤركێیەكـــی زۆر لە بەردەم ئەمەریكادایە و مەســـەلەی كەركـــووك و مووســـڵیش دوو خاڵی ورووژێنـــەرن و ئەم دوو خاڵەش جێی نیگەرانی ســـەركردە عەسكەرییە مەیدانییەكانی ئەمەریكان كە پێویســـتە ئۆباما لە جیاتی خۆ پابەندكردن بە خشتەیەكی عەشوائی، وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بداتەوە:

* ئایا بە هاتنـــی مانگی ئابی ٢٠١٠ ئەمەریكا دەتوانێ سەركەوتن رابگەیەنێ؟

* ئایـــا ئەو هێزەی كە دەمینێتەوە دەتوانێ ئەركی خۆی لە كۆتایی ٢٠١١ دا بە تەواوی جێبەجێ بكات؟

بـــە كورتی، هەر كشـــانەوەیەك بەر لـــەوەی ئەمنیەتێك و سەقامگیرییەكی تەواو لە عێراقدا بەر قەرار بێ لەوانەیە هەموو ئەو دەســـتكەوتانەی كە بە تێچوونێكی زۆری خوێن و پارەی ئەمەریكا هاتوونەتەدی لە دەســـت بـــدرێ، هەروەها بە بەجێ هێشتنی عێراقیش بەشێوازێكی هەڵە لەوانەیە كاریگەرییەكی زۆر بكاتە سەر ئەمنییەتی ئەمەریكا .

# مۆزەخانەیەک بۆ راپەڕین



سالار عوسمان

سـالآنە یادی راپەرین دەکەینەوە، بەلام لە نێــو ئەم یادکردنەوەیە دا دەمانــەوێ چی بلێین و لەوەش گرنگتر ئــەوەی دەیلێین دەگاتەبەرانبەر؟..

ئەم دوو مەســەلەیە گرنگن و پێویســتە لەبارەیانــەوە بدوێین،بەلام بەر لەو دوو مەسەلەیە مەسەلەیەکی گرنگتر هەیە ئەویش جۆری یادکردنەوەکەیە، ئایا یادکردنەوەکە دروســتە؟ یان باشتر بلێین ئێمە توانیومانە بە نێو مانا و چەمک و تێگەیشتنە گشتگیرەکانی راپەریندا قوڵبینەوە؟

هــەوڵ دەدەین ئەگــەر بە کورتیش بێت قســە لە هەموو ئەم پرســانە بکەین:-

***جۆری یادکردنەوەی راپەرین**

کاتی ئــەوە هاتووە بیر لــە جۆرێکی دیکەی یادکردنــەوەی راپەرین بکەینــەوە، چونکە ئەم یــاد کردنەوەیە کۆن بووە، واباشــە یادکردنەوەی وەرچەرخانێکــی مێژوویی پڕ دەســکەوتی وەک راپەرین تەنێ لە رێگەی چەند بەیاننامەیەک و ســروود و بابەتێک یاد نەکەینەوە، پێویســتە قووڵ بینــەوە، قووڵبوونەوەیەکی مەعریفیانە کە هەڵگــری گفتوگۆ و رامان و پرسیار بێت، کە واتە ئەو یادکردنەوەی کە ئێستا هەیەیادکردنەوەیەکی قووڵ نییە، بۆیە پێویستە لە ئاستی میدیا و لە ئاستی حزبەکانیشدا یادکردنەوەکە بگوردرێ:-

١- لە ئاســتی میدیا:- لە مەو دوا دەبێ گفتگۆی چەمک و ماناکانی راپەریــن بکەین، لە نێو ئەم گفتگۆیەشــدا ســۆز جێ بێڵیــن و ئەقڵانیانە چەمکەکان شی بکەینەوە و ماناکان شرۆڤە بکەین...

هەمدیس لەســەر میدیا پێویســتە نەوەی نوێ رابکێشــێتە نێو قسە کردن ســەبارەت بە راپەرین، لەم قسەکردنەشــدا راپەرین بە هی خۆی بزانێ، لەوێدا رایەڵێک دروست دەبێ کە پێی دەگوترێ رایەڵی نێوان مێژوو و نەوەی نوێ.

٢- لــە ئاســتی حزبیدا : لــق و مەڵبەندەکان هەنــدێ کەرەت وەک ئــەوەی بەتەنیا خۆیان راپەرینەکەیان کردبێ ئاوا یادەکە دەکەنەوە، هەندێ جاریش دوو قۆڵی(مەبەســتم پارتی و یەکێتییە)... بە بڕوای من ئەم جۆرە یادکردنەوانــەش رەونەقی نەماوە، وا باشــە جەمــاوەر و حزبەکان ( هەموو حزبــەکان نەک هەر پارتــی و یەکێتی ) بە یەکەوە ئــەم یادە بکەیەنەوە، ئەمە چۆن دەکرێ؟.. دیارە زۆر ئاســانە، بە مەرجێک پێشــتر ئەو حزبانە مەرحەبایەکی جەماوەریان کردبێ!!

***گوتاری راپەرین:-**

گرنگە لەو گوتارە وردبینەوە کە بۆ راپەرین هەمانە،بەلام پرســیار ئەوەیە ئێمە گوتارێکمان هەیە بۆ راپەرین؟..

ئەگەر وەلام (بەڵێ) بێت ئەوا لە نێو ئەو گوتارەدا کە حزبە سیاسیەکان بە تایبەت پارتی و یەکێتی وێنای دەکەن ئیشکالییەتێکی زۆر هەیە، لە هەموو ئیشکالییەتان گەورەتریش راکێشانی راپەرینە بۆ لای خۆیان..

راستە ئێمە گوتارێکمان هەیە بۆ راپەرین، بەلام گوتارێکی حزبی، دەکرێ لەمــەودوا کار بــۆ گوتارێکی نەتەوەیی بکەین کە مانــا جەوهەرییەکانی راپەرین لە خۆیدا کۆبکاتەوە.

دێمەوە سەر مەسەلەیەکی گرنگ ئەویش بە موڵککردنی راپەرینە لەلایەن هەندێ حزب و کەســایەتی حزبییەوە، راپەرین هی خەڵکی کوردســتانە، هی جەماوەرێکــی تینوو بە ئازادییە کە لە رۆژانــی راپەریندا بەر لە حزبەکان هەنــگاوی نــا و لە کۆڕەویشــدا دوای حزبەکان شــاری جێهێشــت ئەمە هەقیقەتەکەیە، جەماوەر بەر لە حزبەکان هەڵیکوتایە ســەر دامودەزگاکانی بەعس و لە کۆڕەویشــدا حزبەکان بەر لە جەماوەر شــاریان جێهێشت. بەلام دواتر مقاوەمەکرا، لە (ئەزمەڕ) پێشــمەرگە رووبــەرووی بەعس بۆوە و لە (کۆڕێ) ش لە داســتانێکی کەم وێنەدا بەعس شــکێنرا، لەو رۆژانەشدا هەموومان سەرۆک مسعود بارزانی – مان بینی کە چۆن لە نێو جەرگەی بەرەکانی شــەڕدا بوو.. ئەمە وێنە راســتەقینەکانی ئەو کاتەیە کە مایەی شانازیمانە.

دوای ١٨ ســاڵ لە راپەرین پێویســتە گوتارێکی نەتەوەییمان بۆ راپەرین هەبــێ کە قــووڵ بێت بەقەد گەورەیــی راپەرین ،لــەم کەمتەرخەمیەدا وەخۆکەوتن ئەرکی هەموومانە بە تایبەت سیاســەتوان و پســپۆڕانی بواری مێژوو، بۆ ئەوەش پێویســتە ســوود لە جەماوەری راپەڕیو و پێشمەرگەکانی راپەرین وەربگرین.

**گرنگی گوتار لە گەیاندنیەتی :-**

ســەرجەم گوتاری سیاسیی ، لە نێویشــیدا گوتاری راپەرین، ئایا دەگاتە بەرامبەر؟..

جارێ بەرلەوەی وەلامی ئەم پرسیارە بدەمەوە پێویستە ئاماژە بۆ جوگرافیای گوتار بکەم، هەر گوتارێک جوگرافیا بۆ خۆی دەست نیشان دەکات :-

١- جوگرافیای نێو خۆ

٢- جوگرافیای دەرەوە.

دیــارە هەر یەک لەو جوگرافیایانەش لق و چڵی تری لێدەبێتەوە، گرنگ ئایــا لە هەردوو جوگرافیادا گوتاری کوردیدەگاتە بەرامبەر، بۆ نموونە لە جوگرافیای نێوخۆدا چەندە گوتاری سیاســیی دەگاتە خەڵکی کوردســتان، چەندەش کاریگەریی جێ دێڵێ؟

هەمان پرسیاریش بە جیاوازیی جوگرافیاوە بۆ جوگرافیای دەرەوە !!

لەم بوارەدا (بواری گەیاندنی گوتار) کە هونەرێکە و ســەری لە نێو دەیان وردەکارییدا جووڵە دەکات، پێموایە مەسەلەی گەیاندی گوتار سست و لاوازە، هۆکارەکەش بەشێک بۆ ناشارەزایی ئێمە(ئەوانەی لە نێو گەیاندنی گوتاردا کاردەکەین) دەگەڕێتەوە. چونکــە راگەیاندن وەک لە زاراوەکەیدا وە دیار دەکەوێت پرۆسەیەکە بۆ گەیاندنی را (را + گەیاندن)..

لە نێوخۆ و دەرەوەدا، مەبەســتم هەر دوو جوگرافیاکەیە ئیشــکالیەت و کەموکووڕی زۆرە، ... هەر بۆیەشە گوتاری سیاسیی ، لە نێویشدا گوتاری راپەرین کە بابەتی باســەکەمانە وەک پێویســت ناگاتە بەرامبەر، ئەوەشە وایکــردووە رایەڵەکانی نێوان نەوەی نوێ و راپەرین، یان مێژوو بە گشــتی سست و لاواز بێ، بگرە هەندێ جار رایەڵەکەش دەپچڕێ! ..

کەواتە گرفتی ســتیی ئەو رایەڵ و پەیوەندییە بەشێکی بۆ نەگەیشتنی ئەو گوتارە بۆ بەرامبەر دەگەڕێتەوە کە ئۆباڵەکەی لەئەستۆی نەوەی نوێ نییە !..

بۆیــە دەبێ ئەوانەی لەو بوارەدا کاردەکەن بە خۆیان و ئۆرگانەکانیاندا بچنەوە و ئەم گرفتە چارەسەربکەن کەپێی دەگوترێت (گرفتی نەگەیشتنی پەیام بە بەرامبەر)!.

**مێژووی راپەرین:-**

ئەمەشــیان کەمو کووڕییەکی ترمانە، تا ئێســتا مێژووی راپەرینمان نەنووســیوەتەوە، ئەم کەمو کووڕییە هیچ پاســاوێک قبوڵ ناکات، دەبێ حکومــەت و زانکۆ و لایەنە پەیوەندارەکان بەزوویی ئەم کەمتەرخەمییە پڕ بکەنەوە!!

**پێشنیازێک:-**

لە ١٨ یەمین ســاڵیادی راپەریندا پێشنیازی ئەوە دەکەم مۆزەخانەیەکی تایبەت بە راپەرین بکەینەوە، لە نێو ئەو مۆزەخانەیەدا ناو و وێنەی شــەهید و بریــنداران، هەمدیس وێنە وبەڵگەنامە و فیلمی تایبەت بە راپەرین و بگرە توێژینەوە ئەکادیمیەکانی کە لەسەر راپەر نووسراوە و لە داهاتووشدا مێژووی راپەرین بە زمانی کوردی و زمانەکانی جیهان لەو مۆزەخانەیەدا بپارێزرێ، هەبوونی مۆزەخانەیەکی لەم چەشــنە بە هەنگاو و پێویستیەکی سیاسی و کلتووری و مێژوویی دەزانم!

# دادگاکانی لاهای
# سەرەتای قۆناغێکی تازەن لە ناوچەکەماندا



سامی شۆرش

لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوودا دوو رووداوی زۆر گرنگ سەبارەت بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی لە شاری لاهای هاتنە پێش. ئەم دوو رووداوە وا چاوەڕوان دەکرێت بایەخێکی زۆر گەورەیان هەبێت لە گۆڕینی بونیادی سیاسی و یاسایی و رۆشنبیری، بە تایبەتی لە بواری بڵاو کردنەوەی عەدالەتی یاسایی و مرۆیی لە ناوچەکەماندا.

ئەو دوو رووداوە، یەکەمیان ئەوەیە کە پێش چەند رۆژێك دادگای تاوانی نێودەوڵەتی یاداشتێکی دەستگیر کردنی بۆ سەرۆکی سوودان عومەر حەسەن ئەلبەشیر — دەرکرد بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە دژی دانیشتووان و پێکهاتەکانی هەرێمی دارفۆر لە سوودان. دووەمیان، پێکهێنانی دادگایەکی تایبەتە بە دادگایی کردنی تۆمەتبارانی کوشتنی سەرۆك وەزیرانی پێشووی لوبنان رەفیق ئەلحەریری کە تا ئێستا چوار ئەفسەری گەورەی لوبنانی و سووری پێی تۆمەتبار کراون و وا چاوەڕوان دەکرێت هی دیکەش پەلکێشی بەردەمی دادگا بکرێن.

دیارە، ئەوە بۆ یەکەم جارە لە مێژووی هاوچەرخدا، سەرۆك کۆمارێکی دەست بە کار، دەدرێتە دادگا بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی دژ بە میللەتەکەی خۆی. راستە پێش ئەلبەشیر چەندین سەر کۆماری تر، بە هەمان ئەو تۆمەتە دراونەتە دادگا وەك سلۆبۆدان میلۆشۆڤیچ سەرۆکی پێشووی یۆگۆسلافیاو چارلز تایلۆر سەرۆکی لیبریاو حسین حبری سەرۆکی پێشووی چادو صدام حسین سەرۆکی پێشووی عێراق. بەڵام ئەمانە هەر هەموویان دوای تێکشکانی رژێمەکانیان، یان دوای لە سەر کار لاچوونیان ئینجا فایلی یاساییان بۆ دروست کراوەو دراونەتە دادگا. کەچی ئەلبەشیر هێشتا لە دەسەڵاتەو دەدرێتە دادگا. ئەمە مەسەلەیەکی گرنگی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی هێناوەتە پێش، ئەویش (حصانە)ی سەرکۆمارو بەرپرسە گەورەکانی وڵاتانە لە بەرامبەر یاسادا.

دیارە، دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هەر لە دروست بوونیەوە بەر لە دە ساڵ، دەسەلاتی ئەوەی پێداوە کە راستەوخۆ بتوانێت، بە بێ گوێ دانە (حەصانە) بەرپرسانی گەورەی تاوانبار لە هەر کات و شوێنێکدا بن راپێچی دادگا بکات. بگرە، ئەگەر ئەو کارەیشی پێ نەکرا، ئەوا مافی ئەوەی هەبێت مەسەلەی گرتن و راپێچ کردنی ئەو بەرپرسانە بداتە دەست ئەنجومەنی ئاسایش تا داوا لە تەواوی دەوڵەتانی ئەندام بکات بیانگرێت و راپێچی بەردەمی دادگایان بکات.

وەك مەعلوومە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی، بە درێژایی چەند سەدەی رابردوو، لانکەی کوشتن و تیرۆری تاکە کەسی و قەلاچۆ کردنی بەرفراوانی میللەتان بووە. بۆیە، رۆشنبیریی هێزو راوەدوونان و داپلۆسین باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوەو دەیان میللەت و پێکهاتەو گروپی ئایینی و ئیتنی و مەزهەبی و رۆشنبیری بە کۆمەڵ لە ناوبراون. ئەوەی لەم بوارەدا، بە درێژایی سەدەکانی رابردوو تووشی کورد هاتووە نموونەیەکە لە دەیان و بگرە سەدان نموونەی دیکە. گەورەترینی ئەو تاوانانە کە زۆر جار لە بن باڵی بێ دەنگیەکی ئەستوور ئەنجامدراون و هەندێك جاریش، بە ناهەق، مۆرکی پیرۆزی و جیهادیان پێوە نراوە، کوشتنی بە کۆمەڵی ئەرمەنەکانە لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەم و دوای ئەو شەڕە. کوشتن و قەلاچۆکردنی کوردە. کارەساتی لە ناو بردنی کریستیانەکانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کوشتوبڕی میللەتی بەربەرە. تەفروتونا کردنی نوبیەکانی خوارووی سوودان و دواتریش هەوڵی قەلاچۆکردنی پێکهاتەکانی هەرێمی دارفۆرە هەر لە سوودان.

تا ساڵی ١٩٩١ زەحمەت بوو هیچ باسێك لە بارەی دادگایی کردنی تاوانبارانی بواری تاوانی دژ مرۆڤایەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت. بەڵام ئیتر لە دوای رووخانی سیستەمی دووجەمسەری و تاوسەندنی تەوژمی دیموکراسی لە سەرتاپای جیهاندا، کەشوهەوایەکی وا هاتە پێشەوە کە ئیتر باس کردنی ئەم مەسەلەیە کارێکی هەتا رادەیەك ئاسایی بێت. ئەوەی زۆرتریش بوارەکەی خۆش کرد ئەوە بوو کە ئیتر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بە تایبەتی نەتەوە یەککگرتووەکان لەو ساڵەوە رۆڵێکی گەورەتری گرتە ئەستۆ. رەنگە دوور نەڕۆین ئەگەر ئاماژە بەو راستیە بکەین کە داسەپاندنی ناوچەی ئارام لە کوردستانی عێراق، بە پێی بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش، بۆ دالّدەدانی کۆچڕەوە ملیۆنیەکەی کورد لە بەهاری ١٩٩١دا، یەکەم رووداوی ئەو سەردەمە بوو کە رۆڵە تایبەتیەکەی نەتەوە یەککگرتووەکانی دەرخست و دەرگایەکی گەورەیشی لەبەردەم ئاوڕدانەوە لە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە ناوچەکەدا کردەوە. راستە، ئەوسا صدام حسین نەدرایە دادگا. بەڵام سزایەکی نێودەوڵەتیی ئەوتۆی بە سەر سەپێنرا کە ئیتر کۆتاییەکەی بە رووخانی رژێمەکەی و دواتریش گرتن و دادگایی کردنی خۆی و گەورە بەرپرسانی

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

رژێمەکەی تەواو بوو.

لەو سالانەی دوای ١٩٩١ دا، ئەمریکاو ئەوروپا ئاوڕیان لە یۆگۆسلافیا دایەوە کە هەر لە ساڵی ١٩٩٢ و ١٩٩٣ ەوە میلۆشۆڤیچ خەریکی داپلۆسینی میللەتەکانی بوو. دواتر، هاوپەیمانێتی ناتۆو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناچار بوون بە هۆی تاوانەکانی لە کرواتیاو بۆسنەو کۆسۆڤۆ، شەڕێکی گەورەی لە دژ بەرپا بکەن و رژێمەکەی برووخێنن. دواتریش خۆی و چەندین بەرپرسی گەورەی یۆگۆسلافیای کۆن بدەنە دادگا. بۆ ئەم مەبەستە، لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، ئەنجومەنی ئاسایش دادگایەکی تایبەتی دامەزراند بە ناوی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کە بارەگاکەی لە لاهایە. ئەمریکا ئەوسا زۆر بایەخی بەو دادگایە نەداو تەنانەت ئیمزای ئەو رێککەوتننامەیەشی نەکرد کە دادگاکەی پێ دامەزرا. ئەوە بوو، میلۆشۆڤیچ خرایە بەر دەم دادگاکە. بەڵام مردن ماوەی نەدا دادگایی کردنەکە تەواو بکات.

هەر دیسان لە ژێر چەتری هەمان دادگا، ئەنجومەنی ئاسایش دادگایەکی دیکەی دامەزراند بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی کوشتو بڕی رواندا — ی ئەفریقیا. دیارە، ئەوسا حکومەتی رواندا سەرپەرشتیی شەڕێکی زۆر خوێناوی لە دژی پێکهاتەی تووتسی بەرپا کردبوو. لێرەشدا چەند تاوانبارێکی گەورە دادگایی کران. بەڵام کێشەکە ئەوە بوو کە هەلومەرجی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رێگەی نەدەدا هەمان کار لەو ناوچەیەشدا بکرێت. لە لایەك رژێمی صدام حسین هێشتا نەرووخا بوو. لە لایەکی دیکە، کێشەی فەلەستینیەکان و ئیسرائیل ئاگرێکی وای کردبۆوە کە زەحمەت بوو هیچ کارێکی یاسایی و سیاسی لە ناوچەکەدا بە ئاسانی بەرێوە بچێت. بۆیە، هەندێك لە رژێمە سیاسیەکانی ناوچەکە هەستیان بە رەهایی دەکرد لەوەی بەردەوامی بە تاوانەکانی خۆیان بدەن دەرهەق بە تاك و بە کۆمەڵانی ناوچەکە. سوودان و لوبنان دوو لەو وڵاتانە بوون کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەوڵێکی زۆریان دا کێشەو تاوانەکانیان نەك لە رێگەی یاسای نێودەوڵەتی، بەڵکو لە رێگەی سیاسیەوە چارەسەر بکرێت. هەندێك جار، ئەم شێوازەی چارەسەر باش بوو، وەك ئەوەی لەگەڵ خوارووی سوودان و مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو لە لوبنان کرا. بەڵام زۆر جاری دیکە سیاسەت کاری نەدەکردو تاوان بەردەوام دەبوو. ئەوەی لە کوشتنی ئەلحەریری و لە دارفۆر روویان دا، نموونەی کار نەکردنی سیاسەت بوون.

لە مەیدانی سیاسیدا، ئەنجومەنی ئاسایش زۆر هەوڵی لەگەڵ سوریاو لوبنانیەکان دا کە بکوژانی ئەلحەریری ئاشکرا بکەن و تەسلیمی دادگای لوبنانیان بکەن. هەروەها داوای لە سوریا کرد کۆتایی بە دەستوەردان بهێنێت لە کاروباری ناوخۆی لوبنان. لەو لاوە هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئەوەی ئەلبەشیر هێرشەکانی میلیشیای (جەنجەوید) رابگرێت و رێز لە مافەکانی مرۆڤ لە دارفۆر بگرێت. دواتر داوایان لێکرد دوو لە تاوانبارە گەورەکانی شەڕی دارفۆر تەسلیم بە یاسا بکات کە یەکێکیان (ئەحمەد هارون) ی وەزیری لاوان بوو لە حکومەتی خەرتووم. بەڵام دیار بوو ئەلبەشیر، کە وەك صدام حسین، زۆر شانازی بە بەرگە سەربازیەکەی و ئەستێرەکانی سەر شانی دەکرد، ئەم داوایانەی رەت کردەوە. بۆیە، ئیتر لە دادگایی کردن بەولاتر هیچ رێگەیەکی دیکە لە بەردەمی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەما. ئەوەش خۆی لە خۆی دا، کردنەوەی دەرگایەکی گەورە بوو لەبەردەم ئەوەی کە ئیتر عەدالەتی مرۆیی وەك چۆن لە ناوچەکانی دیکەی جیهان بەرجەستە کراوە، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا دەست بە بەرجەستە بوون بکات.

بێگومان، هەر دوو دادگاکە زۆر گرنگن. بەڵام هێشتا لەوە گرنگتر قۆناغی دوای دادگایی کردنەکانە، بە تایبەتی ئیتر ئەمریکاو ئەوروپا، وەك پێ دەچێت، زۆریان بەلاوە گرنگ بێت کە سیاسەت لە یاساو دادگا جیا بکەنەوە. ئەم جیا کردنەوەیە سەروەریەکی زۆر بە یاسا دەدات و خۆی لە خۆی دا ئەو راستیە روون دەکاتەوە کە ئیتر زەمانی تێکەڵاو کردنی سیاسەت و یاسا بەسەر چوو. بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەو مەسەلەیە پێویستە بە وردی لەو هەوڵ و تەقەللا دیپلۆماسی و سیاسیانەی ئەمریکاو ئەوروپا ورد بینەوە کە لە بەرامبەر سوریاو ئێران و حەماسی فەلەستینی و حزبوللای لوبنان دەیدات. دیارە، لە دادگاکەی ئەلحەریریدا، حزبوڵلاو هەندێك بەرپرسی گەورەی سوریا رەنگە تۆمەتی گەورەیان بخرێتە پاڵ. لەگەڵ ئەوەش، ئەمریکاو ئەوروپا دەیانەوێت کەناڵە سیاسیەکانی پەیوەندی و دایەلۆگ لەگەڵ ئەو چوار لایەنە خۆش بکەن. دیارە، دەیانەوێت پێیان بڵێن دەسەڵاتی سیاسی و یاسا دوو شتی لە یەك جیاوازن و نابێت یەك کار لەوەی دیکە بکات.

قۆناغی دوای ئەو دادگایی کردنانە، ئیتر نەك هەر قۆناغێك دەبێت کە تیایدا یاسا باڵا دەست دەبێت، بەڵکو قۆناغی ئەوەیش دەبێت کە سەرکۆمارو گەورە بەرپرسانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، وەك ناوچەکانی دیکەی جیهان دوور نەبن لە دادگایی کردن و سزا دانی نێودەوڵەتی ئەگەر هەر جۆرە تاوانێکی کۆمەڵکوژی دەرهەق بە پێکهاتەکانی ناو دەوڵەتەکانیان ئەنجام بدەن. ئیتر سیاسەت لەو ناوچەیەدا مەودایەکی بەربەرەڵلا نیە، وەك دیکتاتۆرەکان تێیدەگەن، بەڵکو پێوانەیەکە یاسا چاودێری دەکات. دەسەڵاتیش لەمەو دوا، راستە دەسەڵاتی سیادەو یاسای ناوخۆییە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەسەڵات و یاسای نێودەوڵەتیش بایەخی خۆی دەبێت و لە مەسەلەی تاوان لە دژی کۆمەڵ ئیتر یاسا سنووری سیادی بۆ نابێت و (حەصانە) ش هەمان چەمکی جارانی نابێت. بۆیە، ئەم دوو دادگایە دەرگایەکی فراوان لەبەردەم بوژانەوەی سیاسی و دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکەنەوە.

●●●

**بۆ یەکەم جارە لە مێژووی هاوچەرخدا، سەرۆک کۆمارێکی دەست بە کار، دەدرێتە دادگا بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی دژ بە میللەتەکەی خۆی**

●●●

●●●

**یاسای نێودەوڵەتیش بایەخی خۆی دەبێت و لە مەسەلەی تاوان لە دژی کۆمەڵ ئیتر یاسا سنووری سیادی بۆ نابێت و (حەصانە) ش هەمان چەمکی جارانی نابێت**

●●●

# بۆچی بارزانی نەمر وەکوو خۆی ناخوێنینەوە؟!



فوئاد سدیق

مستەفا بارزانی هەر وا بە سانایی نەبووەتە باوکی کورد یا سەرۆکی رۆحی نەتەوەیی یا رەمزی خۆبەختکردن و گیانی بەرخودان و یەکبوونی گەلی کورد، زۆرن ئەوانەی لە مێژووی گەلانی دونیادا زۆر کەمتر لە بارزانیشیان بۆ میللەتەکەی خۆیان کردووە، کەچی نەك هەر بەرز راگیراون لە لایەن میللەتەکەیانەوە، بەڵکو چ سەرکردەکانی دوای ئەو هاتوون، چ میللەت خۆی، هەوڵیانداوە رۆحی ئەو سەرکردەیە بەوە زیندوو بکەنەوە کە پێڕەوی لە کردارو گوفتاری بکەن، پێڕەوی رێبازەکەی بن. ئەمەیان لەناو کورد بە سەرکردایەتی و بنکردایەتی نەتوانراوە تەواو پابەند بن بە ئەو میتۆدەی بارزانی نەمر کە بێ جیاوازی بۆ هەموانی رەنگرێژ کردو کردی بە میتۆدێك بۆ بەرەو سەرفرازی و پێشەوەچوون.

ئەوەی جێی نیگەرانییە ئەوەیە، هەموو گەلانی دونیا کاتێك پێڕەوی سەرکردەو رابەرە رووحییەکانیان دەکەنەوە، لە کاتی خۆیدا یادی دەکەنەوەو هەر لە کات و شوێنی خۆیشیدا میتۆدەکەی بەرز هەڵدەسەنگێنن، کەچی لەناو ئێمەی کورد زۆر بە پێچەوانەوەیە، هەموومان رۆژانە کە باس لە بارزانی نەمر دەکەین، بۆ ئەوە باس ناکەین کە لاپەڕە شاراوەکانی بارزانی هەڵدەینەوە (کە پێموایە هێشتا زۆر لاپەڕەی پڕشنگداری بارزانی ماون و هەڵنەدراونەتەوە)، بۆ ئەوە باس ناکەین جارێکی تر گەرمی و گوڕییەکی تر بە بەرگیانی خۆماندا بکەینەوەو، ئەمڕۆمان باشتر بکەین لە دوێنێمان و بنەمایەکیش بۆ سبەی بونیاد بنێین، یان هەڵەکانی دوێنێمان راست بکەینەوەو جارێکی دیکە بە باشترین شێوە خزمەتکاری میللەتی خۆمان بین، گرفتەکە لێرەوە دەست پێدەکات، ناڵێم هەر هەمووی چونکە لەناو هەموو شتێکدا ئیستیسنا لێرەو لەوێ هەیە، بەڵام ئیستیسنا کەمینەیەو ئێمە مەبەستمان لێرەدا زۆرینەیە، هەمووومان وێنەی بارزانی نەمر لە ژوورەکانماندا بە گەورەیی هەڵدەواسین، بەڵام لە لایەك بۆ ئەوەیە جۆرێك لە چاوبەستەیی دروست بکەین و زیاترماڵی حیزب و حکومەت بە فیڕۆ بدەین، لە لایەکی تریش بۆ ئەوەیە هەمیشە دڵسۆزی و وەلائی خۆمان تازە بکەینەوە،بێ ئەوەی رێبازەکە پەیڕەو بکەین. بەڵام ئەمەش سنووری هەیە، ئەوەتا خەڵك خەریکە بڕواو متمانەمان پێ ناکات کاتێ لە ژێر وێنەیەکی رازاوەو گەورەی بارزانی نەمر دەمانبینێ.واتا خەڵکە گشتییەکە باشتر لە خەڵکی حیزبی دەزانێ بارزانی نەمر چۆن هەموو ژیانی خۆی بۆ گەل تەرخان کردبوو، یەك رۆژ بەدوای ئارەزووە شەخسییەکانی خۆی نەچووە، لەبەر ئەوەیشە پێچەوانەی هەمووومانە.


ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر پێویستیمان بەتێگەیشتن لە میتۆدی بارزانی هەیە، نەك بەتەنها لە بواری سیاسیدا، بگرە لە بوارەکانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، هزری نەتەوەیی و پەروەردەیی و، ....هتد . بەڵام ئایا توانیومانە بارزانی نەمر وەکوو خۆی بخوێنینەوە؟ ئایا توانیومانە بەشێکی کەم لەو رێبازەی کە زیاتر لە نیو سەدەیە بۆی رەنگرێژ کردووین پیادەی بکەین؟ بۆچی هێشتا حەقیقەتی بارزانی لە ناخماندا چەکەرەی نەکردووە، مەگەر دەروێشی ئەم رێبازەی بارزانی نەمر نین؟بۆچی ئەوانەی هەمیشە باسی بارزانی نەمر دەکەن، زۆرترین گەندەڵی بەو ناوەوە دەکەن ؟ چما بارزانی بۆ ئەو رۆژە تێکۆشا تا خەڵك لە کارو کردەوەکانمان تووڕە بن؟ بۆچی ئێستا ناوەندێکی تۆژینەوەیی نییە تا جارێکی تر رووی راستەقینەی بارزانی نەمر بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان نیشانبداتەوەو سەرلەنوێ خۆمان پاك بکەینەوە؟ ئەی ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیمان بە پاکبوونەوە نییە؟ درێژەدان بە ڕێبازی بارزانی درێژەدانە بە لەخۆبوردوویی و خۆ نەویستی و خزمەتکردنی زیاتری خەڵك. ئیمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیمان بە خوێندنەوەو تێگەیشتنی پەیامەکانی بارزانی نەمر ە، بەڵام بە داخەوە لە قسەی رووت زیاتر، شتێکی گرنگی بۆ نەکراوە، ئاخر ئینتیمای هاووڵاتیبوون و ئینتیما بۆ نیشتیمان بە کەرەستەی سەقەت دروست نابێت.

هەندێك لەوانەی لەم چەند رۆژەی رابردوودا لە کەناڵەکانی رادیۆ و تی ڤی قسەیان لەسەر راپەڕین دەکرد، نەك هەر بەشداری راپەڕینیان نەکردبوو، بەڵکو بەعسییەکی زۆر پیس بوونەو هەمیشە چەپڵەیان بۆ تاوانەکانی بەعس لێداوە،کەچی تی ڤی یەکان ئەوانیان هێنابوو باس لە شکۆی راپەڕین بکات، ئاخرخەریکە رووی راپەڕینەکەشمان لێ قێزەون دەکرێ، بۆیە ئەم نموونەیەم هێنایەوە با بارزانی نەمریش وای لێ نەیەت تەنها گەندەڵەکان لە پێشەوە بن بۆ یادکردنەوەی بارزانی نەمرو قسەی قەڵەو قەڵەو فڕێدەدەن . با هەر هیچ نەبێت بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکانمان، بۆ نەتەوەکەمان رۆحێکی نوێتر وەبەر بارزانی نەمردا بکەینەوە، کە شایستەی ئەو سەرکردە ئەو رابەرە میللییە بێت. کە ئەوەی پێی کرا بۆ کورد و کوردستان، کردی.

لەساڵیادی لەدایکبوونی باوکی دامەزرێنەری بیری شۆرشی کوردستانیدا

# ئەگەر بارزان زێدی مستەفا بارزانی بێت سلێمانی زێدی رێبازی بارزانییە





●●●
**محەمەد(د. خ) کە لەسەرووی هەموو سیمبول و سەرکردەکانی جیهانەوەیە، ئەو رۆژە مێژووی دروستکرد کە بڕیاریدا لە(مەککە) وە کۆچ بکات بۆ (مەدینە)، کەواتە مێژووی کۆچیی، مێژووی بڕیاردانی بانگدانی ئیسلامە بە ئاشکرا و جیاوازی هەیە لەگەڵ رۆژی پێش ئەو بڕیارە، جیاوازیەکە ئەوەیە ئەو بڕیارە ئەو دووڕۆژە دەکاتە کۆتایی سەردەمێک و دەسپێکی سەردەمێکی نوێ**
●●●

(هەتا رۆژی ١٩٤٣/٧/١٢ ئەوەی هاوشانی بارزانی شەڕی کردبێت، هاوڵاتیەکی ناوچەی بارزان بووە لە پێناوی بارزاندا و لە خۆشەویستی بۆ بارزانی شەریکردووە، لەدوای ١٩٤٣/٧/١٢ ئەوەی هاوشانی بارزانی شۆڕشی کردووە، هاوڵاتیەکی کوردستانی بووە و لەبەر رۆشنایی رێبازی بارزانی خەباتی بۆ مافەکانی تێکرای گەلی کوردستان کردووە)

سەرکردەی کاریزما و سیمبولی نەتەوە و باوکانی دامەزرێنەر، ئەو رۆژانە لەدایکدەبن کە بڕیاری مێژوویی دەدەن، ئەو بڕیارە دەبێتە جیاکەرەوەی نێوان دوو سەردەم، دوو فیکر، دەبێتە جیاکردنەوەی نێوان دووناسنامە بۆ یەك مرۆڤ، پێشەوای موسڵمانان حەزرەتی محەمەد(د. خ) کە لەسەرووی هەموو سیمبول و سەرکردەکانی جیهانەوەیە، ئەو رۆژە مێژووی دروستکرد کە بڕیاریدا لە(مەککە) وە کۆچ بکات بۆ (مەدینە)، کەواتە مێژووی کۆچیی، مێژووی بڕیاردانی بانگدانی ئیسلامە بە ئاشکرا و جیاوازی هەیە لەگەڵ رۆژی پێش ئەو بڕیارە، جیاوازیەکە ئەوەیە ئەو بڕیارە ئەو دووڕۆژە دەکاتە کۆتایی سەردەمێك و دەسپێکی سەردەمێکی نوێ.

لە ئەمریکاش ئەو رۆژە گرنگە کە لە ئاهەنگێکی چا خواردنەوەدا لە بۆستن بڕیاردرا نابێت چیدیکە باج بدرێت بە بەریتانیا، ئەمە بووە پریشکی یەکەمی شۆڕشی ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی لە ساڵی ١٧٧٦ بەسەرکردایەتی جۆرج واشنتۆن.

دیگۆل ئەو رۆژە بووە پاڵەوانی نەتەوەیی و باوکی گەلی فەرەنسا کە ساڵی ١٩٤٠ دەستەواژەی فەرەنسای ئازادی داهێنا و بانگەوازی پریشکی بەرگری داگیرکاری وەك پەیامی رادیۆی لە لەندەنەوە بۆ پاریس دەناردەوە. مەهاتما گاندی ئەو رۆژە وەك باوکی هیندستان لەدایك بوو کە لەساڵی ١٩١٥ بڕیاریدا لە باشووری ئەفریقیاوە بگەڕێتەوە بۆ هیندستان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا باوکی دامەزرێنەری بیری شۆڕشی کوردستان بارزانی مستەفا کەی وەك باوك و سیمبولی کورد لە دایکبوو، بێگومان کە لە سلێمانی لە ١٢ /١٩٤٣/٧ بڕیاری دا بێدەنگی کۆتایی بێت، بڕیاریدا ناوچەگەری بەس بێت، بڕیاریدا کوردستان نیشتمانی هەموانە و دەبێت هەموو پێکەوە خەبات بۆ رزگاری و سەرفرازی کوردستان بکەین، کەواتە پێش ١٩٤٣/٧/١٢ شۆڕش هەبووە، بەڵام شۆڕشەکان بەرنامەیەکی ناوچەگەرێتیان هەبووە و سەرانسەری نەبووە، پێش ئەو رۆژە پارتی سیاسیی و تێکۆشەری زۆر گەورە هەبووە، بەڵام خاوەنی شۆڕشێك نەبووین، پێش ئەو رۆژە بارزانی موستەفا سەرکردەیەکی ناوچەی بارزان بووە، بەڵام دوای ئەو رۆژە سیمبولی نەتەوە و باوکی دامەزرێنەری بیری شۆڕشی کوردستانی بووە، توانی سەرتاسەری کوردستان پێکەوە گرێبداتەوە و بەرنامەیەکی سەرتاسەری پیادەبکات، هەربۆیە تێکرای سیمبول و پاڵەوانانی نەتەوەیی و باوکانی دامەزرێنەر خاوەنی ٢ مێژووی لەدایك بوونن، یەکەمیان مێژووی لە دایك بوونێکن وەك مرۆڤ، دووەمیان مێژووی لە دایکبوونێکن بەڵام وەك باوکی دامەزرێنەر، پاڵەوانی نەتەوەیی، سیمبول. . هتد. بەڵام ئەوەی دەبێت ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە، رۆژی لەدایکبوونی وەك مرۆڤ ئیلهام لە رۆژی لەدایك بوونی وەك سیمبول و باوکی نەتەوە وەردەگرێت وەهەربۆیە ئەگەر فرجینیا شانازی بە زێدی جۆرج واشنتۆن وەك مرۆڤ بکات، ئەوا بۆستن شانازی بە بڕیاری ئاهەنگێڕانی چاخواردنەوە دەکات کە تیایدا بڕیاردرا (باجدان بێ نوێنەرایەتی نییە)، کەواتە ئەگەر هەولێر و بارزان شانازی بەوە بکەن کە زێدی بارزانی مستەفان وەك مرۆڤ، ئەوا سلێمانی هەقیەتی شانازی بە خۆی بکات بەزێدی لە دایکبوونی بارزانی وەك باوکی کورد.

## رێبازی بارزانی
## کۆتایی سەردەمێک و دەسپێکی سەردەمێکی نوێ

وینستۆن چەرچل لە یاداشتنامەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی شەڕی نێوان گەلان بووە، گەلێك بەتەواوەتی ویستویەتی گەلەکەی دیکە لە ناو ببات، هەربۆ نموونە کاتێك هیتلەر هۆلۆکۆستی دروستکرد، مەبەستی ئەوە بوو گەلی جوولەکە لە سەر زەوی بسڕێتەوە، کاتێك هێرشی دەکردە سەر رووسیا سیاسەتی سووتماك ی پیادە دەکرد، کاتێك هێرشی دەکردە سەر فەرەنسا دەیویست پاریس لەسەر نەخشە بسڕێتەوە، کاتێك بۆردوومانی سەختی لەندەنی دەکرد دەیویست شارستانیەتی ئەنگلۆسەکسۆنی بسڕێتەوە، لەبەرامبەریشدا کاتێك

●●●
**لە ئەمریکاش ئەو رۆژە گرنگە کە لە ئاهەنگێکی چا خواردنەوەدا لە بۆستن بڕیاردرا نابێت چیدیکە باج بدرێت بە بەریتانیا، ئەمە بووە پریشکی یەکەمی شۆڕشی ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی لە ساڵی ١٧٧٦ بەسەرکردایەتی جۆرج واشنتۆن**
●●●



سـۆڤیەت بەرلینی بۆردومان دەکرد، مەبەستی بوو بەرلین لەسەر نەخشە هەڵگرێ، شەڕ کۆتایی هاتبوو کە ئەمریکا هێرشی کردە سەر یابان و هەردوو شاری هیرۆشیما و ناکازاکی بە بۆمبی نیوکلیاری تەختکرد.

لەم سەردەمەدا کە مۆدێلی شەڕ و رووبەڕووبوونەوە، مۆدێلی ئەوەبووە، شەڕ بە تەنها لەگەڵ دەسەڵاتی حوکمڕان نەبووە، بەڵکو لەگەڵ هەموو گەلی ئەو وڵاتە بووە، بارزانی هات ئەم چەمکە دوژمنکارییەی بە تەواوی گۆڕی و فەرمووی شۆڕشی رەوای کوردستان لەبەرانبەر رژێمی داگیرکەری عێراق ە، نەك لەگەڵ نەتەوەی عەرەب. ئەمە یەکەمجاربوو پەیامێك ئاراستەی گەلی بەرامبەر بکرێت و راشکاوانە پێیان بگوترێت راستە ئەو رژێمەی ئێمە شەڕی لەگەڵ دەکەین بە زمانی عەرەبی قسە دەکات بەڵام شەڕی ئێمە لەگەڵ گەلی عەرەب نییە.

کەواتە رۆژی ١٩٤٣/٧/١٢ کە مستەفا بارزانی بڕیاریدا سلێمانی بەجێبهێڵێت وبەرەو ئێران بڕوات و لەوێشەوە بگەڕێتەوە بۆ بارزان بۆ داگیرساندنەوەی شۆڕش. هەر لەساڵی ١٩٤٣ و پاش گەیشتنەوەی بۆ بارزان و دەستپێکی شۆرشی بارزان دەبینین گوتاری بارزانی ئەو فاسلەیە کە دوو قۆناخ لێك جیادەکاتەوە، لە ناو قۆناخی شەڕی گەلاندا پەیامی برایەتی نێوان گەلان ئاراستەی جیهان و گەلی عەرەب دەکات، سەیرکەن ئەم چەند وشەیە پەیامەکەی مستەفا بارزانی یە:(من هەرگیز شەری گەلی عێراقم نەکردووە و ناشیکەم، من خۆم بە یەکێك لەو گەلە دەزانم، خەباتی ئێمە دژی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانیەتی، دژی ئەوانەیە کە خوێنی گەلی عێراق دەمژن و بەرژەوەندی گەل و سەروەری نیشتمانیان خستۆتە ژێرپێیانەوە) ئەم چەند وشەیە بۆتە جیاکەرەوەی نێوان دوو قۆناخ، قۆناخێك کە گەلی عەرەبی لە عێراق شۆڕشی کوردی وەك شەری کورد وعەرەب سەیرکردووە و قۆناخی دوای ئەو پەیامە دەبینین قۆناخی برایەتی کورد وعەرەبە و گەلی عەرەب تێکەڵی ئەو رژێمە شۆڤێنیە نەکراوە کە بەزمانی عەرەبی قسە دەکات، سەیر کەن ئەو پەیامەی مستەفا بارزانی چ کاریگەرییەکی لەدوای خۆی دروستکردووە:

١- لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ لە گۆڤاری (الهلال) عەبدولرەحمان عەزام پاشا چۆن وەڵامی ئەم پەیامەی مستەفابارزانی داوەتەوە: (پێویستە لەسەرمان بایەخی زیاتر بە براکوردەکانمان لە عێراق بدەین، خۆشەویستی وڕێزم بۆ کوردەکانی عێراق، هاوتای رێز وخۆشەویستیمە بۆ گەلەکەم)

٢- ئەم پەیامە رێگەی لەوە گرت رژێمی پادشایەتی لە عێراق، کورد وەك دوژمنی عەرەب پیشانبدا، بۆیە لە شۆڕشی بارزاندا بۆیەکەم جار لە مێژووی عێراقدا، حکومەتی پادشایەتی عێراق وتوێژی سیاسیی بە مەبەستی گەیشتن بە رێککەوتنێکی لەسەر پرسی مافەکانی کورد لە عێراقدا کردووە، لەگەڵ بارزانی و سەرکردایەتی شۆرشی بارزاندا وتو وێژ و دانوستاندنی دەستپێکردووە، لەم وتوێژ و دانوستانانەشدا لە زاخۆ تا خانەقین بە کەرکوکیشەوە بەرنامەی ئەو دانوستانە بووە، ئەگەر هەندێك وردەکاری لەبەر چاو نەگرین، هێڵە گشتیەکانی ئەو رەشنووسەی لیژنەی ئازادی بۆ رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی پادشایەتی عێراق دانوستاندنی لەسەر کردووە، زۆر جیاوازی نییە لەو مافانەی کە دوای نیوسەدە، لە ٢٠٠٥ لە دەستووری عێراقدا چەسپێنراون. کەواتە پێش شۆرشی بارزان و دامەزراندنی لیژنەی ئازادی دیپلۆماسیەتی دانوستاندنی شۆرشی کوردستان بوونی نەبووە و بۆ یەکەمجاربووە زمانی دیالۆگ ودانوستاندن ببێتە بەشێك لە خەباتی سیاسیی بۆ دابینکردنی مافەکانی گەلی کوردستان.

٣- دوای شۆرشی بارزان و بەشداری مستەفا بارزانی لە کۆماری کوردستان و پاشان کاروانە مێژووییەکەی بۆ سۆڤیەت، ئەو پەیامە بووە هۆکاری دروستبوونی پەیوەندی نێوان بارزانی و عەبدولناسر و کردنەوەی یەکەم رادیۆی کوردی لە قاهیرە. رادێوی قاهیرە یەکەم وێستگەی وەرچەرخانی دانپێدانانی سەرۆکی کاریزمای نەتەوەی عەرەبە بە بوونی کورد وەك گەلێکی جیاواز لە ناو خاکیدا کە بەشێکی لکێنراوە بە نیشتمانی عەرەبەوە.

٤- ئەو پێشوازیەی لە فرۆکەخانەی موسەنا لە ١٩٥٨/١٠/٦ لە بارزانی کرا دوای گەڕانەوەی لە سۆڤیەت و ئەو دروشمانەی

●●●

**دیگۆل ئەو رۆژە بووە پاڵەوانی نەتەوەیی و باوکی گەلی فەرەنسا کە ساڵی ١٩٤٠ دەستەواژەی فەرەنسای ئازادی داهێنا و بانگەوازی پریشکی بەرگری داگیرکاری وەک پەیامی رادیۆی لە لەندەنەوە بۆ پاریس دەناردەوە**

●●●

●●●

**مەهاتما گاندی ئەو رۆژە وەک باوکی هیندستان لەدایک بوو کە لەساڵی ١٩١٥ بڕیاریدا لە باشووری ئەفریقیاوە بگەڕێتەوە بۆ هیندستان**

●●●

●●●

**پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا باوکی دامەزرێنەری بیری شۆڕشی کوردستان بارزانی مستەفا کەی وەک باوک و سیمبولی کورد لە دایکبوو، بێگومان کە لە سلێمانی لە ١٢ /١٩٤٣/٧ بڕیاری دا بێدەنگی کۆتایی بێت، بڕیاریدا ناوچەگەری بەس بێت، بڕیاریدا کوردستان نیشتمانی هەموانە و دەبێت هەموو پێکەوە خەبات بۆ رزگاری و سەرفرازی کوردستان بکەین**

●●●

●●●

**ئەگەر فرجینیا شانازی بە زێدی جۆرج واشنتۆن وەک مرۆڤ بکات، ئەوا بۆستن شانازی بە بڕیاری ئاهەنگێرانی چاخواردنەوە دەکات کە تیایدا بڕیاردرا (باجدان بێ نوێنەرایەتی نییە**

●●●

پێش ١٩٤٣/٧/١٢ شۆڕش هەبووە، بەڵام شۆڕشەكان بەرنامەیەكی ناوچەگەرێتیان هەبووە و سەرانسەری نەبووە، پێش ئەو رۆژە پارتی سیاسیی و تێكۆشەری زۆر گەورە هەبووە، بەڵام خاوەنی شۆڕشێك نەبووین، پێش ئەو رۆژە بارزانی موستەفا سەركردەیەكی ناوچەی بارزان بووە، بەڵام دوای ئەو رۆژە سیمبولی نەتەوە و باوكی دامەزرێنەری بیری شۆڕشی كوردستانی بووە، توانی سەرتاسەری كوردستان پێكەوە گرێبداتەوە و بەرنامەیەكی سەرتاسەری پیادەبكات



بۆ پێشوازی ئامادەكرابوون بە زمانی عەرەبی نووسرابوو(بارزانی اهــلا بیك. . . . . شــعب العراق یحیك)، ئەم پێشــوازییە وەك ســەركردەیەكی كورد بەڵام پاڵەوانــی رزگاركاری عێراق بووە و لەماوە ٥١ ســاڵی رابردوودا بێجگە لە بارزانی مستەفا بۆ هیچ سەركردەیەكی دیكەی كورد نەكراوە و مەزەندەش ناكرێت بۆ هیچ كەسێكی دیكە دووبارە بێتەوە.

• لە شۆرشــی ئەیلولدا پەیامی برایەتی كورد وعەرەب (لەگەڵ ئەوەی بەعســیەكان هەوڵیاندا جارێكی دیكە ئەم برایەتیە بگۆڕن بە دوژمنایەتــی كورد وعەرەب، بــەڵام نەیانتوانی )زیاتر خۆی چەســپاند بۆیە رژێمی عێراقی ئەو كات هەوڵیدا گەلی عەرەبی عێراق بە رێگای بەكارهێنانی ئایین و دەركردنی فەتوای شەرعی بــكات بە دوژمنی گەلی كورد و شۆرشــی كوردســتان، بەڵام سەماحەتی ئایەتوڵڵا موحســین حەكیم ئەم داوایەی رەتكردەوە، رەتكردنــەوەی ئەم داوایــەی رژێمی عێراق لەلایەن موحســین حەكیمەوە، هێندەی دیكە پەیامەكەی ســاڵی ١٩٤٣ ی بارزانی مستەفای كردە بەرنامەی برایەتی كورد و عەرەب لە عێراقدا و، شۆڕشی ئەیول بووە پەناگەی ئارامی بۆ تەواوی شۆڕشگێرەكانی عێراق بە جیاوازی مەزهەب و ئایدیۆلۆژیای سیاسیشیانەوە، ئەمە متمانەی لە نێوان هەردوو گەلی برای لە عێراقدا دروســتكرد و دروشــمی (اهلا بیك بارزانی. . . . . شــعب العراق یحییك) لە رێككەوتنی ئاداری ١٩٧٠ی گۆڕی بۆ دروشمێكی تێكەڵاو بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی بۆ سەرەتای خەباتی هاوبەشی كــورد و عەرەب لە عێراقــدا بۆ رزگاربوون لــە دیكتاتۆری و دروشــمەكەش بریتی بوو لە (هەربژی كورد و عەرەب. . . رمز النچال)، ئەم هاوخەباتیەی كورد و عەرەب و هاوسۆزی عەرەبی عێراق بۆ شــەرعیەتی شۆڕشی كوردســتان بە رابەری بارزانی نەمر، بەجۆرێك رژێمی بەكر و ســەدامی دەستەوەســتان كردبوو، كە بیر لە كاری تیرۆریســتی و تەنازولكردن بۆ بێگانە بۆ ئەوەی شۆرشی كوردستان و شەخسی بارزانی نەمر لە ناو ببەن:

- رژێمــی بەعس دەیزانــی بارزانی نەمر رێز لە ســەرۆك هۆز و پیاوماقولانــی عەرەبی عێراق دەگرێت و ئامادەیە پێشــوازیان لێبكات، بۆیە رژێمی بەعس چەند پیاو ماقوول و پیاوانی عەرەبی عێراقی ئیســتغلال كرد بۆ ئەوەی لەو كاتــەی لەگەڵ بارزانی نەمــر كۆدەبنەوە، ئەوانیش وبارزانیش تیرۆر بكات، توانیان لە ناو بــارەگای بارزانی و لە كاتــی میوانداریكردنی ئەواندا ئەم كارە بكەن، بەڵام بارزانی نەمر سەلامەت دەرچوو.

- كە رژێمی بەعس لەم هەوڵەی ســەرنەكەوت، بیری لەوە كردەوە كە تەنازول بۆ ئێرانی شاهنشای بكات و واز لە بەشێك لە خاكی عێراقیش بهێنێت بۆ ئەوەی شۆڕشــی كوردســتان تێكبشكێنێت، رژێمی بەعس و ســەدامی دیكتاتۆر توانیــان ئەمەش بكەن و نسكۆ بەسەر شۆڕشی كوردا بهێنن، بەڵام نەیتوانی برایەتی كورد وعەرەب لە عێراقدا بگۆرێت بۆ دوژمنایەتی، سەدامی دیكتاتۆر ئەم تەنازولكردنەی بۆ بێگانە هێندە سەرخۆشی كردبوو، بە ئاشكرا دەیگوت (دارخورما لەســەر چیاكان برِوێــن. . جارێكی دیكە پێشــمەرگە لە چیاكان دروســت نابنەوە) بەڵام نەك هەر شۆڕش پاش ماوەیەكی كەم دەســتی پێكردەوە، بەڵكو دەنگی كوردستانی

تێكرای سیمبول و پاڵەوانانی نەتەوەیی و باوكانی دامەزرێنەر خاوەنی ٢ مێژووی لەدایك بوونن، یەكەمیان مێژووی لە دایك بوونێكن وەك مرۆڤ، دووەمیان مێژووی لە دایكبوونن بەڵام وەك باوكی دامەزرێنەر، پاڵەوانی نەتەوەیی، سیمبول

بارزانی هات ئەم چەمكە دوژمنكارییەی بە تەواوی گۆڕی و فەرمووی شۆڕشی رەوای كوردستان لەبەرانبەر رژێمی داگیركەری عێراق ە، نەك لەگەڵ نەتەوەی عەرەب



عێراقیش سەرلەنوێ پەیامی ڕێبازی بارزانی بەسەرتاسەری عێراق گەیاندەوە و لەیەکەم وتاری دووبارە دەستپێکردنەوەی رادێوی دەنگی کوردستانی عێراقدا، ئەو پەیامە بوو (بەڵێ دارخورما لە چیاکان ناڕوێن، . . بەڵام ئەوە دەنگی پێشـــمەرگەکانی ڕێبازی بارزانیە لە سەر چیاکانی کوردســـتانەوە – ئەم وشانە دەقی پەیامەکەی رادیۆی دەنگی کوردســـتانی عێراق نییـــە، مەفهومەکەیەتی، گوڵان، -)، بۆ ئێستاش ئەوە ئەرکی ئێمەیە ئەم پەیامە لە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بگەیەنین و پێیان بڵێین کە ئێســـتاش سوورین لەســـەر ئەوەی تەنها بەم ڕێگایە، ڕێگەی برایەتی نێوان کورد و عەرەب و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی کورد وعەرەب وتەواوی نەتـــەوە و ئایینە جیاوازەکانی دیکـــە عێراقی نوێ بونیادەنرێتەوە و عێـــراق دەبێتە ئەو بەهەشـــتەی هەموو پێکـــەوە تیایدا بژین.، مانای ئەوەیە ڕێگەی دیکە (تیرۆر، کوشتن، کاولکاری، تەنانەت تەنازولکـــردن بۆ بێگانەش) هەموویان تاقیکراونەتەوە، بەڵام هیچ ئاکامێکـــی نەبووە، ئـــەو پەیامەی بارزانی نەمـــر کە ئەو کات ئاراستەی گەلی عەرەبی کردووە، ئێستا ئاراستەی گەلی فارس وتورکیشـــی دەکەین، سەیرکەن زۆر لەســـەرکردەی بزووتنەوەکانی دیکەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردســـتان وەك کاردانەوەی نەتەوەی سەردەســـت ناچاربوون دەســـتبەرداری ئەم پەیامە بن، بەڵام ئێستا دەبینن، ئەم پەیامە تەنها ڕێگەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تێکرای رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، ئەمە دەقا ودەق وەك ئەو دوو وشـــەیە کە دەڵێت (بـــاج نادەین بەبێ نوینەرایەتی ) ئەمە پەیامی باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکایە بۆ رزگاربوون لە ئیمپریالیزمـــی بەریتانیا لە وڵاتەکەیان، بەڵام ئەم پەیامە ئێســـتا بناخەی دیموکراتی لیبرالیە لە جیهاندا، ئێستا هەموو مرۆڤایەتی گەیشتۆتە قەناعەت ئەگەر سیستەمی باجدان نەبوو واتە پەرلەمان هەشـــبێت لاشـــەکەی بێگیانە، باجدان نەبێت گەل فەرمانبەری حکومەتە، نوێنەرانی گەل دەبنە فەرمانبەری حکومەت، ناتوانن چاودێری حکومـــەت بکەن، کە حکومەتیـــش چاودێری نەکرا، ئایندەی ئازادی و سیســـتەمی لیبرالیزم دەکەوێتە مەترســـیەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا پەیامەکەی بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣ کە شەڕی نێوان گەلان دەگۆڕێت بۆ برایەتی نێوان گەلانی ناوچەکە وخەباتی هاوبەش بۆ ئازادی، بۆ ســـەقامگیرکردنی رۆژهەڵاتی ناوەراســـت و ئایندەی پێکەوەژیانی ســـەرجەم گەلانی ناوچەکە، هێندەی پەیامەکەی جۆرج واشنتۆن بۆ ئازادی و پارێزگاریکردن لە سیســـتەمی لیبرالیزم گرنگ نییە؟ ئایـــا بەبێ گەڕانەوە بۆ پەیامەکەی بارزانی، سوود لێوەرگرتنی بۆ برایەتی نێوان عەرەب و جوولەکە، ئایا کێشەی فەلەستین وئیسرائیل، عەرەب وئیسرائیل چارەسەر دەکرێت ؟ ئایا بەبێ داننان بە برایەتی عەرەب و بەربەر ئایا کێشـــەکانی باکووری ئەفریقیا چارەسەر دەکرێت ؟ بێگومان وەڵامی هەموو ئەمانە مێژوو پێمان دەڵێت نەخێر، ئەوە ٦١ ســـاڵە عەرەب شـــەر لەگەڵ ئیسرائیل دەکات، بەڵام ئێستا دوژمنایەتی عەرەب و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ زیاترە.، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەوان ســـەرکردەیەکی وەك بارزانیان نەبووە کە ئاشتی و برایەتی بکاتە بنەمای چارەســـەرکردنی کێشـــەکان، بۆیە ئەگەر سەیری مێژووی شەر وئاشتی نێوان عەرەب وئیسرائیل بکەین، دەبینین

●●●

**وینستۆن چەرچل لە یاداشتنامەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی شەڕی نێوان گەلان بووە، گەلێک بەتەواوەتی ویستویەتی گەلەکەی دیکە لە ناو ببات،کاتێک هیتلەر هۆلۆکۆستی دروستکرد، مەبەستی ئەوە بوو گەلی جوولەکە لە سەر زەوی بسڕێتەوە، کاتێک هێرشی دەکردە سەر رووسیا سیاسەتی سووتماک ی پیادە دەکرد، کاتێک هێرشی دەکردە سەر فەرەنسا دەیویست پاریس لەسەر نەخشە بسڕێتەوە، کاتێک بۆردوومانی سەختی لەندەنی دەکرد دەیویست شارستانیەتی ئەنگلۆسەکسۆنی بسڕێتەوە، لەبەرامبەریشدا کاتێک سۆڤیەت بەرلینی بۆردومان دەکرد، مەبەستی بوو بەرلین لەسەر نەخشە هەڵگرێ، شەڕ کۆتایی هاتبوو کە ئەمریکا هێرشی کردە سەر یابان و هەردوو شاری هیرۆشیما و ناکازاکی بە بۆمبی نیوکلیاری تەختکرد**

●●●

●●●

**رۆژی ١٩٤٣/٧/١٢ کە مستەفا بارزانی بڕیاریدا سلێمانی بەجێبهێڵێت وبەرەو ئێران بڕوات و لەوێشەوە بگەڕێتەوە بۆ بارزان بۆ داگیرساندنەوەی شۆڕش. هەر لە ساڵی ١٩٤٣ و پاش گەیشتنەوەی بۆ بارزان و دەستپێکی شۆڕشی بارزان دەبینین گوتاری بارزانی ئەو فاسلەیە کە دوو قۆناخ لێک جیادەکاتەوە**

●●●



ڕێککەوتن و ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان تاکتیکە نەك ستراتیژ، بێگومان لە هەردوو لاوە، عەرەبیش وئیسرائیلیش، بەڵام مستەفا بارزانی ڕێبازی بارزانی لەسەر بنەمای ئاشتی و ئازادی و پێکەوە ژیان دروستکرد و گەلی کوردستانیشی بەو ڕێبازە پەروەردەکرد، کە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان سەرکەوتنە، نەك چارەسەری توندوتیژی و بەرەکانی شەڕ.

## ڕێبازی بارزانی و لەدایک بوونی بیری نەتەوەیی کورد

ناسیونالیزم و قەومیەت، کە بەداخەوە زۆرجار نووسەر و ڕووناکبیرانی کورد وەك فەنتازیا لەبری بیری نەتەوەیی کورد لە نووسینەکانیاندا ئاماژەی پێدەکەن، نە ناسیونالیزمی ڕۆژئاوایە بەرگی نیشتمان و نیشتمان پەروەری بەبەردا بکرێت و نە قەومیەتی عەرەبیشە بە ئایینی ئیسلام بشاردرێتەوە، بەڵکو بیری نەتەوەیی لە ڕێبازی بارزانیدا ئەو فاکتەرەبوو پێویستی گۆڕانی لە ناخی تاکی کورد و لەو چەمکانەشدا دروستکرد کە پێشتر کورد بە وەرگیراوی پیادەی دەکردن، ڕێبازی بارزانی توانی ئەو پێویستی شۆڕش لەگەل دەستپێکی شۆڕشی دووەمی بارزان لە ڕووداوێکی بەرەنگاربوونەوەی چەکداریەوە بگۆڕێت بۆ لەدایکبوونی بیرێك کە پێشتر بوونی نەبووە، بووە هۆکاری دروستبوونی گوتارێك کە لەمێژووی کوردا هەتا ئەو ساتە لەدایك نەبووبوو. جیاوازی بیری نەتەوەیی کورد لە ڕێبازی بارزانیدا لەگەل چەمکی ناسیۆنالیزم و قەومیەی عەرەبی بریتیە لە:

١- بیری نەتەوەیی کورد لە ڕێبازی بارزانیدا بەو مانایە نییە ئەوەی لە کوردستاندا بژی دەبێت بکرێت بەکورد و ئەوەی غەیرە کورد بێت، لە کوردستاندا بوونی نەمێنێت، بۆیە دەبێت ناسنامەیان لە تورکمان و عەرەب و کلدوئاشووریەوە بکرێت بەکورد، نەخێر بیری نەتەوەیی لە ڕێبازی بارزانیدا پاراستنی جیاوازیەکانی کوردستانە بە زمان و نەتەوە و ئاینەکانیەوە، بۆیە کاتێك بەڕێز مسعود بارزانی دەڵیت: (ناسنامەی نەتەوە بریتی نییە لە قەوارەی نەتەوە، نەتەوە هەر نەتەوەیە و نابێت وشەی کەمایەتی بۆ هیچ نەتەوەیەك لە کوردستاندا بەکار نەهێنرێت)، ئەمە نەریتێکی جیهانی نییە بەوەی وشەی (الاقلیە یان Minority) کە واتای کەمینەیە لە فەرهەنگی سیاسیدا نەمابێت، ئێستاش لەناوەندەکانی توێژینەوەی عەرەبی و جیهانی لەسەر کورد دەنووسرێت، وەك کەمینەیەك لە عێراق یان ئێران یان سوریا یان تورکیا ئاماژەی پێدەکرێت، کەواتە مسعود بارزانی وەك سەرۆکی کوردستان ئەم لۆژیکە لە ئامۆژگایەکی سیاسیی یان وەك کولتوورێك لە ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوا و قەومیەی عەرەبی وەرنەگرتووە، بەڵکو ئەوەی جیاوازی لە گوتاری سەرۆك مسعود بارزانیدا دروستکردووە ڕێبازی بارزانییە، بۆیە هیچ مەعریفەیەك ناتوانێت ئەم بیری نەتەوەییە بە ناسیۆنالیزم و قەومیەی عەرەبی بەراورد بکات، لەوانەیە پێمان بڵێن ئێستا لە ڕۆژئاوا کەمینە لەگەڵ زۆرینە یەکسانە، لەوەڵامدا بەو بەرێزانە دەڵێین بچن دوا کتێبی هنتگتن (ئێمە کێن ؟) بخوێنەوە کە ٢ ساڵ دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر نووسیویەتی ئاماژە بەوە دەکات هۆکاری ١١ی سێپتەمبەر نووسیویەتی ئەوەیە ئێمە خۆمان لێتیکچووە نازانیین کێین، نازانین ئێمە ئەمریکین و بەشێکین لە ئەنگلۆ سەکسۆن،

●●●
**ئەم چەند وشەیە پەیامەکەی مستەفا بارزانی یە:(من هەرگیز شەری گەلی عێراقم نەکردووە و ناشیکەم، من خۆم بە یەکێک لەو گەلە دەزانم، خەباتی ئێمە دژی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانیەتی، دژی ئەوانەیە کە خوێنی گەلی عێراق دەمژن و بەرژەوەندی گەل و سەروەری نیشتمانیان خستۆتە ژێرپێیانەوە)**
●●●

●●●
**ئەگەر هەندێک وردەکاری لەبەر چاو نەگرین، هێڵە گشتیەکانی ئەو ڕەشنووسەی لیژنەی ئازادی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی پادشایەتی عێراق دانوستاندنی لەسەر کردووە، زۆر جیاوازی نییە لەو مافانەی کە دوای نیوسەدە، لە ٢٠٠٥ لە دەستووری عێراقدا چەسپێنراون.**
●●●

●●●
**شۆرشی بارزان و بەشداری مستەفا بارزانی لە کۆماری کوردستان و پاشان کاروانە مێژووییەکەی بۆ سۆڤیەت، ئەو پەیامە بووە هۆکاری دروستبوونی پەیوەندی نێوان بارزانی و عەبدولناسر و کردنەوەی یەکەم رادیۆی کوردی لە قاهیرە**
●●●



هنتگتن ئەوەی پێی قبوڵ ناکرێت زمانی ئیسپانی هاوشانی زمانی ئینگلیزی بێت لە ئەمریکا، بەڵام هەموومان لە کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٢ حەماسی برا تورکمانەکانی کوردستانمان بینی بۆ تیپی تورکیا لەبەرامبەر تیپی بەرزایل (زۆربەی کورد هاندەری تیپی بەرازیلە) واتە وەك ئەوە بوو تیپی بەرازیل تیپێکی کوردی بێت و لەبەرامبەر تورکیا یاری بکات و یاریەکەش تارادەیەکی زۆر هاوسەنگ بوو، واتە بواری ئەوە هەبوو برا تورکمانەکان ئەو پەڕی سۆزی خۆیان بۆ تیپی تورکیا دەربڕن، بەڵام نەك ڕۆشنبیر، کۆلکە خویندەوارێکی کوردیش نەینووسی هاندانی تورکمانەکانی کوردستان بۆ تیپی تورکیا هەڕەشەیە بۆ سەر ئازادی کوردستان، بەڵام هنتگتن هاندانی ئیسپانیایەکانی ئەمریکا بۆ تیپی مەکسیك بە هەڕەشە بۆ سەر ئایندەی ئەنگلۆسەکسۆن دەزانێت نەك تەنها زمانی ئینگلیزی لە ئەمریکا.

٢- کاتێك نێچیرڤان بارزانی لە ساڵی ٢٠٠٦ پەرلەمان رایسپارد حکومەت پێکبهێنێت و بەرنامە بۆ حکومەتەکەی دابڕێژێت، سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی حکومەت لەگەڵ ناوچە دابڕاوەکان دەڵێت: ئێمە دەمانەوێت ئەم کێشەیە بە ئاشتی و بە دەستوور و بە پارێزگاریکردن لە مافەکانی مافی مرۆڤ چارەسەر بکەین) ئەم لۆژیکە لە ئەزموونی جیهانی فێرنەبووە، لەبەر ئەوەی هەتا ئێستاش لۆژیکی باوی نێودەوڵەتی بە ئەمریکاشەوە لۆژیکی هاوبەشی مانۆری هێز و دیپلۆماتیەتە، نێچیرڤان بارزانی ئەگەر سەیری لۆژیکی بۆشی بکردایە دەبوایە بڵێت، ئەوەی بروای بە کوردستانیەتی ئەو ناوچە دابراوانە نەبێت (دوژمنی کوردە) لەبەر ئەوەی بۆش دوای کارەساتی سێپتەمبەر گوتی ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت دوژمنمانە، یان ئەگەر سەیری لۆژیکی دەوربەری بکردایە بۆ نموونە ئێران دەبوو ئەویش بیر لە دروستکردنی نیوکلیاری بکاتەوە، نەك ئاشتی و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و چارەسەری دەستووری و یاسایی. کاتێك نێچیرڤان بارزانی پەیامی خۆی ئاراستەی جیهان وتورکیا دەکات و دەڵێت: کێشەی پەکەکە بە هێزی سەربازی چارەسەر ناکرێت و دەبێت کێشەی کورد لە تورکیا بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، دەبینین ئەم شێوازی قسەکردنە شێوازی سەرۆك حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست نییە، شێوازی سەرۆك حکومەتەکانی ڕۆژهەڵات شێوازی تورکیایە کاتێك بە سوریای سەردەمی حافز ئەسەدی گووت: ئەگەر ئۆجەلان لەماوەی چەند ڕۆژێکی دیکە سوریا بە جێنەهێڵێت ئەوا سوریا لەسەر نەخشە دەسڕمەوە، شێوازی ئیسرائیلە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لە کێشەی حەماس و فەلەستین، شێوازی ئەحمەدی نەژاردە بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردنە لەگەڵ ئیسرائیل و سرینەوەیە لەسەر نەخشە، پرسیار ئەوەیە ئایا حوسنی موبارەك کە ئێستا لەرووی سیاسیەوە وەك سەرۆکی نەتەوەی عەرەب سەیر دەکرێت، ئایا توانی لەکاتی شەڕی ئەم دواییە نێوان حەماس و ئیسرائیل پەیامێکی هاوشێوەی پەیامەکەی نێچیرڤان بارزانی کە ئاراستەی پەکەکە و تورکیای کردبوو بکات؟، هەربۆیە بڕوابوون بە ئاشتی، بەیەکسانی نێوان نەتەوەکان، لە ڕێبازی بارزانیدا کولتوورێکی جیاوازە لە کولتوورەکانی ڕۆژئاوادا، هەر ئەم ڕێبازەشە جیاوازی لە گوتاری نێچیرڤان بارزانی لە حکومەت و لەپەیوەندی ئیقلمی

●●●

**رادیۆی قاهیرە یەکەم وێستگەی وەرچەرخانی دانپێدانانی سەرۆکی کاریزمای نەتەوەی عەرەبە بە بوونی کورد وەک گەلێکی جیاواز لە ناو خاکیدا کە بەشێکی لکێنراوە بە نیشتمانی عەرەبەوە**

●●●

●●●

**ئەو پێشوازیەی لە فرۆکەخانەی موسەنا لە ١٩٥٨/١٠/٦ لە بارزانی کرا دوای گەڕانەوەی لە سۆڤیەت و ئەو دروشمانەی بۆ پێشوازی ئامادەکرابوون بە زمانی عەرەبی نووسرابوو(بارزانی اهلا بیک. . . . . شعب العراق یحیک)، ئەم پێشوازییە وەک سەرکردەیەکی کورد بەڵام پاڵەوانی رزگارکاری عێراق بووە و لەماوە ٥١ ساڵی رابردوودا بێجگە لە بارزانی مستەفا بۆ هیچ سەرکردەیەکی دیکەی کورد نەکراوە و مەزەندەش ناکرێت بۆ هیچ کەسێکی دیکە دووبارە بێتەوە**

●●●

●●●

**بەڵێ دارخورما لە چیاکان ناڕوێن، . . بەڵام ئەوە دەنگی پێشمەرگەکانی ڕێبازی بارزانیە لە سەر چیاکانی کوردستانەوە**

●●●



و نێودەوڵەتیەکانیدا دروستکردووە.

٣- ڕێبــازی بارزانی نەمر هەوڵیداوە ئاکامە خراپەکانی ڕووداوی گاورباخی چلەکانی کەرکوك بگۆڕێت بۆبرایەتی وپێکەوە ژیان و زۆر زیاتر لەمەش چواندنی کەرکوکە بە دڵی کوردستان، بێگومان ئەم چواندنەی کەرکوك بە دڵی کوردســتان، چەند هاوشــیوەی لێ دروســتبکرێت. مانای ئەو دووشــەیە ناگەیەنێت کە بارزانی بەکارێهیناوە، بۆچی؟ لەبــەر ئەوەی بارزانی لە گوتارەکانیدا لە ڕێبازەکەیدا کاری بەوە نەبووە گوتارەکەی یان ڕێبازەکەی بە وشە جوان بکات و بەرامبەری پێ لە خشــتە بەرێت، ئەو لە ڕوانگەی هەســتیاری باردۆخی کەرکوك و پێکهاتــەی فرەنەتەوەیی و فرە ئاییـنــی کەرکوکەوە، لەڕوانگەی گرنگــی گێڕانەوەی کەرکوك بۆسەر جوگرافیای کوردستان ئەم قسەیەی کردووە، بەڵام گرنگی و جیــاوازی ئەم گوتارەی بارزانی نەمر لەگەڵ گوتاری هەموو ســەرکردەکانی کوردستان بەوانەشــەوە کە ئەو وشانەی بارزانی دووبارە دەکەنەوە ئەوەیە، بارزانی وەك دڵ (وەك دڵێك بەمانای وشە نەك بە مانا مەجازییەکەی )بەکاریهێناوە، بارزانی نەمر بەو جۆرە بەکاریهێناوە، دڵ کە ئازاری هەبوو، مرۆڤ نازانی ئازارەکەی هی گوێچکەی ڕاستە یان هی چەپ، کە دڵ ژانی تێکەوت هەموو دڵ ئازاری تێدایە و دەبێت ئەو ئازارە چارەسەر بکرێت، واتە هەموو پارچەکانی ناو دڵەکە دەبێت ســاغلەم بن و نەخۆش نەبن، بارزانی کاتێك دەیگوت کەرکوك دڵی کوردستانە، هەوڵینەدەدا دیوارەکانی ناو دڵەکە تێك بشکێنێت، مەبەستی ئەوە نەبوو ئەو دڵە تەنها یەك جۆر خوێنی تێدابێت، ئەو دڵە کۆمەڵێك شاخوێنبەری هەیە کە

لەشــی مرۆڤ وەك جوانترین سیستەم هەڵدەسووڕێنن، حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق لەســەر مافی نەتــەوە جیاوازەکانی کوردســتان وتوێژی لەگەڵ بارزانی شۆڕشی کوردستان نەدەکرد، ئەوە بارزانی نەمربوو پێش ئەوەی بچێتە دانوســتانەوە بەرنامەی شۆڕشــەکەی کردبوو بە کوردســتانی و تەنها ئێزگەیەکی هەبوو بە هەموو زمانی نەتەوەکانی کوردســتان بەرنامەی پەخشدەکرد، بۆیە کە شــاندی شۆڕشــی کوردســتان دەچووە ســەر مێزی دانوســتاندن وەك مافی کورد داوای مافی بــرا تورکمانەکانی دەکرد، لەســەردەمی بارزانی نەمردا، لەژێر گوشــاری تورکیادا مافی تورکمان نەخراوەتە ناو ڕێککەوتنی ئادارەوە، بە پێچەوانەوە ئەو کات تورکیــا پێی خۆش نەبووە جەنابی بارزانی نەمر داوای مافی تورکمان بــکات، ئەو کات بارزانی نەمر بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و شەڕی دەســەڵات بانگێشەی بۆ مافی تورکمان و کلد وئاشــووری نەکردووە، بارزانی پێویستی بەو شتانە نەبووە کە سەرکردەکانی ئەمڕۆ پێویســتیان پێەتی، بارزانی تەنها پێویستی بەوەبوو کە کوردستانیەکان ئازاد بوون دەبێت وەك برا پێکەوە بژین، بارزانی توانیبووی لەسەنگەرێکدا پێشمەرگەیەکی تورکمان و کلد وئاشــوری و کورد و تەنانەت عەرەبیش پێکەوە کۆبکاتەوە، ئەی بۆچی ئیمڕۆ ناتوانرێ لە ئیدارەی شــارێکدا کۆبکرێنەوە، پرسیار ئەوەیــە ئایا کاتی ئەوە نییە لە بۆشــایی وونبوونی بارزانی وەك جەستە لە ناو خیتابی کوردستانیدا، هەموو پێکەوە ڕۆحی بارزانی لە ناو ڕێبازی بارزانیدا زیندووبکەینەوە؟، باشــترین نموونەش بۆ زیندوکردنەوەی ڕۆحی بارزانــی هێنانەوەی تەرمی پیرۆزی بوو

●●●

**ئەو پەیامەی بارزانی نەمر کە ئەو کات ئاراستەی گەلی عەرەبی کردووە، ئێستا ئاراستەی گەلی فارس وتورکیشی دەکەین، سەیرکەن زۆر لەسەرکردەی بزووتنەوەکانی دیکەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان وەک کاردانەوەی نەتەوەی سەردەست ناچاربوون دەستبەرداری ئەم پەیامە بن، بەڵام ئێستا دەبینن، ئەم پەیامە تەنها ڕێگەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تێکرای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

●●●

●●●

**ئێستا هەموو مرۆڤایەتی گەیشتۆتە قەناعەت ئەگەر سیستەمی باجدان نەبوو واتە پەرلەمان هەشبێت لاشەکەی بێگیانە، باجدان نەبێت گەل فەرمانبەری حکومەتە، نوێنەرانی گەل دەبنە فەرمانبەری حکومەت، ناتوانن چاودێری حکومەت بکەن، کە حکومەتیش چاودێری نەکرا، ئایندەی ئازادی و سیستەمی لیبرالیزم دەکەوێتە مەترسیەوە**

●●●

●●●

**ئایا پەیامەکەی بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣ کە شەڕی نێوان گەلان دەگۆڕێت بۆ برایەتی نێوان گەلانی ناوچەکە وخەباتی هاوبەش بۆ ئازادی، بۆ سەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایندەی پێکەوەژیانی سەرجەم گەلانی ناوچەکە، هێندەی پەیامەکەی جۆرج واشنتۆن بۆ ئازادی و پارێزگاریکردن لە سیستەمی لیبرالیزم گرنگ نییە؟**

●●●



لە ١٩٩٣/١٠/٦ لە ئێرانەوە بۆ بارزان، هەموو بینیمان هەموو پارتە سیاسیەکان خەمی ئەوەیان بوو هاتنەوەی تەرمی بارزانی هاوسەنگی هێز لە کوردستاندا بگۆڕێت و بۆیە ئەو دروشمانەی کە رێکیانخستبوو بۆ پێشوازی (بارزانی موڵکی تەنها لایەنێك نییە) ئەم دروشمە لەبەر ئەوەی خاڵیی بوو لە رۆحی بارزانی لەبەر ئەوەی کورد ئەو هەستەی لانییە کە بارزانی موڵکی لایەنێکە، لەبەر ئەوەی ئایدۆلۆژیای هەموو حزبەکان پێکەوە کۆبکەیتەوە ناتوانێت رێبازی بارزانی بەرهەمبێنێتەوە، بۆیە تەنها دروشمی سەر دیوارەکان بوو، دروشمی سەر زاری خەڵك ئەو دروشمە خۆرسکە بوو کە لە ناو حەماسی ئەو پێشوازییە بێوێنەیە لە دایك بوو، (مەیبەنەوە بۆ بارزان. . . . . . دەیخەینە بانی چاومان) ئەم دروشمە ئیلهامی رۆحی بارزانی بوو بۆیە دروشمەکانی دیکە تەنها چەند وشەیەکی هەڵواسراوی سەردیوارەکان بوون و هیچی تر، پاشان هەموو سەرکردایەتی کوردستان بەبەرێز مسعود بارزانیشەوە بە خۆیان و هەزاران پاسەوانیشەوە، بووبوونە پاسەوانی تەرمی پیرۆزی بارزانی کە نەیاندەتوانی گەلی کوردستان لە تەرمی بارزانی جیابکەنەوە، رووداوەکان بە ڤیدۆ ماون هەتا لە سلێمانی ئەو تەرمە بەڕێکرا کە شەوێکیش لە سلێمانی مایەوە خەڵکی سلێمانی ببوونە پاسەوانی تەرمەکە هەتا بەیانی سلێمانی ئیشکگری بوو، هەتا بەیانی دروشمیان ئەوەبوو (مەیبەنەوە بۆ بارزان. . . دەیخەینە بانی چاومان)، سەرکردایەتی سیاسیی کورد تێکرا غەدریان لە گەلی کوردستان و غەدریشیان لە بارزانی نەمر کرد کە نەیانهێشت لە باشماخەوە تا بارزان، تەرمی بارزانی نەمر بەسەر دەستی رۆڵەکانیەوە بێت، ئێستاش دەڵێن خۆزگەئێمەی گەل خۆمان ئەو مەراسیمەمان بکردایەو هیچ پارت و لایەنێك بۆ بارزانی نەکرابایە، خۆزگە تەنها کاری ئێوە هەر ئەوەندە بوایە تەرمەکانتان بهێنابایەوە باشماخ، پاشان بە گەلی کوردستان بگوترایە ئەوە ئێوە و ئەوەش تەرمی بارزانی نەمر، خۆتان چۆن پێشوازی لێدەکەن چۆن دەیبەنەوە بۆ بارزان ؟ ئێمە هەقمان نییە، ئەو کات دەمانبینی رۆڵەکانی گەلی کوردستان چۆن لە سلێمانیەوە بۆ کەرکوك و لەکەرکوکەوە بۆ هەولێر و لە هەولێرەوە بۆ دهۆك ولە دهۆکەوە بۆ بارزان، هەموویان یەکریز بە ژن وپیاوەوە، بەکچ وکوڕەوە (ناڵێم بە بیربۆچوونە جیاوازەکانەوە لەبەر ئەوەی بارزانی باوك بێجگە لە کوردایەتی هیچ ئایدۆلۆژیەتیکی دیکەی نەبووە و هەتا ئێستاش تەنها سەرکردەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کە سەلماندوویەتی کێشەی نەتەوە بە ئایدۆلۆژیەت چارەسەر ناکرێت) هەموو یەك دەست یەك ریز، یەك هەست، ریزیان دەبەست وبەرێزەوە دەیانگەیاندەوە زێدی خۆی کە بارزانی سەربڵندە، نەتان هێشت گەلی کوردستان لە رۆژی هێنانەوەی تەرمی پیرۆزیدا، بارزانی بە سەر سنووری جوگرافی ومێژوویی کوردستاندا بگێڕێت و هێڵێکی سووری دیکەتان بۆ دابنێن کە کەس زات نەکات بیبەزێنێت، هەروەك چۆن کەرکوکی کردووە بەو هێڵە سوورەی کەس ناتوانێت دانوستاندنی لەسەر بکات.

## رێبازی بارزانی بۆ ئەمرۆمان و بۆ بونیادی ئایندەمان

کە دەچینە نێو بازنەی رێبازی بارزانی کەس ئەو زاتە نییە فەرزی بکات بەسەرمانداو رەخنەی لێناگیرێت، لەوانەیە

●●●

**ئەوە ٦١ ساڵە عەرەب شەر لەگەڵ ئیسرائیل دەکات، بەڵام ئێستا دوژمنایەتی عەرەب و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ زیاترە**

●●●

●●●

**نە ناسیونالیزمی رۆژئاوایە بەرگی نیشتمان و نیشتمان پەروەری بەبەردا بکرێت و نە قەومیەتی عەرەبیشە بە ئاینی ئیسلام بشاردرێتەوە، بەڵکو بیری نەتەوەیی لە رێبازی بارزانیدا ئەو فاکتەرەبوو پێویستی گۆڕانی لە ناخی تاکی کورد و لەو چەمکانەشدا دروستکرد کە پێشتر کورد بە وەرگێراوی پیادەی دەکردن**

●●●

●●●

**بیری نەتەوەیی لە رێبازی بارزانیدا پاراستنی جیاوازیەکانی کوردستانە بە زمان و نەتەوە و ئاینەکانیەوە**

●●●

●●●

**هنتگتن ئەوەی پێی قبوڵ ناکرێت زمانی ئیسپانی هاوشانی زمانی ئینگلیزی بێت لە ئەمریکا**

●●●

●●●

**هنتگتن هاندانی ئیسپانیایەکانی ئەمریکا بۆ تیپی مەکسیک بە هەڕەشە بۆ سەر ئایندەی ئەنگلۆسەکسۆن دەزانێت نەک تەنها زمانی ئینگلیزی لە ئەمریکا**

●●●

**حوسنی موبارەک کە ئێستا لەرووی سیاسیەوە وەک سەرۆکی نەتەوەی عەرەب سەیر دەکرێت، ئایا توانی لەکاتی شەڕی ئەم دواییە نێوان حەماس و ئیسرائیل پەیامێکی هاوشێوەی پەیامەکەی نێچیرڤان بارزانی کە ئاراستەی پەکەکە و تورکیای کردبوو بکات؟**

**ئەوە بارزانی نەمربوو پێش ئەوەی بچێتە دانوستانەوە بەرنامەی شۆرشەکەی کردبوو بە کوردستانی و تەنها ئێزگەیەکی هەبوو بە هەموو زمانی نەتەوەکانی کوردستان بەرنامەی پەخشدەکرد**

**لەسەردەمی بارزانی نەمردا، لەژێر گوشاری تورکیادا مافی تورکمان نەخراوەتە ناو رێککەوتنی ئادارەوە، بە پێچەوانەوە ئەو کات تورکیا پێی خۆش نەبووە جەنابی بارزانی نەمر داوای مافی تورکمان بکات، ئەو کات بارزانی نەمر بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و شەڕی دەسەڵات بانگێشەی بۆ مافی تورکمان و کلد وئاشووری نەکردووە**



سەرچاوەی هەموو گرفتەکانی ئەمڕۆمان ئەوەبێت سەرکردە سیاسیەکانمان لەپێش هەموویانەوە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەبێت کە نەمانتوانیوە، رێبازی بارزانی بکەینە چاودێر بەسەر رەفتارەکانمانەوە، نەمانتوانیوە رێبازی بارزانی بکەینە بەرنامە بۆ ئەوانەی ناوی بارزانی پێ بەرزبکەینەوە (لە یەکێك لەسەرکردە نەیارەکانی ئەوکاتی بارزانیان پرسیبوو ئێوە بۆ بارزانیتان گەورە کرد؟ ئەو سەرکردەیە کە نەیدەویست وەسفی بارزانی نەمر بکات زۆر راشکاوانە گوتی: کاکە مەلامستەفا لە روسیا بوو، رۆژنامەکانی ئەمریکا بەگەورەیی وێنەکەیان بڵاو دەکردەوە و دەیاننووسی ملا رێد (واتە مەلای سوور یان کۆمۆنیست)هەڕەشە لە ئەمریکا دەکات) بەڵکو تەنها لە پێناوی ئەوەی ئێستای پێبخوێنینەوە و ئایندەی پێ بونیادبنێینەوە، ئەوەتا نەیارەکانیشی دەڵێن بارزانی پێویستی بە گەورەکردن نییە، لەبەر ئەوەی رۆحی زیندووە و لەگەڵ ناخی رۆڵەکانی دەژی، رێبازی بارزانی لە دژی شەری براکوژی دێرە شیعرێکی ئەحمەدی خانی بوو کەماناکەی بەمجۆرەیە(ئەگەر کورد یەککگرتوو بێت، هەموو داگیرکارەنی ئێستا نۆکەرایەتی بۆ دەکەن) کەچی ئێستا خەڵك لێرەو لەوێ تورەیە و بە وشەی گەندەڵی دەسەڵات، حیزب تۆمەتبار دەکەن، لەبەر ئەوەی رێبازی بارزانی گەلی خۆی وا پەروەردە کردووە کە ئەو خۆی بەرپرسانە خزمەتکاری میللەتە، بەڵام ئێستا ناتوانرێ وەك بارزانی و رێبازی بارزانی بەو ئاستە بەرزە سەیری گەل بکرێ، بارزانی بۆ رازاندنەوەی گوتارەکانی نەیگوتووە، (شانازیە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت) بەڵکو ئەو لەمانای وشەی خزمەتکار گەیشتووە، دەزانێت خزمەتکاری گوێرایەڵ چۆن مامەڵە لەگەڵ سەردارەکەی دەکات، هەموو سیستەمی لیبرالیزم و دیموکراتی شەن و کەو بکەن لەمانای ئەو سێ چوار وشەیە تێناپەرێت، لە ئەرستۆوە تا ئێستا هەموو مێژووی فەلسەفە شەنوکەو بکەن لەوە زیاترتان پینالێن، بۆئەوەی حاکمی باش بن دەبێت خزمەتکاری باش بن، ئێستا با ئەم وشەیە پێناسەبکەینەوە و بیکەین بە تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ تێکرای بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بزانیین کەسیان لەم تاقیکردنەوەیە دەردەچن، لەوانەیە هەندێك بڵین ئەمەش وەك کۆمارەکەی ئەفلاتون جێبەجێ ناکرێت، نەخێر وانییە بارزانی خۆی جێبەجێی کردو، با لەسەدا سەدیش جێبەجێی نەکردبێت، بەڵام خۆ لەسەر خۆی جێبەجێی کرد، بارزانی پێناسەی خزمەتکاری زۆر فراوان کردووە، هەربۆنموونە لەوەدا نەیهێشتۆتەوە تەنها فەرمانیسەردارەکەی جێبەجێ بکات، بەڵکو دەیکاتە فەرمان بەسەر شانی خزمەتکارەکەوە، دەبێت کەلوپەل وسەروەری ماڵەکەش بپارێزێت، هەربۆیە کاتێك بارزانی نەمر خزمەتکاربووە ئەوەی لەبیرمانە بۆ ئەم راپۆرتە بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١- بارزانی کە شۆرشی کردووە، نەچووە حزبێك دروست بکات و ئەدەبیاتی حزبی بڵاو بکاتەوە و چەند چالاکیەك بکات بۆئەوەی میللەت شەرعیەتی شۆرشەکەی بداتێ، فەرموون سەیری مێژووی دامەزراندنی پارتی و دەستپێکی شۆرشی ئەیلول بکەن، واتە شۆرشەکەشی لەسەر ئەمری میللەتەکەی کردووە، هەربۆیە



بنەمـــای شۆڕشـــەکانی بارزانی تەنها ئەقڵـــی کوردایەتیە نەك ئایدۆلۆژیای سیاسی.

٢- بارزانـــی کە دانوســـتاندنی کردووە، لەســـەر بڕیاری گەلی کوردســـتان کردوویەتی، فەرموون مێژووی یەکەم دانوســـتاندنی شۆرشی ئەیلول و حکومەتی عێراق بخوێننەوە.

٣- بارزانی لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆرش عەدالەتی پیادەکردووە نەك یەکسانی، کەس بۆی نەبووە دەستدرێژی دزی، پیاو خراپی، داوێن پیســـی بکات، عەدالەت لای بارزانی قورسکردنی کاری خراپ و ئاســـانکردنی باش بووە، لەو کاتـــەی نەیتوانیوە باری گوزەرانی هاوڵاتیانی ناوچە ئازادکراوەکانی شۆرش خۆش بکات ئاســـتەنگ و رێگریەکانی بەردەم ژیانی بۆ ئاســـانکردوون، لەو کاتەی نەیتوانیوە هاوکاری کوڕان وکچانی کوردســـتان بکات بۆ ئەوەی ژیانی هاوســـەری پێکبێنن، هاتـــووە لە رێگەی زانایانی ئایینی کوردستانەوە ژنهێنانی ئاسانکردووە، لەو کاتەی نەیتوانیوە خانوو بۆ نیشتەجێی هاوڵاتیان دابین بکات، هاتووە ئەرکی خانوو دروستکردنی ئاسانکردووە، مۆدێلی ژیانی سادەکردۆتەوە، ماڵەکەی خـــۆی لە ماڵی جوتیارێك جیاواز نەبووە، بۆیە خەڵك هەمووکات خۆی بە قەرزداری بارزانی زانیوە. لەبەرامبەر ئەمانەدا هەستی کردووە، (داوێن پیسی، دزی، پیاو خراپی، بەکارهێنانی دەسەڵات وبەرپرسیاریەتی ناو شۆرش بۆ مەبەستی خراپ) ئەمانە وچەندین شـــتی دیکە دەبنە هۆکاری فەسادی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئیداری، بۆیە ســـزای قورســـی بۆ دانابوون، خەڵك نەیدەوێرا لەم رەفتارانە نزیك بێتەوە، خەڵك هۆکاری ئەو خراپەکاری و فەسادەی پێنەبوو پاکانەی پێبکات.

٤- بارزانـــی وەك خزمەتکارە ئەمینەکە هەوڵـــی دەدا کەلوپەلی ماڵی ســـەردارەکەی بپارێزێت، کە سەردارەکەی گەلی کوردستان و ماڵەکەشـــی کوردســـتان بوو، بۆیە یەکێك لە ئەرکەکانی ئەوە بوو نەهێڵێت سروشـــتی کوردســـتان تێکبچێـــت، راوی ئاژەڵ و پەلەوەری کێوی قەدەغە کردبوو، دار برینی قەدەغە کردبوو، بەڵام قەدەغەکردنەکـــەی تەنها بڕیارێك نەبـــوو و بەس، بەڵکو خەڵکی کوردســـتان پێوەی پابەند دەبوون، بارزانـــی هەوڵیدەدا لەو ماڵەی ئەو خزمەتکاری تێدا دەکات، نیزام و یاســـا ببێتە ئاکاری ژیانی ئەو ماڵە.

## بەراوردکردن لە ناو رێبازی بارزانیدا

ئێمە بۆیە کێشـــە و گیرگروفتمان هەیە و نازانین چۆن گەندەڵی چارەســـەر بکەیـــن، لەبـــەر ئەوەیە نازانین پێناســـەی وشـــەی خزمەتکارەکەی بارزانی چی یە ؟ ئەم راپۆرتە پێشـــنیار دەکات کۆمەڵێك زمانەوان و کۆمەڵناس و سیاســـەتزان بانگ بکات بۆ کوردســـتان و تەنها پێناسەی ئەم رستەیەمان بۆ بکاتەوە (شانازیە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت) بەڵام بەم مەرجانە:

_ پێناســـەی خزمەتکار وەك خزمەتکارێکی ئەمین و دڵسۆز بۆ ســـەردارەکەی و دەست لەسەر سنگ فەرمانی سەردارەکەی جێ بەجێ بکات.

-خزمەتکار لەماڵی سەردارەکەیدا کاردەکات و دەبێت بۆ پاراستنی ســـەروەریی ماڵەکە پاراســـتنی کەلوپەلی ناو ماڵەکە دڵســـۆز و ئەمین بێت و نابێت کە ســـەردارەکەی نووست یان چاوی لێنەبوو،

●●●

**ئایدۆلۆژیای هەموو حزبەکان پێکەوە کۆبکەیتەوە ناتوانێت رێبازی بارزانی بەرهەمبێنێتەوە**

●●●

●●●

**بارزانی باوک بێجگە لە کوردایەتی هیچ ئایدۆلۆژیەتیکی دیکەی نەبووە و هەتا ئێستاش تەنها سەرکردەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کە سەلماندوویەتی کێشەی نەتەوە بە ئایدۆلۆژیەت چارەسەر ناکرێت**

●●●

●●●

**بارزانی بۆ رازاندنەوەی گوتارەکانی نەیگوتووە، (شانازیە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت) بەڵکو ئەو لەماناى وشەی خزمەتکار گەیشتووە، دەزانێت خزمەتکاری گوێرایەڵ چۆن مامەڵە لەگەڵ سەردارەکەی دەکات، هەموو سیستەمی لیبرالیزم و دیموکراتی شەن و کەو بکەن لەماناى ئەو سێ چوار وشەیە تێناپەڕێت، لە ئەرستۆوە تا ئێستا هەموو مێژووی فەلسەفە شەنوکەو بکەن لەوە زیاترتان پێنالێن، بۆئەوەی حاکمی باش بن دەبێت خزمەتکاری باش بن**

●●●

**بارزانی لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆرش عەدالەتی پیادەکردووە نەک یەکسانی، کەس بۆی نەبووە دەستدرێژی دزی، پیاو خراپی، داوێن پیسی بکات، عەدالەت لای بارزانی قورسکردنی کاری خراپ و ئاسانکردنی کردەوەی باش بووە، لەو کاتەی نەیتوانیوە باری گوزەرانی هاوڵاتیانی ناوچە ئازادکراوەکانی شۆرش خۆش بکات ئاستەنگ و رێگریەکانی بەردەم ژیانی بۆ ئاسانکردوون**



خراپ لە ماڵەکەدا بکات.

- خزمەتکاری دڵسۆز و ئەمین بە چاوی خراپ سەیری تاکەکانی ئەو خێزانە ناکات، لەبەر ئەوەی سەردارەکەی ژنی بۆ دەهێنێت، هەوڵنادات دزی بکات لەبەر ئەوەی سەردارەکەی مووچەی دەداتێ.

- خزمەتکاری دڵسۆز بۆئەوەی دڵی سەردارەکەی رازی بکات وبیر لەدەرکردنی نەکاتەوە، هەوڵدەدات سیستەمێك بۆ ئەو ماڵە دابنێت کە بێ ئەوەی پێوە دیاربێت، هەربۆنموونە شەوانە لەسەر هەست دەنوێت بۆ ئەوەی دزی لەو ماڵە نەکرێت، کە ئاو نەبوو دەچێت ئاو دێنێت بۆ ئەوەی ماڵەکە بێ ئاو نەبێت، کە ئێوارە داهات، دەچێت چراکە ئامادە دەکات بۆ ئەوەی ماڵەکە تاریك نەبێت، کە میوان هات هەوڵدەدات روویەکی جوانی ماڵەکە پیشان بدات و سەری سەردارەکەی بەرز بکاتەوە.

- خزمەتکار ئەو مافە بەسەردارەکەی دەدات ئەگەر کەموکورتی هەبوو بیگۆرێت، تەنها شتێك لای سەردارەکەی شەفاعەتی بۆ بکات، رەفتارەکانی خۆیەتی، بۆیە ئەگەر لە کاتی توورەییدا سەردارەکەی بڕیاری گۆڕین یان دەرکردنی بدات پاشان پەشێمان دەبێتەوە، بەڵام هەتا پەشێمان دەبێتەوە، خزمەتکار ئەو مافەی نییە رق لە سەردارەکەی هەڵبگرێت.

ئەگەر ئەم پێناسەیە و ئەو وردەکارییانەشی کە ئەو پسپۆرانە لەدەلالەتی وشەکانی ناو تەنها ئەو رستەیەی رێبازی بکەین بە بەرنامە ئایا جوانترین سیستەمی دامەزراوەیی لێ دروست نابێت، بەڵام گرنگترین شت کە هەموو خۆی لێدەدزنەوە ئەوەیە:

١- پێیان خۆشە بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵك گوتارەکانی خۆیان بە رستەکانی نێو رێبازی بارزانی برازێننەوە. بەڵام ئەوانەی بەمجۆرە لەگەڵ رێبازی بارزانی مامەڵەدەکەن، دەیانەوێت رێبازی بارزانی ئەو توحفە بێگیانە بێت کە ماڵەکانیان دەڕازێنێتەوە،، ئەوان دەیانەوێت گوتار و قسەی رۆژانەیان چین لەسەر چین رۆحی رێبازی بارزانی بشارێتەوە، ئامانجی ئەو راپۆرتە ئەوەیە ئەو چینانە لاببات و دەلالەتی رستەکانی نێو رێبازی بارزانی سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە.

٢- دەیانەوێت ئیرادەی کاروانە مێژووییەکەی بارزانی و بڕینی سەدان کیلۆمەتر بەپێی و مەترسی ناو سێ وڵاتی داگیر کەر بکەنە پاسپۆرتی تێپەراندنی کارە خراپەکانی ئەمڕۆ، نەخێر ئەم راپۆرتە هەوڵدەدات ئەو پاسپۆرتە وەربگرێتەوە و ئیرادەی کاروانە مێژووییەکە بەبەرگێکی نوێ بۆ نەوەکانی ئایندە تازە بکرێتەوە.

٣- ئەوانەی دەیانەوێت ئیرادە و لێهاتوویی ئیدریس بارزانی لەشەڕی هەندرێن، کە چۆن بە هێزێکی کەم ئیرادەیەکی گەورەی بۆ شکاندنی دوژمن دروستکرد، یان چۆن بەستەڵەکی چەقبەستووی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستانی لە ناخۆشترین و پڕ حەساسترین و ناکۆکترین قۆناخەوە، گۆڕی بۆ قۆناخی بەرەیی و توانی هەموو هێزەکان جارێکی تر کۆ بکاتەوەو گیانێکی نوێی بەبەردا بکاتەوەو بەرەی کوردستانی پێ دابمەزرێنێ، ئەو بەرەیەی کە سەرکردایەتی راپەڕینی بەهار و تەمووزی ١٩٩١ ی کردو دواتریش پەرلەمان و حکومەتی کوردستانی دامەزراند، ئەمەبوو حیکمەتی ئیدریس بارزانی، کەچی هێشتا خەڵکانێك دەیانەوێ بکەن بەداستانی سەروەری پێشمەرگە بەڵام وەك دەقێکی تۆز لێنیشتووی سەر رەفەکان، ئەم راپۆرتە خۆزگە دەخوازێت ئەو ئیرادەیە بەشێوەیەکی تازە دروستبێتەوە، ئەو ئیرادەی ئەو کات جاش وداگیرکەری شکاندووە، ئەمڕۆش داگیرکەر و گەندەڵکار تێکبشکێنێت.

٤- ئەم راپۆرتە دەیەوێت بڵێت هەوڵبدەن رێگەی دوور نزیك بکەنەوە، مەرج نییە تەنها بە چوون بۆ مەزاری نەمران دڵسۆزی خۆتان پیشان بدەن، بەڵکو وا بزانن هەموو کات نەمران لە ناو ناختان دەژی، هەوڵبدەن رەفتارەکانتان رەنگدانەوەی رێبازی بارزانی بێت، لەمەش زیاتر هەوڵبدەن لە ناو دەریای رێبازی بارزانیدا مرواری جوانتر دەربێنن، بەڵام مرواری وشە ومانای وشە نا بە تەنیا، بەڵکو مرواری دەلالەتی وشەکانی ناو رێبازی بارزانی، مرواری دەلالەتی (چەند مەزنە مرۆڤ خزمەتکاری خۆی بێت) ئەمە وەك وشەیەکی بێگیان نا لەسەر دیوارەکان هەڵبواسرێ، بەڵکو وەك هێزێك کە هەموو شتەکان بخاتەوە جێگەی خۆی، خۆت سەردار نەبیت و گەل خزمەتکار.

**لەو کاتەی نەیتوانیوە هاوکاری کوران وکچانی کوردستان بکات بۆ ئەوەی ژیانی هاوسەری پێکبێنن، هاتووە لە رێگەی زانایانی ئایینی کوردستانەوە ژنهێنانی ئاسانکردووە، لەو کاتەی نەیتوانیوە خانوو بۆ نیشتەجێی هاوڵاتیان دابین بکات، هاتووە ئەرکی خانوو دروستکردنی ئاسانکردووە، مۆدێلی ژیانی سادەکردۆتەوە، ماڵەکەی خۆی لە ماڵی جوتیارێک جیاواز نەبووە، بۆیە خەڵک هەمووکات خۆی بە قەرزداری بارزانی زانیوە**

# فەتحوڵڵا گولەن دەڵێت ئەگەر سەعیدی نەورەسی کورد نەبووایە مرۆڤێکی چەندە گەورە دەبوو



## وتوێژی گوڵان لەگەڵ ئەحمەد تورک سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی (DTP) لە پەرلەمانی تورکیا

ئەحمەد تورك، پەرلەمانتاری مێردین و سـەرۆکی فراکسیۆنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی (DTP) لە پەرلەمانی تورکیا هەم وەك کەسایەتی و هەم وەکو پەرلەمانتار خاوەن ئەزموونێکی قاڵبووەوە و کەڵەکەبووە لەنێو سیاسەتدا و ساڵانێکی درێژە کاری سیاسیی و پەرلەمانی دەکات.

تورك دوای ١٨ ساڵ هەمان سیناریۆی پەرلەمانتاری DEP لەیلا زانا و هاوەڵانی لەنێو سەکۆی پەرلەمانی تورکیادا دووبارە کردەوە کاتێك بە کوردی قسەیانکرد، کە دواتر ڕەوادونان و زیندان و مەنفا بووە چارەنووسـیان. هەرچەندە ئەحمەد تورك ئەوکاتە خۆیشی ئەندام پەرلەمان بووە.

ئەمجارەیـان تورك لەدواین کۆبوونـەوەی پەرلەمانی تورکیا و لەبەردەم گروپی پارتەکەیدا لەڕۆژی ٢١ی شـوبات کە ڕۆژی پاراسـتنی زمانی دایکە لەجیهان، بە زمانی شیرینی کوردی هاتـە ئاخاوتن. کاتێـك کەناڵی TRT٣ پەخشـی زیندووی کۆبوونەوەکەی دەکرد، تورك لەنیوەی کۆبوونەوەکەدا ڕایگەیاند کـە ئەو دەخوازێ بە کوردی قسـە بـکات و دوای نزیکەی ١٠ خولەك لەپێشکەشـکردنی ئاخاوتنەکانی، کەناڵی TRT٣ پەخشـی کۆبوونەوەکەی ڕاگرت و زۆربەی پەرلەمانتارەکانی DTPش لەخۆشیان فرمێسکی شـادییان بۆ قسەکانی تورك هەڵڕشت.

هەرچەندە کە ئەحمەد تورك لە دەستپێکی ئاخاوتنەکانیدا ڕایگەیاند کە ئەوان هیچ حەساسـیەتێکیان لەگـەڵ زمانی تورکی نییە بەوەی کە زمانێکی فەرمی بێت، بەڵام گوتی "ئەمڕۆ لەجەژنی زمانی دایك بە کوردی دەپەیڤم، لەبەرئەوەی ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەی هەیە زۆر گرنگە بۆ فرەزمانی و زیندووکردنەوەی زمان لە مەترسی ئاسمیلەبوون، چونکە هەموو زمانەکانی دنیا بێ تاوانن و هەر زمانێك برای ئەوی دیکەیە. تورك گوتیشی: "چ پەرلەمانتارەکان و چ سەرۆك شارەوانییەکان لەبەرئەوەی بە کوردی قسـەیان کردووە سـزادراون، ئەی کاتێك سەرۆك وەزیر ئەردۆگان بە کوردی قسە دەکات، بۆچی بە تاوان و سەرپێچی دانانرێـت؟! لەکاتێکدا ئێمە زمانی دایکمانە و ئەردۆگان چۆن دەزانێ پێی بدوێـت". دوای تەواوبوونی ئاخاوتنەکانی ئەحمەد تورك هەڵوێسـت و کاردانەوەی پەرلەمانتارانی لیستی CHP و MHP زۆر تونـد بوو و پێیانوابوو ئەو قسـانەی ئەحمەد تورك وەك پرۆڤاکسیۆنە بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان. هەروەك ڕاشیانگەیاند ئەگەر هەڵوێسـتەکانی ئەحمەد تورك لەبەرچاو بگیرێـت ئەوا دەبێ زمانی نەتەوەکانـی ئەرمەن و ڕۆم و لاز و چەرکەزیـش لەپەرلەمانی تورکیـا بەکاربێت. بۆیە زۆربەی پەرلەمانتارە ناسیۆنالیستەکان دژی ئەوە بوون کە زمانی دایك وەك ئامـرازی پروپاگەندە بەکاربهێنرێ، لەبەرئەوە وای دەبینین کە نابێت پۆپولیزم لەسەر حیسابی دەوڵەت بێت و دەڵێن TRT٦ بۆ خۆی پۆپولیزمە.

گەرچـی هەنـدێ لەپەرلەمانتارە پەرگیـر و توندڕەوەکانیش داوایانکرد لێپرسینەوە لەگەڵ ئەحمەد تورك بکرێت و سزایەکی قورسی بۆ ببڕێتەوە. بەڵام هەندێ لەپەرلەمانتارانی CHP و MHP دەڵێن: "لە بنەڕەتەوە ئەوەی پێویستە سزا بدرێ ئەحمەد تورك نییە، بەڵکو ئەو لایەنەیە کە قانوونەکانی گۆڕیوە. ئەگەر سەرۆك وەزیران وشەی کوردی بەکاربهێنێ و تەلەڤزیۆنی دەوڵەت بە کوردی بکاتەوە ئەوا ئەحمەد تورك-یش جەسـارەت دەکات بە کوردی بپەیڤێت". ئەوان لەو لێدوانەشیان پتر مەبەستیان سزادانی AKP بوو.

جێی باسە، ئەو دیدارەی گوڵان لەتەك ئەحمەد تورك هاوزەمانە لەگەڵ سەردانەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ شـاری دیاربەکر بە مەبەستی بانگەشەی هەڵبژاردن و ناسـاندنی قوتبەددین ئـارزوو-ی کاندیـدی پارتەکەی بە جەماوەر.

دیمانە: گوڵان/ دیاربەکر

*** سەرۆك وەزیر ئەردۆگان وەك هەموو جاران بە كۆمەڵێك بەڵێن و پرۆژەی سیاسی وئابوورییەوە ڕووی لە دیاربەكر كرد، ئایا سەردانی ئەمجارەی ئەردۆگان بۆ دیاربەكر چۆن دەبینن؟**

- هەموو كەسێك دەتوانێ بە ئیرادەیەكی ئازاد سیاسەت بكات و پرۆژە و داخوازییەكانی خۆی بۆ خەڵك رابگەیەنێت، ئێمە لە دژی ئەوە نین، بۆیە لە دژی هاتنی ئەردۆگانیش نین، بەڵام ئێمە بە ئەردۆگان دەڵێین ئێوە بە چ ڕوویەك دێن بۆ دیاربەكر، تا ئێستا تەنیا خەڵكتان هەڵخەڵەتاندووە و هیچ یەكێك لە بەڵێنەكانی خۆتان بۆ كوردان رایی نەكردووە، كارێكی ئەوتۆتان بۆ مافە سیاسی و كولتوورییەكانی كورد نەكردووە، لەبەر ئەوە كاتێك ئەوان شتێك بۆ گەل نەكەن، ئەوا بۆچی گەل پێشوازیان لێ بكات و لە ئامێزیان بگرێت. بۆیە ئێمە ئەو سەردانە پرۆتستۆ ناكەین بەڵام دەڵێین شەرمە بەدەست بەتاڵی سەردانی كوردان دەكەن و بەڵێنەكانتان جێبەجێ ناكەن.

*** پێتوایە بۆچی كورد لە AKP و ئەردۆگان ڕەشبین و بێ هیوا بوونە؟**

- لەڕاستیدا كورد لەدوای هەڵبژاردنی تەمموزی (٢٠٠٧)ەوە بۆی دەركەوتووە كە سیاسەتی ئەردۆگان هیچ جیاوازییەكی لەگەڵ سیاسەتی باڵی سەربازی و ئایدیۆلۆژیای رەسمی دەوڵەتی تورك نییە. بەڵكو سیاسەتی حكومەتی مەدەنی ئەردۆگانیش درێژكراوەی هەمان سیاسەتی تانسۆچیللەر و بولەند ئەجەوید و ئەوانی دیكەیە. بۆ كوردان دەركەوتووە كە ئیدی ئەردۆگان هیچ پرۆژەیەكی چارەسەری پێ نییە، تێڕوانینەكانی AKP لە تێڕوانینی CHP و MHP و دەوڵەتی ستاتۆپارێز جیاوازتر نییە. بۆیە كاتێك دادگای باڵای توركیا لە بەرامبەر پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) دۆسیەی قانوونی دەستی پێكرد، ئەوا لەنێو دەوڵەت كۆمەڵێك گفتوگۆ و مشتومڕ سەریهەڵدا و چەند سیناریۆیەكیان لەسەر كوردان بەڕێوە برد، لەبەر ئەوەی لە نێو كوردانەدا CHP و MHP نەمابوون و لەڕووی سیاسی و جەماوەرییەوە ئیفلاسیان كردبوو، تەنیا AKP و ئەردۆگان هەبوون، لەبەرئەوە كاتێك پارتەكەی ئەردۆگان قەدەخە بكرابایە ئەوا دەوڵەتی تورك لە هەرێمی كوردان بەبێ هیچ پارتێكی سیاسی دەمایەوە. هەر بۆیە من زۆر بە راشكاوی دەڵێم هۆكاری دانەخستن و قەدەخە نەكردنی AKP بۆ مەسەلەی كورد دەگەڕێتەوە، چونكە لە كوردستاندا هیچ پارتێكی سیاسی نەبووە پێگەی جەماوەری هەبێت و هاریكاری دەوڵەت بكات. لەبەر ئەم هۆكارە ئەو بازاڕە لەسەر كوردان دروست بووە. ئەردۆگان ماوەیەكە زۆر بە توندی دژایەتی كورد دەكات و بە كوردان دەڵێ یان لەگەڵ ئێمەدان یانیش دوژمنی ئێمەن، ئەگەر هەر كەسێك لەبەرامبەر سیاسەتی دەوڵەت ناڕازی بێت، جا ژن و منداڵ یان پیر بێت ئەوا بەبێ جیاوازی تەپەسەر دەكرێ. لەبەر ئەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تێڕوانین و لۆژیك و ئیزدواجییەتی ئەردۆگان بە دیار دەكەوێ. بۆیە پێموایە ماسكی AKP كەوتۆتە خوارەوە و ئیدی بە هیچ كلۆجێك ئەو پشتیوانییەی خەڵك لە ساڵی ٢٠٠٧ لە AKPیان كرد ئەوا جارێكی دیكە بە چاوی خۆیان نایبیننەوە.

*** هەڵبژاردنی هەرێمی توركیا لەمانگی ئاداری ئەمساڵ بۆتە ڕۆژەڤی سەرەكی توركیا، دیارە ئەو هەڵبژاردنە چارەنووسی هەموو پارتە سیاسییەكانی توركیا دەستنیشان دەكات و، DTPش كە ئێستا (٥٦) شارەوانی لە ژێر دەستدایە، رایگەیاندووە كە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا لانی كەم (١٠٠) شارەوانی بەدەست دەهێنێت. ئێوە كەشوهەوا و كێبركێی پارتە سیاسییەكان لە باكووری كوردستان چۆن دەبینن؟**

- ئێمڕۆ لەسەروبەندی هەڵبژاردنی شارەوانییەكاندا هەندێ كەس و لایەن لەسەر ناوی دەوڵەت كار دەكەن و دەیانەوێ هاوپەیمانی سیاسی لە دژی كوردان ئەنجام بدەن. تەنانەت هەموو لایەنە سیاسی و سەربازی و نەژادپەرستەكان بانگەوازی ئاراستەی خەڵك دەكەن كە لە بەرامبەر DTP خۆیان بكەنە یەك سەنگەر، بەڵام ئەمە تا چەند بەردەوام دەبێت ئێمە نازانین. ئێمە وەك DTP دەمانەوێ ببینە دەنگی گەلەكەمان و داخوازییەكانی خەڵك بەجێبهێنین، بەڕاستیش هەر كاتێك دەنگی گەلی كورد لە بەرامبەر سیاسەتی دەوڵەتی تورك بەهێز بێت، ئەوا پەیامێكی بەهێز و جیاوازترە بۆ هەموو لایەنێك. من دەڵێم كێشەی گەلی كورد لە توركیا كێشەی تەواوی كوردانە، لەبەرئەوەی داخوازی كوردان لە بنەڕەتدا یەكانگیرە. ئێمە زۆرجار سەردانی وڵاتانی یەكێتی ئەورووپا و هەرێمی كوردستان دەكەین و دیدار و وتوێژ ئەنجام دەدەین، پێمان دەڵێن ئێوە پارتێكی كوردین، كەچی دەنگەكانی پارتەكەی ئەردۆگان لەهی ئێوە زیاترە؟ من دەڵێم هەر كاتێك لە نێو كوردان یەكێتی نەتەوەیی كورد بەهێز بێت و سیاسەتێكی نەتەوەیی بەڕێوە بچێت ئەوا لە ڕۆژەڤی نێودەوڵەتییشدا كێشەی كورد بەهێزتر دەبێت. كێشەی ئێمە نەبوونی متمانە و گوتارێكی سیاسیی هاوبەش. باوەڕ بكەن ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا DTP بتوانێت دەنگێكی زۆر بەدەستبهێنێت ئەوا كێشەی كورد لە توركیا و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دەچێتە قۆناخێكی زۆر گرنگ، رەنگە ئەوكاتە دەوڵەتی توركیاش لەبەرامبەر كێشەی كورد لەبری ئۆپەراسیۆن و شەڕی چەكداری بیر لە رێباز و میتۆدی مەدەنی و دیموكراسیانە بكاتەوە.

*** ئەگەرچی DTP لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا چاوی لە شارەکانی (سێرت، وان، تبلیس، بینگۆل و چەند ناوچەیەکی دیکە) بڕیوە، بەڵام زۆربەی چاودێرانی سیاسی پێیانوایە ئەرکی DTP لە ناوچەکانی سێرت و وان زۆر قورسە، گلەیی هەیە کە هەندێ لە کاندیدەکانی DTP ئاپۆچین، بەتایبەتی کاندیدی شاری وان؟**

- ڕاستە ئەرکی DTP ئاسان نییە، بەڵام سەبارەت بە کاندیدەکانمان ئەوا من دەڵێم ڕەنگە لەدەستنیشانکردنی کاندیدەکان ١٠٠٪ هاوکۆك نەبووبین، بەڵام بەگشتی هەنگاوێکی باشە. بۆ پارێزگای سێرت ئێمە هیوامان زۆر بەهێزە، ئەگەرچی نیوەی سێرت هاوولاتی عەرەبیشن، بەڵام ئێمە بڕوامان بە خۆمان بەهێزە. هەروەها بۆ تبلیس و بینگۆڵ باوەڕمەندین. جگە لەوەی لەناوچەکانی دیاربەکر و باتمان و شرناخ و ناوچەکانی دیکە DTP پریستێژی زۆر خورت بووە. لەبەرئەوە پێموایە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا هەم بۆ پۆستی سەرۆکی شارەوانی و هەم بۆ پۆستی ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی دەنگێکی زۆر بەدەست دەهێنین.

*** ئەی سەبارەت بە دیاربەکر کە بە پایتەختی مەعنەوی کوردستان دادەنرێ، جێی چاوتێبڕینی AKP یەو لەم ڕووەوە AKP خەرجییەکی زۆری بۆ کاندیدی خۆی کردووە بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك شارەوانی دیاربەکر، ئەگەرچی بەپێی ئەنکێتەکانی ڕاپرسی دەڵێن پێدەچێ DTP ڕێژەی ٧٠٪ی دەنگەکان بۆ خۆی ببات؟**

- دیاربەکر سیمبۆلی ئاشتی و ئازادی و بەرخودانە. دیاربەکر قەڵایەکە بۆ ئێمەی کورد، بۆیە هەرگیز ناهێڵین ئەو قەڵایە بکەوێت. کێشەی ئێمە ئەوە نییە کە ببینە سەرۆك شارەوانی، بەڵام ئەگەر ئێمە کورسی شارەوانییەکانی دیاربەکر، دێرسیم، باتمان بدۆڕێنین، ئەوا هیچ واتایەك بۆ خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد نامێنێتەوە.

*** ئەمجارە پارتەکەی نەجمەدین ئەربەکان، پارتی سەعادەتی ئیسلامی بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەکات. ئایا ئەمە هیچ کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی دەنگەکانی AKP دەبێت لە ناوچە کوردنشینەکان؟**

- بێگومان بەشداریکردنی پارتەکەی ئەربەکان وا دەکات هەندێ لە دەنگەکانی AKP دابەش ببێت، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە لایەنگرانی AKP لە چەند ساڵی رابردوودا لە ئەدای پارتەکەیان رازی نین، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت ئەمجارە پارتی سەعادەت لە هەندێ ناوچەدا کێبڕکێ لەگەڵ AKP دا بکات.

*** ئێوە دوای سەردانەکەتان بۆ لای هەردوو بەڕێزان سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی چ هیوایەکتان بە ڕۆڵ و پێگەی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە لە چارسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا؟**

- هەڵبەتە، ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی لەم بوارەدا زۆر گرنگە، بەڵام دەبێت هەموو لایەك بزانێت هەتاکو گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی ناویندا نەبێتە خاوەن ماف و ستاتۆیەکی ئازاد ئەوا ئاشتەوایی و برایەتی نێوان گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین مەحاڵ دەبێت، بۆ چارەسەری ئاشتیانەش دەبێت پرۆژەیەکی ئاشتی هەبێت کە میکانیزمەکانی گونجاو و رۆشن بن، ئێمە دەخوازین کۆنفرانسێکی نەتەوەیی گرێ بدرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوین و تورکیا، بەشێوەیەك کوردان لەو وڵاتانەی تێیدا دەژین ببنە خاوەن ماف و ناسنامە و زمان و ئیرادەی ئازادانەی خۆیان. بۆ ئەمەش ئێمە لە باکوور هەمیشە دەرگامان بۆ ڕێبازی ئاشتی و دیموکراسیانە کراوەیە. من پێموایە، هەتاکو گەلی کورد یەکێتی ریزەکانی خۆی رێك نەخاتەوە و مەرجەعێکی نەتەوەیی نەبێت کە سیاسەتی نەتەوەیی بەڕێوە ببات ئەوا لەسەر ئاستی کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشدا پێگەمان لاواز دەبێت، بۆیە کورد پێویستی بە دامەزراندنی دەزگایەکی نەتەوەیی هەیە کە سیاسەتی نەتەوەیی بەڕێوەببات و بەشێوەیەك بڕیارەکانی ئەو دەزگایە لە سەرووی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانەوە بێت.

*** ماوەیەکە ترافیکێکی دیبلۆماسی نەرم لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هەیە، بەشێوەیەك چاودێران پێیانوایە ئەم پێوەندییە دۆستانەیە کاریگەری دەبێت لەسەر خاوکردنەوەی گرژییەکان و دواجاریش تواندنەوەی بەستەڵەکی نێوان هەردوولا، ئایا ئێوە لەباکووری کوردستان ئایندەی ئەو پێوەندی و نزیکایەتییە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- ئێمە دەمانەوێ باشووری کوردستان، کە بۆتە خاوەنی قەوارەیەکی فیدراڵی دانپیانراو لەعێراق، لەنێو پێوەندی و جموجۆڵێکی سیاسی و ئابوروی و بازرگانی و ئینسانی بەهێز دابێت لەگەڵ تورکیا. بەڵام ئێمە پێمانوایە دەبێ ئەو پێوەندیانە کراوە بن، نەك تەمومژاوی بێت و گومان لەلای کوردەکانی باکوور دروستبکات و لەسەر حیسابی بزووتنەوەی سیاسی کورد لەتورکیا تەواوبێت، ئێمە هیچ لاریمان لەو جۆرە پێوەندییانە نییە ئەگەر بێتو بەشێوەیەکی کراوە ئەنجام بدرێت لە پێناوی بەدیهێنانی ئاشتی و برایەتیدا، بەڵام کاتێك ئەو پێوەندییانە داخراو و نارۆشن بێت ئەوا بەراستی بۆ ئێمە زۆر زەحمەت و دژوار دەبێت.

*** پلاتفۆرمی ئابانت ماوەیەك لەوەوبەر لەهەرێمی کوردستان کۆنفرانسێکی لە پێناو دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی زیاتری نێوان هەولێر و ئەنقەرە گرێدا، ئێوە گرێدانی وەها کۆنفرانسێك کە لەلایەن بزووتنەوەی فەتحوڵڵا گولەن پشتیوانی دەکرێ**



*** ئەگەرچی DTP لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا چاوی لە شارەکانی (سێرت، وان، تبلیس، بینگۆل و چەند ناوچەیەکی دیکە) بڕیوە، بەڵام زۆربەی چاودێرانی سیاســی پێیانوایە ئەرکی DTP لە ناوچەکانی ســێرت و وان زۆر قورســـە، گلەیی هەیە کە هەندێ لە کاندیدەکانی DTP ناپۆچین، بەتایبەتی کاندیدی شاری وان؟**

- ڕاســـتە ئەرکی DTP ئاســـان نییە، بەڵام سەبارەت بە کاندیدەکانمـــان ئەوا من دەڵێم ڕەنگە لەدەستنیشـــانکردنی کاندیـــدەکان ١٠٠٪ هاوکـــۆك نەبووبین، بەڵام بەگشـــتی هەنگاوێکی باشە. بۆ پارێزگای سێرت ئێمە هیوامان زۆر بەهێزە، ئەگەرچی نیوەی ســـێرت هاووڵاتی عەرەبیشـــن، بەڵام ئێمە بڕوامان بە خۆمان بەهێزە. هەروەها بۆ تبلیس و بینگۆڵ باوەڕمەندین. جگە لەوەی لەناوچەکانی دیاربەکر و باتمان و شرناخ و ناوچەکانی دیکە DTP پریستێژی زۆر خورت بووە. لەبەرئەوە پێموایە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا هەم بۆ پۆستی سەرۆکی شارەوانی و هەم بۆ پۆستی ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی دەنگێکی زۆر بەدەست دەهێنین.

*** ئەی ســـەبارەت بە دیاربەکر کە بە پایتەختی مەعنەوی کوردســـتان دادەنرێ، جێـــی چاوتێبڕینی AKP یەو لەم ڕووەوە AKP خەرجییەکـــی زۆری بـــۆ کاندیدی خۆی کردووە بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك شارەوانی دیاربەکر، ئەگەرچـــی بەپێی ئەنکێتەکانی ڕاپرســـی دەڵێن پێدەچێ DTP ڕێژەی ٧٠٪ی دەنگەکان بۆ خۆی ببات؟**

- دیاربەکر ســـیمبۆلی ئاشـــتی و ئـــازادی و بەرخودانە. دیاربەکـــر قەڵایەکە بۆ ئێمەی کورد، بۆیە هەرگیز ناهێڵین ئـــەو قەڵایە بکەوێت. کێشـــەی ئێمە ئـــەوە نییە کە ببینە سەرۆك شارەوانی، بەڵام ئەگەر ئێمە کورسی شارەوانییەکانی دیاربەکر، دێرسیم، باتمان بدۆڕێنین، ئەوا هیچ واتایەك بۆ خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد نامێنێتەوە.

*** ئەمجارە پارتەکەی نەجمەدین ئەربەکان، پارتی سەعادەتی ئیســـلامی بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەکات. ئایا ئەمە هیچ کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی دەنگەکانی AKP دەبێت لە ناوچە کوردنشینەکان؟**

- بێگومان بەشـــداریکردنی پارتەکەی ئەربەکان وا دەکات هەنـــدێ لە دەنگەکانی AKP دابەش ببێت، لەبەر ئەوەی زۆرێـــك لە لایەنگرانی AKP لە چەند ســـاڵی ڕابردوودا لـــە ئەدای پارتەکەیان ڕازی نیـــن، بۆیە **چاوەڕێ** دەکرێت ئەمجارە پارتی ســـەعادەت لە هەنـــدێ ناوچەدا کێبڕکێ

**مەحمود محەمەد ( ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان) بۆ گوڵان:**

# بۆ ئەوەی لە گۆرانکاریەکاندا پێگەمان بەبەهێزی بمێنێتەوە دەبێت چاو بە هاوپەیمانیەکانماندا بخشێنینەوە و خۆمان بۆ قۆناخێکی نوێ ئامادەبکەین



ئایا لەم پرۆسەیەدا
کە کارکردن بە شێوازی
دامەزراوەییە، گۆڕینی
ئیدارەیەک بە ئیدارەیەکی
دیکە، سەرۆکێک بە
سەرۆکێکی دیکە، گۆڕانکاری
لە دارشتنی بریاری سیاسیدا
دروست دەکات؟ بێگومان بەڵێ
دروستی دەکات، بەڵام ئایا
ئاستی گۆرانکاریەکە چۆن
دەبێت؟ خاڵی نەگۆر ئەوەیە
گۆڕانکاری ریشەیی روونادات

ئایا بەرنامەی ئەمریکا بۆ
عێراق هەر ئەوەندەبووە
رژێمێکی دیکتاتۆری بگۆرن و
پاشان چارەنووسی ئەو وڵاتە
بدەنە دەست قەدەر؟وەڵامی
ئەم پرسیارانە پێمان دەڵێن
ئەگەر بەرنامەی ئەمریکا
بەو ئاراستەیە بێت کە
نابەرپرسانە عێراق بە
جێبهێڵن، ئەوا ئەمریکا
بەدەستی خۆی لە رۆژهەڵاتی
ناوەراستدا کارەسات بۆ خۆی
دروستدەکات

بۆ ئیدارەی تازەی ئەمریکی
من پێموایە بەرنامەیەکی
دیکە لە پشت ئەو بەرنامە
راگەیەنراوە هەیە کە ئێستا
میدیاکان بەبەردەوامی
دەیورووژێنن

**دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنــی ١٤ پارێزگاکەی عێراق بێجگە لە هەرێمی کوردستان بە کەرکوکیشەوە.عێراق خەریکە پێدەنێتە قۆناخێکی نوێ و هاوکێشــە سیاسیەکان سەرلەنوێ ڕێکبخرێنەوە، راســتە کورد لەسەر ئاستی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان بێجگە لە بەشــداریکردنی لەسەر ئاســتی موصل ودیالەو تکریت، بەشداری نەکردووە، بەڵام لەســەر ئاســتی پەرلەمانی عێراق بەشدار دەبێت و نفوزی کوردیش دیارە و لەبەر ئەوەی مەســەلەکە پەیوەیســتە بە چارەنووسی کورد لە عێراقدا، لەوانەیە هاوپەیمانی کوردستان تەنها لیســت و قەوارەی سیاســی بێت و گۆرانکاری بەسەر ڕێژەکەیدا نەیەت، ئەگەر گۆڕانکاریشــی بەســەردا بێت، لەوانەیە ئەوپەڕی کورسییەك یان دووکورسی کەمتر یان زیاتر بێت، ئەم پابەندبوونەی گەلی کوردستان بە لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە، کە نیشانەی یەکریــزی ماڵی کوردســتانە بۆ چەســپاندنی مافەکانی، بەڵام لە هەمانکاتیشــدا ئەو ڕێژەیە نییە کــە بتوانێت بە تەنها و بەبێ هاوپەیمانی دۆســت و هاوپەیمانە دیموکراتخوازەکانی بە ئاســانی بتوانێت ئەو مافانە پراکتیزە بکات، بۆیە مەســەلەی خۆسازدان بۆ هاوپەیمانی تازە و وتوێژکردن لەســەر پرسە هاوبەشەکانی عێراقی نوێ، لەبەر ڕۆشنایی گۆرانکارییەکانی عێراق و گۆڕانکاریەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا بەتایبەتی دوای ئەوەی باراك ئۆباما رایگەیاندووە پابەندە بەکشــانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، ئەمانە هەمووی فاکتەر و هۆکاری ئەوەن هاوپەیمانی کوردستانیش چاو بە هاپەیمانیەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە.**

**لەسەر ئاســتی هەرێمیش کۆمەڵێك گۆڕانکاری گرنگ هەست پێدەکرێــت، بە تایبەتی نزیکبوونەوەی ئەنکەرا و هەولێرو گۆڕینی هەڵوێســتی سیاســیی تورکیــا بەرامبەر هەرێمی کوردســتان و پەیوەندیەکانمــان لەگەڵ ئەورپا و چەندیــن گۆڕانکاری دیکەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی جێگەی قسەو باسی ڕۆژانەن.**

**لەسەر ئاستی هەرێمی کوردســتانیش، بەرەو قۆناخێکی هەستیار هەنگاو هەڵدەگرین، کە ئەویش خۆ ئامادەکردنە بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردســتان، بەڵام دیسان لەسەر ئەم پرســەش چەندین کێشە هەن یەکلاییەنەکراونەتەوە، وەك چارەنووســی ڕێککەوتنی ســتراتیژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە لایەن دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانەوە.،**

**ئەم مەســەلانە هەر هەموویان پرســی چارەنووس ساز و قسەباس ومونافەشــەی ئێستای شەقامی سیاســیی کوردستانن و وەڵامی ئەم پرسیارانەش کە ئەو واقیعە دەیورووژێنێت پێویستی بە وەڵامی ئەو کەســانەیە کە بەشێکن لە پرۆسە سیاسەکە و بەشداربووی نێو کۆبونەوە و هەنگاوە سیاسیەکانن بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم کێشــانەدا، بۆیە بۆ ئەم مەبەســتە گوڵان بە پێویستی زانی هەموو ئەو پرسیارانەی پەیوەیســتن بەم کێشانە ڕووبەڕووی بەڕێز مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاســیی پارتی دیموکراتی کوردستان بکاتەوە، تا خوێنەرانی گوڵان یش لە نزیکەوە ئاگاداری هەنگاوەکانی ئەمڕۆو ســبەی بن، کە پەیوەســتە بە چارەنووسی ئەمانیشەوە.**

*** ئاشــکرایە ساڵی ٢٠٠٩ لە دەسپێکەوە بە دوو گۆرانکاری گرنــگ دەســتی پێکــرد، یەکەمیــان دەســتبەکار بوونی ئیدارەی تــازەی ئەمریکا بوو، کــە ئیــدارەی دیموکراتەکانە، دووەمیشــیان هەڵبژاردنــی پارێزگاکانی عێراق بوو. بێجگە لە هەرێمی کوردستان، بێگومان، ئاکامــی ئــەم هەڵبژاردنــە ئاماژەی کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە نەخشــەی سیاسیی عێراقدا هەڵگرتووە، هەروەها ســەبارەت بە گۆڕینی ئیدارەی بوشــیش بە ئیدارەی ئۆباما، سیاسەتی ئەمریــکاش بەرامبــەر عێراق گۆرانــکاری بەســەردا دێت، لەم دووگۆڕانکاریە مەزندەکان بــە و ئاراســتەیەن هیچیــان لەبەرژەوەندی کوردنین، با بزانین ئێوە چۆن ئــەو گۆرانکاریانە دەخوێننەوە؟**

- پرســیارەکە چەند لایەنێکە، بۆیە دەبێت هەرلایەك بە جیاواز هەڵوەستەی لەسەر بکەین، من لە گۆڕینی ئیدارەی ئەمریکاوە دەســتپێدەکەم، بێگومان هەموو دەزانین ویلاتە یەککرتووەکانی ئەمریــکا دەوڵەتێکی گەورەی دامەزراوەییــە، کــە دەڵێیــن دامەزراوەییشــە، واتە پرۆسەی دروســتکردنی بریار بەگشتی و بڕیاری سیاسیی بە تایبەتی و لەناو بریارە سیاسیەکانیشدا، دارِشــتنی بریاری سیاسی بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوە بە شێوەیەکی دامەزراوەیی دادەڕێژرێت و هەموو بەرژەوەندیەکانی ئەمریــکای تێدا لەبــەر چاو دەگیرێت، کەواتە پرســیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لەم پرۆسەیەدا کە کارکردن بە شێوازی دامەزراوەییە، گۆڕینــی ئیدارەیــەك بــە ئیدارەیەکی دیکە، سەرۆکێك بە سەرۆکێکی دیکە، گۆڕانکاری لە دارشتنی بریاری سیاسیدا دروست دەکات؟ بێگومان بەڵێ دروســتی دەکات، بەڵام ئایا ئاســتی گۆرانکاریەکە چۆن دەبێــت؟ بەبــڕوای من خاڵی گرنگ ئەوەیە بزانین ئاســتی گۆڕانکاریەکــە چۆن دەبێت، ئــەوەی لێــرەدا دەبێتە خاڵی نەگۆر ئەوەیــە گۆڕانکاری ریشــەیی روونــادات، بەڵکو لەنــاو بازنەی ئەو پرۆســەی بریارســازی دامەزراوەییــدا گۆڕانکاری لــە بەکارهێنانی بگۆڕەکانــدا ڕوودەدات، واتە ئیــدارەی تازە یان ســەرۆکی تازە دەتوانێــت ئەولەویەتەکان بگۆڕێت، سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراقیش لە ئیدارەی تازەشدا، بێگومان دەبێت ئەو بەرنامەیە دیســان پێناسە بکرێتەوە، ئایا ئەمریکا کە لــە **٢٠٠٣** هاتە عێراق بۆ رزگارکردنــی عێــراق هات، یــان بۆداگیرکردنــی عێراق کــە دوای ئازادکردنی عێراق ئەمریکیەکان خۆیان ئەو ناوەیان لێنا؟ ئایا بەرنامەی ئەمریکا بۆ عێــراق هــەر ئەوەندەبووە ڕژێمێکی دیکتاتۆری بگۆڕن و پاشان چارەنووسی ئەو وڵاتە بدەنە دەســت قەدەر؟ وەڵامی ئەم پرســیارانە پێمــان دەڵێن ئەگەر بەرنامەی ئەمریکا بەو ئاراســتەیە بێت کە نابەرپرسانە عێراق بە جێبهێڵن، ئەوا ئەمریکا بەدەســتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا کارەسات بۆ خۆی دروســتدەکات، بۆیە ئەو ئەگەرانەی ئاماژەمــان پێکردن دوور

●●●

**بایەخی رای گشتی ئەمریکا بە تایبەتی لەسەر دوو ناوچە زۆ چڕبۆتەوە کە ئەویش ئەفغانستان و عێراقە و دەیانەوێت گۆڕانکاری لەم هاوکێشەیەدا دروست بکەن**

●●●

●●●

**ڕێژەی بەشداربوانی ئەمجارەی هەڵبژاردن لە عێراقدا ٥٠,٢٪ واتا ناگاتە ڕێژەی ٥١٪ یش وەک ئاماژەی پێکراوە، ئەمەش واتە لە کۆی ١٥ ملیۆن دەنگدەر، تەنها ٧,٥ ملیۆن دەنگدەر دەنگی داوە و لە کۆی ئەم ٧,٥ ملیۆن دەنگدەرش تەنها ٩٠٠ هەزار دەنگی بە لیستەکەی مالیکی داوە، واتە نزیکەی ١٢٪ دەنگدەران دەنگیان بە لیستەکەی مالیکی داوە، لیستەکەی مالیکی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست نەهێناوە واتە ٥٠٪+١ بەڵکو لە لیستەکانی دیکە زیاتر دەنگی هێناوە**

●●●

●●●

**ئەو لایەنەنانەی زیاتر ئاراستەی ئایینیان کردبووە دورشم خەڵک کەمتر دەنگی پێداون و زیاتر دەنگ بە و لایەنانە دراوە کە ئاراستەیەکی قەومی عەرەبی و گەڕانەوە بۆ حکومەتێکی ناوەندی و بەهێز دروشمیان هەڵگرتبوو**

●●●

لە مەزندەی هەر کەسێك نەك سیاسیی و بەڵکو لە مەزندەی چاودێریکیشەوە کە چاودێری باردۆخی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا بکات، بۆیە دەبێت ئەگەر مەزەندەکانمان بۆ ئیدارەی تازەی ئەمریکی فراوانتر بێت، من پێموایە بەرنامەیەکی دیکە لە پشت ئەو بەرنامە راگەیانراوە هەیە کە ئێستا میدیاکان بەبەردەوامی دەیورووژێنن و باسی دەکەن، هەروەها دەبێت بەرنامەی ئیدارەی تازەی ئەمریکا جیاواز بێت لە بەرنامەی سەرەتای هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق، لەبەر ئەوەی قۆناخەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئیدارەی سەرۆك بۆش باری عێراقی گەیاندە ئەو ئاستەی کە رێککەوتنی ئەمنی بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لە عێراق لەگەڵ حکومەتی عێراق ئیمزا کردووە، واتە قۆناخەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بیر لەوە دەکرێتەوە هێزەکانی ئەمریکا، وەك هێزی داگیرکار لە عێراق نەبن، بەڵکو بوونی هێزەکان لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێوان دوو دەوڵەتدا بێت، لەلایەکی دیکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمجارەی ئەمریکا، لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیشدا هەستمان بە گۆڕانکاری کرد، هەستمانکرد سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پانتاییەکی زۆری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی داگیرکردبوو، ئەمە پێچەوانەی نەریتی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بوو، لەبەرئەوەی پێشتر لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا سیاسەتی ناوخۆ ئەوەی پەیوەستە بە ژیانی رۆژانەی گەلی ئەمریکاوە، وەك باجدان، چاودێری تەندروستی..هتد، ئەمانە خاڵی گرنگی هەڵبژاردنەکان بوون و ئەمانە دەبوونە هۆکاری ئەوەی دەنگدەری ئەمریکی دەنگ بە کام حزب و کام پاڵێوراو بدات بۆ ئەوەی سەرۆکی وڵاتەکەی بێت، بەڵام ئەمجارە ئەوەی کە زۆر زەق بوو سیاسەتی دەرەوە بوو، لەمەشدا دوو شوێن زۆر رووناکی خرایە سەر کە ئەویش ئەفغانسان و عێراق بوو، بەڵام خۆ بایەخدانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر زۆر شوێن و ناوچەی دیکەش لە جیهاندا هەن، کەواتە ئەوەی زۆر گرنگە لێرەدا ئەوەیە بایەخی رای گشتی ئەمریکا بە تایبەتی لەسەر دوو ناوچە زۆ چڕبۆتەوە کە ئەویش ئەفغانستان و عێراقە، و دەیانەوێت گۆڕانکاری لەم هاوکێشەیەدا دروست بکەن، ئەگەر لەم خاڵەوە ئاماژەکان لەسەر عێراق چڕبکەینەوە، دەبینین عێراق چەندین قۆناخی لە سیاسەتی ئەمریکادا تێپەڕاندووە، وەك قۆناخی رزگارکردنی عێراق لە دیکتاتۆری، قۆناخی بونیادنانەوەی دەوڵەت و هەڵبژاردن و نووسینەوەی دەستوور و بونیادی هەیکەلی دامەزراوەکان، کەواتە بێگومان دەبێت قۆناخێکی تازە و پێشکەوتووتر لەوەی پێشتر دەست پێبکات، کە ئەویش قۆناخی بە دیموکراتیزەکردنی عێراقە، لێرە بۆ ئەم قۆناخە تازەیە چەندین پرسیاری تازە سەرهەڵدەدەن، کە هێشتا ئیدارەی ئەمریکی بەرنامەی خۆی بۆ یەکلاییەکردۆتەوە، میدیاکان وەڵامی جۆراوجۆری لەسەر بڵاودەکەنەوە، هەر بۆ نموونە ئایا لەم قۆناخەدا کە پێیدەڵێن قۆناخی دیموکراتیزەکردنی عێراق، ئایا بەو دامودەزگا ودامەزراوانەی ئێستا لە حکومەتی عێراقدا هەن، ئایا لە توانایدا هەیە دیموکراتی بونیاد بنرێت؟

ئایا عێراق بەم باردۆخەی ئێستای کە حوکمرانی پێدەکات دەبێتە ئەو دەوڵەتە دامەزراوەییەی کە ئەمریکیەکان ئومێدی بۆ دەخوازن؟بەتایبەتی کە سەرەتا باسی پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەراستی گەورەیان دەکرد و باسیان دەکرد دەبێت هەنگاوی ئەم پرۆسەیە دەبێت لە عێراقەوە دەستی پێبکرێت.کەواتە ئیدارەی ئەمریکا کۆماری بێت یان دیموکراتی، سەرۆکی ئەمریکا بوش بێت یان ئوباما، لەسەر ئەو ئەولەویەتانەی ئەمریکا ئیش دەکات و ناتوانێت چوارچێوەی ئەم ستراتیژە بگۆرێت.

ئینجا ئەگەر بێمە سەر لایەنەکەی دیکەی پرسیارەکەت کە پەیوەستە بە ئاکامی هەڵبژاردنی پارێزگاکان وەك ئاماژەیەك بۆ گۆڕینی نەخشەی ساسیی لە عێراقدا، کە دەزانم مەبەستتان ئەوەیە مالیکی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێناوە، من لێرەدا دەمەوێت ئەو ئاراستەیەش کە لە میدیاکان بەگشتی و لە میدیاکانی کوردستانیش بە تایبەتی ئاماژەی پێدەکرێت هەڵوەستەیەك بکەین و بپرسین، ئایا بەراستی مالیکی زۆرینەی عەرەبی عێراق ( لەبەر ئەوەی لە کوردستان بە کەرکوکیشەوە هەڵبژاردن نەکراوە و لەو ٣ پارێزگایەی کە هاوپەیمانی کوردستان بەشداری کردووە دیارە دەنگ دراوە بەکیێ ) دەنگیان داوە بە مالیکی؟بێگومان نەخێر لەبەر ئەوەی :

١- رێژەی بەشداربوانی ئەمجارەی هەڵبژاردن لە عێراقدا ٪٥٠,٢ واتا ناگاتە رێژەی ٪٥١ یش وەك ئاماژەی پێکراوە، ئەمەش واتە لە کۆی ١٥ ملیۆن دەنگدەر، تەنها ٧,٥ ملیۆن دەنگدەر دەنگی داوە و لە کۆی ئەم ٧,٥ ملیۆن دەنگدەرش تەنها ٩٠٠ هەزار دەنگی بە لیستەکەی مالیکی داوە، واتە نزیکەی ٪١٢ دەنگدەران دەنگیان بە لیستەکەی مالیکی داوە، کەواتە بۆ لیستەکەی مالیکی، نەك زۆرینەی عەرەبی عێراق دەنگی بە مالیکی نەداوە بەڵکو ئەگەر هەر ١٥ ملیۆنەکە بەشداری بکردایە، رێژەی دەنگدانی مالیکی زۆر لە ٪ ١٠ کەمتر دەبوو، بەڵام ئێستا بەرزترین ئاستی رێژەی ئەو دەنگدانەیە کە قەوارەیەکی سیاسیی وەریگرتووە، هەر ئەم رێژەیەشە ئاماژەیەکی زەقە کە بە هەموو لایەك دەڵێت دروستبوونی ئیستقراری سیاسیی بەردەوام لە عێراقدا کارێکی ئاسان نییە، چونکە کە هیچ لایەك ناتوانێت بەبێ هاوپەیمانیی، ئەنجوومەنی پارێزگا پێکبهێنیت، هاوپەیمانیەك دەبێت هاوپەیمانی نێوان کۆمەڵێك لایەن بێت، نەك دوو لایەن یان سێ لایەن، بۆیە لیستەکەی مالیکی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست نەهێناوە واتە ٪٥٠+١ بەڵکو لە لیستەکانی دیکە زیاتر دەنگی هێناوە.

٢- خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم مەسەلەی گۆڕینی نەخشەی سیاسیی عێراقە ومەزندەکانە بۆ گۆرینی شێوازی هاوپەیمانی تازە لە عێراقدا، راستە ئەمەش گۆرانکاری تێدا بووە، بەڵام بەو ئاراستەیە خۆی پیشاندەدا کە ئەو لایەنانەی زیاتر ئاراستەی ئایینیان کردبووە دورشم خەڵك کەمتر دەنگی پێداون و زیاتر دەنگ بە ولایەنانە دراوە کە ئاراستەیەکی قەومی عەرەبی و گەڕانەوە بۆ حکومەتێکی ناوەندی و بەهێز دروشمیان هەڵگرتبوو، هەر بۆنموونە ئەو دروشمەی مالیکی لە

**زۆربەی ئەوانەی -دەنگیان بە مالیکی داوە بۆ ئەوەیە مالیکی لە بەغدا نفوزی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز دابمەزرێنێت وبە گشتیش لە هەنگاوەکانی پێشووی پاشگەز ببێتەوە و بە تایبەتیش بەرامبەر بەکورد**

**پێشتر پێشکەوتن لە پرۆسەی سیاسیی پێکهاتنەوەی نیشتمانی هەبوو، پێشکەوتن لە پرۆسەی ئاسایش و سەقامگیری نەبوو، ئێستا پرۆسەی ئاسایش و سەقامگیری تۆزێک بەرەو پێشەوە چووە، بەلام پرۆسە سیاسیەکە سڕبووە**

**ئێستا لەبەر ئەوەی ئەو ٥٢ مادەیە بە یاسا رێکنەخراون ویاسایان بۆ دەرنەکراوە، حکومەتی مالیکی سوود لە یاساکانی رژێمی پێشوو وەردەگرێت. کەواتە ئێستا مالیکی کار بە مەرکەزیەت دەکات**

**لایەنەکانی دیکە زۆر لە ئێمە زیاتر لە دەسەڵاتی مالیکی نیگەرانن، ئێمە وەک کورد چەند کێشەیەکمان هەیە هەڵواسراوە بۆیە تەنگاوین، بەلام لایەنەکانی دیکەی عێراق لەرووی دەسەلاتەوە تەنگاوترن هەربۆنموونە ئەنجوومەنی بالا، فەزیلە، صەدر، ئیبراهیم جەعفەری، ئەمانە هەموویان کێشەیان لەگەڵ مالیکی هەیە**

**ئێمە وەک هاوپەیمانی کوردستان لەبەرامبەر کێشە گشتییەکانی عێراق کە تایبەت نەبووە بە کورد بێدەنگ بووین، تەنها لەسەر ئەو مەسەلانە بەدەنگ هاتووین کە تایبەت بووە بە کێشەی خۆمان، ئێمە لە چەندین کێشەی وەک کێشەی تەیاری سەدر و حکومەت وکێشەی حزبی فەزیلە و جیابوونەوەیان لە حکومەت، حزبی فەزیلە ١٥ کورسیان لە پەرلەمان هەیە، کەچی لە حکومەتی عێراقدا وەزیرێکیان نەبووە، ئێمە لەو کاتانە لەسەر کێشەکانی ئەوان بەدەنگ نەهاتووین، بێگومان ئەوانیش کە هاتۆتە سەرکێشەکانی کورد بێدەنگ بوون، هەندێک لەو لایەنانە لە کۆبونەوەکاندا راشکاوانە پێیان گووتوین، ئێوە تەنها مەبەستان مەسەلەکانی خۆتانە و هیچی تر، تاوایلێهاتووە پێمان دەڵێن ئەوان تەنها بۆ مەسەلەی کورد بەشداری پەرلەمان دەکەن و لەسەر مەسەلەکانی دیکە بەشداری ناکەن**

**مالیکی لەبەرامبەر هەر وەزارەتێک لیژنەیەکی راوێژکاری داناوە و سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیەشی بەکەسێک سپاردووە کە لە حزبەکەی خۆیەتی (واتە حزبی دەعوا) دەسەڵاتی هێجگار زۆریشی پێداوە**

هەڵبژاردنەکەدا بەرزیکردبۆوە، راســتە لە رووکاردا دروشمێکی نیشتمانی بوو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئەو دورشمە بوو کە دڵی عەرەبی عێراقــی وەك قەومیەی عەرەبی، گەڕانەوە بۆ مەرکەزیەت پێ رازیبکات، هەربۆیە عەرەبی عێراق ئەم دروشــمەی لە دروشمی ئایینی پێباشــتر بــوو، بۆیە دەنگیان زیاتر بــە مالیکیدا، ئەم ئاراستەیە بە ئاشکرا لە ئاکامی دەنگدانی بەغدا رەنگیداوەتەوە، ئاشــکرایە زۆربەی ئەوانەیدەنگیان بــە مالیکی داوە بۆ ئەوەیە مالیکی لە بەغدا نفوزی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت حکومەتێکی مەرکــەزی بەهێز دابمەزرێنێت وبە گشــتیش لە هەنگاوەکانی پێشووی پاشگەز ببێتەوە و بە تایبەتیش بەرامبەر بەکورد.

٣- لایەنێکی دیکــە کە لەم هەڵبژاردنانە هەســتی پێکرا ئەو ئیمکانیەت و دەســەڵاتەی لەبەردەستی مالیکی بوو، بێگومان مالیکی لە هەردوو حاڵەتدا چ وەك ئەوەی ئیمکانیەتی لەبەردەستە وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق و دەسەڵاتداریشە، ئەم دوو لایەنەی بۆ بەرژەوەندی لیستەکەی خۆی بەکارهێنا و ئاشکراشە لیستی ســەرۆك وەزیران کە بە فیعلی لە دەســەڵاتدایە خەڵك زیاتر لە دورشــمەکانی کۆدەبێتەوە وەك لە قەوارەیێکی سیاسیی دیکە کە لە دەسەڵاتدا نییە.

*** بــەڵام ئەم ئاکامە هاندانێکــە بۆ مالیکی بۆ ئەوەی بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنــی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش هەمان ســیناریۆ دووبــارە بکاتەوە، لەوانەیە بــۆ هەڵبژاردنی پارێــزگاکان ئەو کاریگەرییەی نەبێت، بەڵکو مەترســیەکە بۆ هەڵبژاردنەکانــی ئەنجوومەنی نوێنەرانــی عێراقە، ئێوە چۆن سەیری ئەم پرسە دەکەن؟**

- بەڵێ ئەم مەترسیە لە جێی خۆیدایە، بەڵام ئەمەش دەوەستێتە ســەر ئەوەی مالیکی لــەم ماوەیەدا چەند لــەم هەنگاوانەی سەرکەوتوو دەبێت :

١- سەرکەوتنی لە پرۆسەی سیاسیی عێراق، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی پێشتر پێشکەوتن لە پرۆسەی سیاسیی پێکهاتنەوەی نیشتمانی هەبوو، پێشکەوتن لە پرۆسەی ئاسایش و سەقامگیری نەبوو، ئێستا پرۆسەی ئاسایش و سەقامگیری تۆزێك بەرەو پێشەوە چووە، بەڵام پرۆسە سیاسیەکە سڕبووە.

٢- ئایا دوای سەرخســتنی پرۆسەی سیاســیی، حکومەتی مالیکی تاچەند دەتوانێت خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیان بکات؟، ، بۆیە ئەگەر لە پرۆســەی سیاسیشدا سەرکەوتووبێت ئەگــەر نەتوانێت لــە پرۆســەی بونیادنانــەوە و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکاندا ســەرکەوتووبێت، ئەوا ناتوانێت بە هەنگاوی گەورەوە بچێتە پێشەوە.

٣- ئایائەگەر پرۆســەی سیاسی و پرۆسەی بونیادنانەوە پێکەوە بە هاوســەنگی بەرێوە بچن؟ مالیکی ئەو دەسەڵاتەی ئێستای دەمێنێت؟ئەگەر ئەو دەسەڵاتەشــی هەبێت پرســیار ئەوەیە ئایا دەتوانێــت وەك بەخراپ بەکارهێنانی لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیشدا دەتوانێت بە کاری بهێنێت؟

٤- بێگومان دوای سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی و سەرخستنی پرۆســەی بونیادنانەوە، پەرلەمانــی عێراقیش ئەو پەرلەمانەی ئێستا نابێت، بەڵکو دەبێتە پەرلەمانێکی چالاك بێت و چاودێری کارەکانی حکومەت بکات و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، پرسیار لێرە ئەوەیە ئەگەر پەرلەمان ئەو گۆڕانەی بەسەردا هات و بووە ئەو پەرلەمانەی لە حکومەت بپرســێتەوە ئایا مالیکی دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی لە ناو حکومەتدا رەفتار بکات؟ئایا ئەو ٥٢ مادە دەستوورییەی ئێستا پێویستە پەرلەمان بە یاسا رێکیانبخات و یاسایان بۆ دەربکات، ئەگەر ئەو ٥٢ مادەیە بە یاسا رێکخران، ئایا چوارچێوەیەك بۆ دەسەڵاتەکانی مالیکی دانانرێت. ئەمە لە کاتێکدا ئێستا لەبەر ئەوەی ئەو ٥٢ مادەیە بە یاسا رێکنەخراون ویاسایان بۆ دەرنەکراوە، حکومەتی مالیکی سوود لە یاساکانی رژێمی پێشــوو وەردەگرێــت. کەواتە ئێســتا مالیکی کار بە مەرکەزیەت دەکات.

*** ئەگەر لەم خاڵەوە باس لەو کێشــەو ئاســتەنگانە بکەین کە لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا بە هەڵواسراویی ماونەتــەوە، ئەمەش واتــە کورد دەبێت لەگەڵ ئەو دەســەڵاتە مەرکەزیەی بەرێزت ئاماژەت پێکرد کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات، لەبــەر ئەوەی زۆر لە شــرۆڤەکار و سیاســەتمەداری ئەمریکی و تەنانەت عێراقیش لە ژمارەکانی پێشوودا بە گوڵانیان راگەیانــدووە کە ئەمریکا بە کورد دەڵێت دەبێت لەگەڵ مالکی کێشەکانی خۆتان چارەسەر بکەن، کێشەی هەرێمی کوردستان و بەغدا کێشەیەکی ناوخۆیەو ئەمریکا تەدەخول ناکات، پرسیاری ئێمــە ئەوەیە ئەگەر لەگەڵ مالیکی نەگەیشــتینە ئاکامێکی باش، ئایا هیچ رێگە چارەیەکی دیکەمان هەیە؟**

- ئەمریکا بوونی هەبێت وەك میانگیر لە نێوان بەغدا و هەرێمی کوردســتان، یــان ئەمریکا بوونی نەبێت و راســتەوخۆ لەگەڵ حکومەتی مالیکی هەوڵبدەین کێشــەکان چارەســەر بکەین، لە هەردوو حاڵەتدا یەك مەرجەعمان هەیە دەبێت بگەرێینەوە سەری ئەویش دەستووری هەمیشــەیی عێراقە، ئەوجا ئەمریکا بوونی هەبێت یان نەبێت کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا هەردەبێت لەسەر بنەمای ئەو دەستوورە چارەسەربکرێت.

*** بەڵام ئەو دەستوورە سڕکراوەو کاری پێناکرێت؟**

- ئینجا لێرەدا ئەمە کێشەکەیە کەبەس تەنها کێشەی ئێمە نابێت، بەڵکو لایەنەکانی دیکەش لەسەر ئەو سڕکردنەی دەستوور کێشەیان لەگەڵ مالیکی هەیە، دەتوانم بڵێم لایەنەکانی دیکە زۆر لە ئێمە زیاتر لە دەســەڵاتی مالیکی نیگەرانــن، ئێمە وەك کورد چەند کێشەیەکمان هەیە هەڵواسراوە بۆیە تەنگاوین، بەڵام لایەنەکانی دیکەی عێراق لەرووی دەســەڵاتەوە تەنگاوتــرن هەربۆنموونە ئەنجوومەنی باڵا، فەزیلە، صەدر، ئیبراهیم جەعفەری، ئەمانە هەموویان کێشەیان لەگەڵ مالیکی هەیە، هەموو ئەو کێشانەش بە گەڕانەوە بۆ ئەو دەســتووورە چارەســەردەکرێت، بۆیە دەبێت هەمــوو هەوڵەکانمان بۆ ئەوەبێت ئەو دەســتوورە چالاکبکرێتەوە بۆ ئەوەی ســەرجەم کێشــەکانی عێراقی پێچارەســەر بکەین، هەموو کێشــەکانی عێراق بە دەستوور چارەسەر دەکرێت، کەواتە مەسەلەی تەفعیلکردنی دەســتوور تەنها داخوازی کورد نییە، بۆیــە هیچ رێگــە چارەیەکی دیکە نییە بۆ چارەســەرکردنی

تەواوی کێشـــەکانی عێراق کە دەبێت بگەرێینەوە بۆ دەستووری عێراق.

*** بەڵام دیسان کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم وبەغدا زیاترە لە کێشەی نێوان مەجلیس وصەدر وفەزیلە و ئیبراهیم جەعفەری لەگەڵ مالیکی، چونکە کە قســـە دێتە سەر پرسی مافەکانی هەرێمی کوردســـتان ئەوان لەگەڵ مالیکـــی یەکدەگرنەوە، ئایا ئەمەش رووبەڕووی دەرگای داخراومان ناکاتەوە؟**

- لێـــرەدا دەبێت ئێمـــەش دان بەهەندێك راســـتیدا بنێین، لەوەو پێش ئێمەش وەك هاوپەیمانی کوردســـتان لەبەرامبەر کێشـــەی لایەنەکانـــی دیکە هەندێك بێدەنگ بوویـــن، ئەمەش وایکردووە ئەوانیش لەبەرامبەر کێشـــەکانی ئێمـــە  بێدەنگ بن، ئێمە وەك هاوپەیمانی کوردســـتان لەبەرامبەر کێشـــە گشتیەکانی عێراق کـــە تایبەت نەبووە بە کورد  بێدەنگ بووین، تەنها لەســـەر ئەو مەسەلانە بەدەنگ هاتووین کە تایبەت بووە بە کێشەی خۆمان، کەواتە لەبەر ئەوەی ئێمە لە چەندین کێشەی وەك کێشەی تەیاری ســـەدر و حکومەت وکێشـــەی حزبی فەزیلە و جیابوونەوەیان لە حکومەت، حزبی فەزیلە ١٥ کورســـیان پەرلەمان هەیە، کەچی لە حکومەتـــی عێراقدا وەزیرێکیان نەبووە، بۆیە ئێمە لەو کاتانە لەســـەر کێشەکانی ئەوان بەدەنگ نەهاتووین، بێگومان ئەوانیش کە هاتۆتە سەرکێشـــەکانی کورد  بێدەنـــگ بوون، هەندێك ئەو لایەنانە لە کۆبونەوەکاندا راشـــکاوانە پێیان گووتوین، ئێوە تەنها مەبەستان مەسەلەکانی خۆتانە و هیچی تر، تاوایلێهاتووە پێمان دەڵێن ئەوان تەنها بۆ مەسەلەی کورد بەشداری پەرلەمان دەکەن و لەسەر مەسەلەکانی دیکە بەشداری ناکەن،

*** ئایا بێجگە لەو لایانـــەی جەنابت ئاماژەت پێکرد، ئایا پێت وانییـــە، پەرلەمانتارانی ئێمەش لە ئەزموونی پەرلەمانی فرەیی و تەکەتـــول و هاوپەیمانیی بێ ئەزموون بوون و نەیانتوانیوە وەك پێویست رۆڵی خۆیان بگێڕن؟**

- هەمووی مەســـەلەکە بێ ئەزموونـــی نییە، دەبێت بەرنامەی هاوپەیمانی کوردســـتان پرۆگرامڕێژکراو بێت، کوتلەکانی دیکە بەپێـــی پرۆگـــرام کاری خۆیان دەکەن، ئێمـــە وەك هاوپەیمانی کوردستان بێجگە لە ئەندامانی پەرلەمانی عێراق چەندین وەزیر و پۆســـتی گرنگمان لە عێراقدا هەیە و دەبێت هەموو پێکەوە بە پرۆگرام ئیش بکەن، واتە هەموو پێکەوە ئەو پرۆگرامە جێبەجێبکەن کە بۆ ئەو مەبەستە دارێژراوە، ئەمەش واتە مەسەلەکە بە تەنها پەرلەمانتارانی لیســـتی هاوپەیمانی کوردستان نین.بۆیە ئەگەر گلەیی لە ئەدای پەرلەمانتارانی هاوپەیمانی کوردستان بکەین، دەبیت لە هەمانکاتدا گلەیی لەو تەوجیهاتەنەش بکەین کە بۆیان دەچێت.هەروەها دەبێت گلەیی لەو هاوپەیمانیانەش بکەین کە ئێمە لەگەڵ لایەنەکانی سونەو شـــیعە هەمانە، لەبەر ئەوەی بەشێك لەو هۆکارانەی دەبنە ئاســـتەنگ لەبەردەم کوتلەی هاوپەیمانی کوردســـتان لە ناو پەرلەمانی عێراقدا، رەنگدانەوەی هاوپەیمانی سیاســـیی نێوان ئێمە و ئەو لایەنایە کەلەگەڵیاندا هاوپەیمانین، رەنگدانـــەوەی ئەو رێککەوتنـــە دوو قۆڵی و چوار قۆڵی وپێنج قۆڵیانەیە کە لە بەغدا هەمانە، بۆیە هەندێك جار بۆ پاراستنی



بەرژەوەندی ئەو لایەنانە ناچـــار بووین لایەنی دیکە فەرامۆش بکەین، بە مەزندەی من ئێســـتا پێویســـتە پێداچوونەوەیەك بەو هاوپەیمانیەتیانەدا بکەینەوە.

*** کەواتـــە ئەمە بەو مانایە دێت کورد هەتا ئێســـتا بە بەرنامە کاری نەکردووە؟**

- نەخێر بەبەرنامە ئیشـــیکردووە، بەڵام قۆناخەکان جیاوازن، لە قۆناخەکانی پێشتر کە پێویســـتمان بە هاوپەیمانی چوار قۆڵی هەبووە، هەروەها پیویســـت بووە لەگەڵ هەردوو حزبی شیعە ( ئەنجوومەنی باڵا و دەعوا )یان پێویســـت بووە لەگەڵ هاوبەندی شیعەبین ئەو کاتەی ١٣٢ کورسی لە پەرلەمان هەبووە، بۆ ئەوەبووە بتوانین کۆمەڵیك دەستکەوت لەناو دەستووردا بچەسپێنین، بەڵام ئیئتلافی شیعە ئیســـتا وەك خۆی نەماوە، ئێستا نزیکەی ٧٠ پەرلەمانتاری هەیە.هەروەها ئەو شتانەی لەو قۆناخانەی پیشتر دەمان ویستن لەگەڵ ئەوانەی ئێستا دەمانەوێت لێکجیاوازن، بۆ نموونە ئەوکات دەمانویست دەسکەوتەکان وەك دیکۆمێنت لە ناو دەســـتوردا بچەسپێن، ئێستا دەمانەوێت ئەو دیکۆمینتانە بکرێنە یاســـا و جێبەجێ بکرێن، ئەوانیش ئەوەی ئەو کات دەیانویســـت وئـــەوەی ئێســـتا دەیانەوێت لێکجیـــاوازە، کەواتـــە قۆناخەکان جیاوازن، بۆیە دەبێت پیداچوونەوەی ئێمەش لەبەر رۆشنایی ئەو جیاوازیانەبێت.

*** بەڵام مەزندەیەکیش هەیە کە حکومەتی عێراق ئێستا بریتی نییە لە ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵکو بە فیعلی بریتیە لە**

●●●

**بەشێک لەو هۆکارانەی دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم کوتلەی هاوپەیمانی کوردستان لە ناو پەرلەمانی عێراقدا، رەنگدانەوەی هاوپەیمانی سیاسیی نێوان ئێمە و ئەو لایەنایە کەلەگەڵیاندا هاوپەیمانین، رەنگدانەوەی ئەو رێککەوتنە دوو قۆڵی و چوار قۆڵی وپێنج قۆڵیانەیە کە لە بەغدا هەمانە، بۆیە هەندێک جار بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئەو لایەنانە ناچار بووین لایەنی دیکە فەرامۆش بکەین، بە مەزندەی من ئێستا پێویستە پێداچوونەوەیەک بەو هاوپەیمانیەتیانەدا بکەینەوە**

●●●

●●●

**ئیئتلافی شیعە ئێستا وەک خۆی نەماوە، ئێستا نزیکەی ٧٠ پەرلەمانتاری هەیە**

●●●

●●●

**ئەنجوومەنی راوێژکاری کێشەیەکە و یەکێکە لەو کێشانەی ئێمە وەک هاوپەیمانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی مالیکی هەمانە. جیا لەمەسەلەی کێشە هەڵواسراوەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەغدا**

●●●

●●●

**ئەو ٥ لیژنەی کە بۆ گرفتە جیاوازەکان پێکهێنران، بەشێکیان کارەکانی خۆیان تەواو کردووە، بەڵام کە هەست دەکەین گرفتەکانمان زیادیکردووە، لەبەر ئەوەیە کێشەی دیکە هاتۆتە پێش**

●●●

ئەنجوومەنی راوێژكارانی مالیكی و راوێژكاران كاری وەزیرەكان دەكەن، ئەمەش واتە ئێمە دەبێت لەگەڵ یەك تاكە كەس كێشەكان چارەســەر بكەین نەك بە هاوپەیمانی و شــێوازی پەرلەمانی، ئایا بەراســتی ئێستا حكومەتی عێراق ئەنجوومەنی راوێژكاران بەڕێوەی دەبات؟

- دانانــی ئەنجوومەنــی راوێــژكاری و ئەوەی ئێســتا دەڵێن ئەنجوومەنــی راوێژكاریە نــەك ئەنجوومەنی وەزیــران، ئەمە دەرهاویشــتەی ئەو ئەقلیەتەیــە كە سیاســیەكانی عێراق بە مالیكیشــەوە بۆ حكومرانی لە عێراقدا هەیانە، ئێستا دەتوانین بڵێین مالیكی لەبەرامبەر هەر وەزارەتێك لیژنەیەكی راوێژكاری داناوە و سەرۆكایەتی ئەو لیژنەیەشی بەكەسێك سپاردووە كە لە حزبەكەی خۆیەتی ( واتە حزبی دەعوا ) وە دەســەڵاتی هێجگار زۆریشی پێدراوە.

*** واتە بە فیعلی راوێژكارەكە وەزیرە؟**

- بەڵێ. لەبەر ئەوەی ســەرۆكی لیژنەكــە یەكەم لە حزبەكەی مالكیە و دووەمیش تەوجیهات لە ئەنجوومەنی وەزیران وەرنا گرێت، بەڵكو لە شەخســی د.مالیكی وەردەگرێــت، ئەمە وایكردووە تارادەیەك كێشە لە نێوان وەزارەتەكان و سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا دروست ببێت، هەندێك جار دەستوپێگیریش دروستبووە، دەســتێوەردان لە ناو وەزارەتەكاندا هەیە، هەندێك لە وەزارەتەكان دەنگــی نارەزاییان بەرزكردۆتەوە و ئاماژەیان بەوە كردووە كاری دامەزراوەیی بەو شێوەیە بەڕێوە ناچێت.بۆ بونیادی دامەزراوەی ئاســتەنگ لەبەردەم هەنگاوەكانمان دروســت بێت، بەڵی راستە ئەنجوومەنی راوێژكاری كێشەیەكە و یەكێكە لەو كێشانەی ئێمە وەك هاوپەیمانی كوردستان لەگەڵ حكومەتی مالیكی هەمانە. جیا لەمەســەلەی كێشە هەڵواســراوەكانی هەرێمی كوردستان لەگەڵ حكومەتی بەغدا.

*** بەڵام ئــەوەی ئێمە داوای دەكەین هەمووی خۆزگەیە دەبێت وابــكات و دەبێت وانەكات، بەڵام مالیكــی بە فیعلی هیچی نەهێشتۆتەوە؟**

- ئەگەر لە بیرتان بێت دوای ســەردانەكەی جەنابی ســەرۆك بارزانی بۆ بەغدا، ٥ لیژنە دروستكرا، یەكیك لەو لیژنانە ئەركی پێداچوونەوەی ئەو گرفتە ئداریانەی پێسپیراووە.

*** بەڵام گرفتەكانمان زیاتر بوون، نەك چارەسەركران؟**

- ئەو ٥ لیژنەی كە بۆ گرفتە جیاوازەكان پێكهێنران، بەشێكیان كارەكانــی خۆیــان تەواو كــردووە، بەڵام كە هەســت دەكەین گرفتەكانمان زیادیكردووە، لەبەر ئەوەیە كێشــەی دیكە هاتۆتە پێــش، هەربۆنموونە لەو كاتەی كــە رێككەوتنی ئەمنی نێوان ئەمریكا وعێــراق هاتە پێش، داواكرا وەرەقــەی ریفۆرم بدرێتە پەرلەمــان و پەرلەمان پەســەندی بكات، ئــەوەی ئیقراركراوە، لەوەشــدا دیســان مەسەلەی گەڕانەوە بۆ دەســتوور و بۆ یاسا ئاماژەی پێكراوەو پەســەندكراوەتەوە بەوەی دەبێت بەگەڕانەوە بۆ دەستوور كێشەكان چارەسەر بكرێت.

*** بەڵام پێشلكاریەكانی حكومەتی عێراق هەژمار ناكرێن، خۆ كێشەكە هەرلە بەغدا نییە، ئەوەتا لە ناوچە دابراوەكانی دەرەوەی ئیدارەی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە خانەقین تا شەنگار، بە تایبەتیش بۆ كەركوك چەندین فەوجی سەربازی عێراقی بۆ هێنراوە، پرســیار ئەوەیە بۆچی ئەم هێزانە دەهێنرێن بۆ كەركوك و ناوچەكانی دیكە؟**

- ئەم كێشــەیە ماوەیەكە لە نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان وحكومەتــی بەغدا هەیە، خوێندنــەوە و لێكدانەوەی جیاواز بۆ ئەم مەســەلەیە دەكرێت، لای ئەوانەوە ئەو ناوچانەی كێشــەیان لەســەرە، دەبێت لە ژێر دەسەڵاتی حكومەتی فیدراڵی بمێننەوە هەتا كێشــەكانیان یەكلایی دەكرێتەوە، لە روانگەی ئێمەشــەوە وەك هەرێمی كوردســتان دەڵێین دەبێت مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم ناوچانە بە شــێوازی هاوبەش ئیدارە بكرێن هەتا چارەنووســیان یەكلاییدەكرێنەوە، هاوبەشــیش لە چیدا بۆ نموونە نابێت هێزی سەربازی بۆ ئەو ناوچانە بنێردرێن كە پێویستیان پێی نییە و ئەو هێزانەی كە لەو ناوچانە هەن بەســن، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی ئارامن و كێشــەیان بۆ دروست نابێت، ئەم دوو خوێندنەوەیە ئەو كێشەیەی دروست كردووە.

*** بەڵام خۆ كێشــەیەك لە ناوچانە روویننــەداوە هەتا بەیانووی ئەوەی ئەو كێشانە چارەسەردەكات هێزی سەربازی بنێرێت؟**

- بەڵێ هیچ كێشــەیەك روویننەداوە، بەڵام دەبێت ئەو راستیەمان لەبەرچاوبێت كە بەشێك لەو خەڵكانەی سیاسەتی لایەنی دیكە بەڕێوە دەبەن، ئەو خەڵكانەن كە باكگراوندی یان هەمان ئەقلیەتی رژێمی پێشــوویان هەیە كە ئەو ناوچانە بەبەشــێك لەدەولەتی عێراقــی دەزانن، لەلایەكــی دیكەوە، هەموویان بانگێشــەی حكومەتی مەركەزی دەكەن كە لە هەموو دەســتووری عێراقدا وشــەیەكی بەناوی حكومەتی مەركەزی بوونی نییە، هەروەها بێدەنگ بوونی ئەمریكا لەســەر ئەو كێشانە، زیاتر كێشەكانی ئالۆزتر كردووە.

*** ئەشــكالیەتێكی دیكە خــودی ئەو دەســتوورەیە كە ئێمە دەمانەوێت بیكەین بەمەرجەع بۆ چارەســەركردنی كێشەكان، بۆ نموونە مالكیش بانگێشەی ئەوە دەكات هەنگاوەكانی دەستوورین، بۆ نموونــە كەباســی هەمواركردنی دەســتوور دەكات، دەڵێت دەستوورەكەیە رێگە بە هەمواركردنی دەستوور دەدات، دەستوورە دەسەڵاتی فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكانی داوەتە سەرۆك وەزیران، دەستوورە رێگەی پێداوە بەو جۆرە رەفتار بكات، ئەگەر وانییە بۆچی ئێمە روانگەی خۆمان بۆ جێبەجێكردنی دەستوور روون نەكردۆتەوەو، هەروەها بەرێزت ئاماژەت بە دروستكردنی ٥ لیژنە كرد كە بۆ چارەسەركردنی كێشەكان پێكهێنراون ئەم لیژنانە كاریان كردبێت یــان نەیانكردبێت پێكەوە كۆنەبوونەتەوە، ئایا بۆ ئێمە گوتارێكی راشكاوەنەمان بۆ بەغدا نییە؟**

- نەخێــر مەســەلەكان بەو جــۆرە نییە، ئێمە گوتــاری روون وئاشكرامان هەیە و مەسەلەكانیش بۆ بەغدا روونكراونەتەوە، لە كاتێكدا لیژنە پێكدەهێنرێت، لیژنە لەســەر چی پێكدێت؟ لیژنە لەبەرەنجامی ئەو جیاوازیانە پێكدێن.

*** بەڵام لیژنەكان كۆنەبوونەتەوە؟**

- نــا، كۆبونەتەوە، لەو (٥) لیژنەیەی پێكهێنرابوو، ( ٣) لێژنە

●●●

**بەشێک لەو خەڵكانەی سیاسەتی لایەنی دیكە بەڕێوە دەبەن، ئەو خەڵكانەن كە باكگراوندی هەمان ئەقلیەتی رژێمی پێشوویان هەیە كە ئەو ناوچانە بەبەشێك لەدەوڵەتی عێراقی دەزانن**

●●●

**لە هەموو دەستووری عێراقدا وشەیەكی بەناوی حكومەتی مەركەزی بوونی نییە، هەروەها بێدەنگ بوونی ئەمریكا لەسەر ئەو كێشانە، زیاتر كێشەكانی ئالۆزتر كردووە**

●●●

**لەو (٥) لیژنەیەی پێكهێنرابوو، ( ٣) لیژنە كارەكانی خۆیان تەواو كردووە و راپۆرتیشیان ئامادەكردووە، بەڵام ئەو لیژنەیەی كە مالیكی تێدایە كۆنەبۆتەوە، بەڵام گوتاری ئێمە روونە و ئەو لیژنانەش بۆ روونكردنەوە و وردكرنەوەو بەیاساییكردنی ئەو مادانەیە كە پێویستن یاسایان بۆ دەربكرێت**

●●●

**دەستوور هەتا ئەو كاتەی هەموار دەكرێت واجبە لەسەر هەموو دامەزراوەكانی حكومەت جێبەجێی بكات، هەركاتێكیش ویستمان هەمواری بكەین ئەوا رێو شوێنی دیاریكراویش بۆ هەمواركردن هەیە**

●●●

کارەکانی خۆیان تــەواو کردووە و راپۆرتیشــیان ئامادەکردووە، بــەڵام ئەو لیژنەیەی کــە مالیکی تێدایــە کۆنەبۆتەوە، بەڵام گوتــاری ئێمە روونــە و ئــەو لیژنانەش بــۆ روونکردنەوە و وردکرنەوەو بەیاساییکردنی ئەو مادانەیە کە پێویستن یاسایان بۆ دەربکرێت پێکهێنراون، یەکێك لەو مەســەلانە ئەوەیە چۆن عێراق بەرێوەدەبرێت، مەســەلەیەکی دیکە کە مالیکی دەڵێت دەستوور رێگــەم پێدەدا هەموار بکرێت، راســتە، بــەڵام ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە پێش ئەوە باوەڕی بەدەستوور نەمێنێت؟، من ئەوەندە دەڵێم دەســتوور هەتا ئەو کاتەی هەموار دەکرێت واجبە لەســەر هەموو دامەزراوەکانی حکومەت جێبەجێی بکات، هەرکاتێکیش ویســتمان هەمواری بکەین ئەوا رێو شــوێنی دیاریکراویش بۆ هەموارکــردن هەیە، بەڵی کــە هەموارکــراو هەموارکردنەکە پەســەندکرا بەپێی ئەو هەموارکردنە هەنگاو هەڵدەگیرێت، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە مالیکی پێش هەموارکردنەکە باوەڕی بەدەستوور نەماوە، بەشێوەیەکی ئینتقائی هەندێك ماددەی لێ هەڵدەبژێرێت کە لەبەرژەوەندی خۆیەتی ئەوەی دیکەشی پێشێلدەکات.

*** ئەگەر پرسیارەکە بەشــێوەیەکی دیکە بکەین ئایا ناکرێت لە رێکخســتنەوەی هاوپەیمانیەتیەکانمان بە جۆرێکی دیکە بیر لە هاوپەیمانیەتی تازە بکەینەوە، هەر بۆ نموونە ئێمە زۆر پشــتمان بە ئەنجوومەنی باڵا بەســتبوو، بەڵام دەرکــەوت ئەنجوومەنی باڵا ئەوەندە بەهێز نییە، .ئایــا ناکرێت ئەم جارە پراگماتیکیانە هاوپەیمانیەتی خۆمان دروست بکەینەوە؟**

- باشــە ئێمەش بە هەمان شــێوە بیری لێدەکەینــەوە و بەڵام لەگەڵ کامیان، حزبی ئیســلامی عێراقــی، حزبی دەعوا کە هاوپەیمانییێتیشــمان هەیە و کەچی لەگەڵ مەســەلەکانی تۆ نییە.

* کەواتە لەو هاوکێشەیەدا کورد زەرەرمەند دەبێت؟

- ئــەوە واقیعــی عێراقە، ئەو ئەقلیەتە لــە عێراقدا هەیە، خۆ ئێمە دروســتمان نەکردووە، ئێســتا ئێمە ناچاریــن لەگەڵ ئەو ئەقڵیەتە مامەڵە بکەین، دەبێت بەشــێوازێك مامەڵەی لەگەڵدا بکەین کە بەرژەوەندیەکانمان نەکەوێتە مەترســیەوە، ئێمە ئێستا وەك کوتلەیەکی سیاسیی لە ناو پەرلەماندا کوتلەیەکی بێ هێز نیین.

*** بەڵام بە هێزیش نین؟**

- نفوزی ئێمە ئەوەندەیە لە عێراقدا.

*** بــەڵام زۆرجا هونەری دبلۆماتی دەتوانێت رۆڵێکی کاریگەر بــەو هێزە دیاریکــراوە بگێرێت، خاڵــی لاوازی ئێمە ئەوەیە کە نەمانتوانیوە هاوپەیمانیەکی هاوسەنگ لەگەڵ هەموو لایەنەکان بکەین؟**

- با ئێمە واقیعی بین حزبی فەزیلە گلەیی ئەوەمان لێدەکەن کە کێشەیان لەگەڵ حکومەتی مالیکی هەبووە و پشتمان نەگرتوون، رەوتی صەدریەکان لەســەر ئەوە لەوانەیە لە ئێمە توورەبن کاتێك مالیکی لێیدان ئێمە لەســەریان بەدەنگ نەهاتین و پشتگیری مالیکیمان کردووە، بەڵام وەرە ســەیر بکــە لە کاتی خۆیدا لەو کاتەی کە ئەو مەســەلانە روویانداوە، لەو کاتەی صەدرو فەزیلە



پێویســتیان بەوە بووە کە ئێمە پشتیانبگرین، پرسیار ئەوەیە لەو کاتە بۆ کورد ئەوە باش بوو پشــتی ســەدر و فەزیلە بگرێت، یان پشتی حزبی دەعوا و ئەنجوومەنی باڵا؟ئەوکاتە هەڵوێستی دروســت بۆ بەرژەوەندی کورد ئەوە بوو پشتی مەجلیس و حزبی دەعــوا بگریت.بۆچــی؟ لەبەر ئەوەی فەزیلە بەشــێك بووە لە ئیئتلافی شــیعە، لەوانەیە بۆ کورد باش نەبێت هاوپەیمانیەکی فراوانی هەیــە، بچێت واز لەو هاوپەیمانیــە گەورەیە بێنێت و پشــتی کۆمەڵیك خەڵك بگرێــت کە لەنــاو هاوپەیمانیەکەتدا کێشەی خۆیان هەیە، یان لەمەسەلەی لێدانی صەدریەکان، ئایا چۆن لەســەر کورد دەشــکایەوە ئەگەر ئێمە بمانگوتایە ئەوانە ئیرهابی نین و شۆڕشگێرن؟

ئەمەیە کەمن دەڵێم هەندێك جار لەسەر هەندێك مەسەلە بێدەنگ بوویــن، ئەمە مانای ئەوەنیــە ئێمە هاوکێشــەکانمان بە هەڵە خوێندبێتەوە، نەخێر ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی زۆر لە فەزیلە ورەوتی صەدر بۆ بڕوابوونی بە کێشەکانی ئێمە باشترە.

*** باشــە ئێــوە داواتان لــە ئەمریکا نەکردووە گوشــار بخاتە سەرمالکی بۆ ئەوەی کێشەکان زیاتر ئاڵۆز نەبن؟**

- ئەمریکا ئێســتا گوشــار ناخاتە ســەر مالکی لەبەر ئەوەی پێویستی بە مالکیی هەیە.

*** ئەی بۆ پێشتر لەکاتی ئیمزاکردنی رێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق وئەمریــکا ( SOFA) بۆچی ئەمریکا پێی دەگووت ئەو رێککەوتنە ئیمزا نەکرێت دەیگۆڕین، باشە ئەوەی ئێستاش**

●●●

**گرفتەکە ئەوەیە مالیکی باوەڕی بەدەستوور نەماوە، بەشێوەیەکی ئینتقائی هەندێك ماددەی لێ هەڵدەبژێرێت کە لەبەرژەوەندی خۆیەتی ئەوەی دیکەشی پێشێلدەکات**

●●●

●●●

**رەوتی صەدریەکان لەسەر ئەوە لەوانەیە لە ئێمە توورەبن کاتێك مالیکی لێیدان ئێمە لەسەریان بەدەنگ نەهاتین و پشتگیری مالیکیمان کردووە**

●●●

●●●

**ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی زۆر لە فەزیلە ورەوتی صەدر بۆ بڕوابوونی بە کێشەکانی ئێمە باشترە**

●●●

●●●

**ئەجێندای ئەمریکی ئەوەنییە هاتبن بۆ عێراق بۆ ئەوەی کێشەی کورد چارەسەر بکەن، بەڵام هەندێك لە بەرنامەکانی ئەجێندای ئەمریکی لەگەڵ بەرنامەی کوردستاندا رێك بووە**

●●●

●●●

**ساڵێك لەمەو پێش ئەگەر ئەمریکا لە عێراق بکشابایەوە ترسی کارەسات هەبوو لە نێوان شیعەو سونە، سونە و کورد، ئێستا تۆزێك باردۆخەکە باشتر بووە بەڵام ترسی سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی نەڕەوییوەتەوە**

●●●

**ئەگەر یەكێتی نیشتمانی بە دوولیست بێتە هەڵبژاردنەكەوە، ئەوا گفتوگۆی دیكە لەسەر ڕێككەوتنە ستراتیژییەكە دەكرێت**

**تائێستا ئەو باڵەی كەدەڵێت بە لیستی سەربەخۆ دادەبەزم بەشێكە لە یەكێتی و كاك نەوشیروان گوتوویەتی بەشێكم لەو سەرووەت و سامانەی كە یەكێتی هەیەتی، هەروەها نەیشیوتووە من حزبێك دروست دەكەم. هەموو پرۆژەكانی بۆ ڕێكخستنەوەی نێوماڵی یەكێتی نیشتمانی كوردستان بووە، كێشەكەشیان لەسەر ڕێكخستنەوەی نێو ماڵی یەكێتی نیشتمانی كوردستان بووە**

**هەندێك لە میدیاكان و هەندێك لەوانەی خۆیان بە ڕۆشنبیر دەزانن، باس لەوە دەكەن با كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی عێراق بێت هەڵبژاردنەكان بەڕێوە ببات، بە مەزندەی من ئەمەیان بەشێكە لە خۆ بەكەمزانین، بەشێكە لە باوەر بەخۆنەبوون، لەبەر ئەوەی ئێمە پێمانخۆشە هەموو چاودێری بیانی و عێراقی و ئیقلیمی بێن چاودێری هەڵبژاردنەكان بكەن، بەڵام دەبێت دەستەی باڵای هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان هەڵبژادنەكە بەڕێوەبەرێت**

**كێشە نییە؟**
- بێگومان لێدوانی ڕۆژنامەوانی جیاوازە لەوەی كە بەراستی نیەتیان چییە و دەیانەوێت چی بكەن، ئێستا ئەمریكیەكان هەموو ئامانجیان ئەوەیە سەقامگیرییەكی ڕێژەیی لە عێراقدا هەبێت و، لە پێناوی ئارامبوونەوەی باردۆخی عێراقدا هەموو شتێك دەكەن.

*** بەڵام ئارامی و سەقامگیری چۆن بوونی دەبێت ئەگەر كێشەكانی نێوان هەرێمی كوردستان بەغدا چارەسەر نەكرێت؟**
- با بەراستی بدوێن، ئەجیندای ئەمریكی ئەوەنییە هاتبن بۆ عێراق بۆ ئەوەی كێشەی كورد چارەسەر بكەن، بەڵام هەندێك لە بەرنامەكانی ئەجیندای ئەمریكی لەگەڵ بەرنامەی كوردستاندا ڕێك بووە، ئەو بەشە ئێستا زۆری بەدیهاتووە یان لە شوێنێكدا ڕاوەستاوە، بەشەكەی دیكەی نێو ئەجێندای ئەمریكا شتی دیكەیە، پرسیار ئەوەیە ئایا ئێمە چەند هاوبەشیمان هەیە كە لەبەشەكەی دیكەی ئەجێندای ئەمریكیدایە، بەڵام دەبێت ئێمە هەوڵبدەین ئەوە بە تەواوەتی لە ئەمریكیەكان بگەیەنین بەبێ چارەسەری كێشەی كورد سەقامگیری لە عێراقدا بوونی نابێت.

*** پرسیارێكی دیكە ئەوەیە لە كاتی هەڵبژاردنەكانی پارێزگاكاندا لەسەر مەسەلەی برا كریستیانەكانمان كە ڕووبەڕووی مەترسی بوونەوە، هەموو جیهان هاتە دەنگ، بەڵام كورد لە عێراق دووەمین نەتەوەیە كەچی پێمان دەڵێن بچن خۆتان كێشەكانی خۆتان چارەسەر بكەن، ئێمە تەدەخول ناكەین، ئایا ئەمەیان چۆن دە خوێننەوە؟**
- وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت لە ئەمریكیەكان بپرسین؟

*** بەڵام ئەگەر لەدوای ڕووخانی ڕژێمەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەو هەموو هەوڵەی كورد بۆ بونیادنانەوەی عێراق دای، نیوەی ئەو هەوڵەمان بۆ پەیوەندیە ئیقلیمەكان بە تایبەتی توركیا و پیوەندیە نێودەوڵەتیەكان بدایە ئێستا باردۆخمان باشتر نەدەبوو؟**
- سەبارەت بە توركیا كە یەكێكە لە دراوسێ گرنگەكانمان، ئێمە ئامادەبووین، بەڵام ئەوان ئامادەنەبوون، ئەوەتا لەم ڕۆژانە لەسەر ئەوەی پەرلەمانتارێكی كورد لە پەرلەمان بەكوردی قسەیكردووە، دادگایی دەكرێت، باشە وڵاتێك تەنانەت زمانی نەتەوەكەی تۆی پێ قبوڵنەكرێت، چۆن و بە شێوازێك دەتوانیت پەیوەندیەكی لەگەڵدا دابمەزرێنیت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوولا، ڕاستە ئێمە دەمانەوێت بەرژەوەندی ئابووری و سیاسیمان لەگەڵ توركیا هەبێت و لەسەر بنەمای ڕێز و بەرژەوەندی هاوبەشیش بێت، بەڵام گرفتی ئێمە ئەوەیە توركیا ئەو شێوازەی ناوێت، توركیا پێشتر نەدەیویست مامەڵەیەكی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەرێمی كوردستان بكات وەك هەرێمێكی فیدراڵی لە چوار چێوەی عێراقدا.توركیا ماوەیەكە هەندێك هەڵوێستی گۆڕاوە، ئەگەر نا پێشتر دەیگوت نەك لە كوردستانی عێراق بەڵكو لە ئەرژەنتینیش دەوڵەتی كوردی دروست بێت دەچین تێكیدەدەین.

*** گوتاری كوردیش لەم مەسەلەیەدا كەموكورتی هەبووە، واتە گوتارێكی ڕاشكاو و یەكگرتووی دەوڵەتیی (مەبەست بوونی دەوڵەت نییە، بەڵكو گوتارەكە هاوشێوەی گوتاری دەوڵەتیی بێت) بوونی نەبووە، باشترین حاڵەت، لێدوانی ئەم دواییەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان، كە دەكرێت بەو شێوە سەیری بكەین كە دەربڕی ڕەسمی هەڵوێستی گەلی كوردستانە سەبارەت بە كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق و ئاگاداریشبوون چۆن ئەم لێدوانەی سەرۆكی حكومەت ڕەنگدانەوەی لە میدیاكانی ئەمریكا هەبوو، بەڵام هاوكات دەبینین لێدوانی پێچەوانەی ئەم لێدوانەش لە سەر ئاستی پەرلەمانی كوردستان و سەرۆكایەتی عێراقیش هەیە، بەوەی كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا هیچ كێشەیەك دروست ناكات، بۆیە ئێمە پێمان وایە كە نەمانتوانیوە پەیوەندیە ئیقلیمی و نێودەولەتیەكانیشمان وەكو پێویست ڕێكبخەین، هۆكارەكەی ئەوەیە گوتاری كوردیش بۆشایی هەبووە، ئایا بەڕێزت لەمبارەیەوە چی دەڵێت؟**
- ئەوە تێڕوانینی جیاوازە لەسەر مەسەلەكان، نەك بۆشایی یان كەموكورتی نێو خیتابی كوردی، ئەگەر سەبارەت بە هەڵویست و تێڕوانینمان سەبارەت بەكشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا قسە بكەین دەمێكە ئەوە تەئیكدكراوەتەوە كە كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە بەرژەوەندی كورد نییە و بوون و مانەوەیان لە بەرژەوەندی كورد و مافەكانیەتی، ڕاستە ساڵێك لەمەو پێش ئەگەر ئەمریكا لە عێراق بكشابایەوە ترسی كارەسات هەبوو لە نێوان شیعەو سونە، سونە و كورد، ئێستا تۆزێك باردۆخە باشتر بووە بەڵام ترسی سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی نەڕەویوەتەوە، بۆیە گرنگە سەبارەت بەو مەسەلە هەستیارانە تەنها لایەنی تەخویلكراو هەڵوێستی ڕەسمی هەرێمی كوردستان لەسەر مەسەلەكان دەرببرێت، بەڵام هەتا ئێستاش لە كوردستان هەمولەسەر ئاستی حزبی و حكومی لێدوان دەدەن، زۆر جاریش لەسەر ئەو لێدوانانە لەوانەیە بارگرژی دروست ببێت.

*** ئەگەر بێینە سەر سەردانی ئەم دواییەی سەرۆك بارزانی بۆ ئەوروپا، ئێمە باسی لایەنی پێشخستنی ئابووری ناكەین، ئایا بەڕێزتان دەتوانن باسێكی لایەنە سیاسیەكەیمان بۆ بكەن، ئایا لە ڕووی سیاسیەوە تاچەند سوومەند بووە بۆ هەرێمی كوردستان؟**
- پێش هەموو شت بەسەركردنەوەو توندوتۆڵكردنەوەی ئەو پەیوەندیانەی هەرێمی كوردستان لەگەڵ ژمارەیەك لە دەوڵەتانی ئەورپی هەیەتی كارێكی پێویستە، ڕاستە ئێمە لەگەڵ ئەمریكا هاوپەیمانین یان خۆمان بەدۆستی ئەمریكا دەزانین، بەڵام دەوڵەتانی ئەوروپییش لە ناوچەكەدا كاریگەریی خۆیان هەیە، لەسەر وڵاتانی دەوربەی كوردستان كاریگەریان هەیە.هەربۆیە دۆستایەتی و نزیكی ئێمە كە لەگەڵ ئەورپا هەمان بووە لەوانەیە پێش ئەوەبووبێت كە لەگەڵ ئەمریكا دۆستایەتیمان هەبووبێت، ئەو دەستكراوەیەی بزووتنەوەیرزگاریخوازی كوردستان لە ئەوروپا هەیبووە، لەوانەیە بەو ئاستە لە ئەورپا نەیبووبێت، بۆیە پێشینەیەك لە پەیوەندی كورد لەگەڵ ئەورپا

هەبـــووە، بۆیە هەوڵدان بۆ تازەکردنەوی هاوســـۆزی ئەوان بۆ ئێمە بەبەردەوامی ســـوودێکی هێجـــگار گەورەی بۆ هەرێمی کوردستان و کێشەی کورد هەیە، هەوڵدانێکە بۆئەوەی ئێمە لە گۆشەیەکدا گۆشەگیر نەبین.

*** بایێنە سەرباروودۆخی ناوخۆی کوردستان کە ئێستا مەسەلەی هەڵبژاردن یەکێکە لە کێشـــە گەرمەکان، ســـەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێـــراق دەڵێت هەڵبژاردنەکان دەکرێت، بەڵام لەوانەیە لەو رۆژەدا (٥/١٩ ) نەکرێت کەباسی لێوەدەکەن، بەڵام لەســـەر ئاستی شـــەقامی کوردی کێشە ســـەرەکیەکان یەکلاینەکراونەتەوە، بۆ نموونـــە پارتی و یەکێتی رێککەوتنی ســـتراتیژیان هەیە بەیەك لیســـت دابەزن، بەڵام هەستدەکرێت ناهاوســـەنگیەك لەو هەڵبژاردنە دروست دەبێت بەهۆی ئەوەی لەوانەیـــە لەهەموو حاڵەتێك یەکێتی نیشـــمانی کوردســـتان لیســـتێکی دیکەی هەبێت بێجگە لە لیستی هاوبەش لەگەڵ پارتی، ئایا بەر لەوەی یەکێتی لیستی سەربەخۆی رابگەیەنێت هەڵوێستی پارتی چۆن دەبێت؟**

- بە مەزندەی من دەبێت بەرێز مام جەلال و یەکێتی نیشـــتمانی چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکەن، ئەم مەسەلەیەش لەگەڵ برایانی مەکتەبی سیاســـیی یەکێتی نیشتمانی کوردســـتان باسکراوە، ئەگەر یەکێتی نیشـــتمانی بە دوولیســـت بێتە هەڵبژاردنەکەوە، ئەوا گفتۆگۆی دیکە لەسەر رێککەوتنە ستراتیژییەکە دەکرێت، بـــەڵام ئەگەر بەیەك لیســـت دابەزن ئینجا ئـــەوان چۆن لە ناو خۆیانـــدا رێککدەکەون، ئـــەوا ئەو رێککەوتنە ســـتراتیژیە وەك خۆی بەرەو پێشـــەوە دەچێت.لەبەر ئەوەی تائێســـتا ئەو باڵەی کەدەڵێت بە لیســـتی ســـەربەخۆ دادەبەزم بەشێکە لە یەکێتی و کاك نەوشیروان گوتوویەتی بەشێکم لەو سەروەت و سامانەی کە یەکێتی هەیەتی، هەوەها نەیشیوتووە من حزبێك دروست دەکەم. هەموو پرۆژەکانی بۆ رێکخستەوەی نێومالًی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە، کێشەکەشـــیان لەسەر رێکخستنەوەی نێو ماڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە، کەواتە ئەمە دەمێنێتەوە دوای ئەوەی یەکێتی خۆی چۆن ئەو کێشەیە چارەسەردەکات.

*** ئەگەر بەکورتی هەڵوێســـتی پارتی دیموکراتی کوردستانمان بەرامبەر بە هەڵبژاردنەکان بۆ باس بکەیت؟**

- سەبارەت بە هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەسەر هەڵبژاردن ئەمە هەڵوێستی ئێمەیە:

١- ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان سوورین لەسەر ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتی خۆیدا بکرێت.

٢- سوورین لەســـەر ئەوەی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان دامـــودەزگای هەرێمـــی کوردســـتان بـــن، نەك لقێـــك بن لە دامودەزگاکانی بەغدا.بەتایبەتی ئەوەی ئێستا باسی لێوەدەکرێت وەك دەســـتەی باڵای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردســـتان، ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەم دەســـتەیە هەبێت و سەرپەرشـــتی هەڵبژاردن بکات وەك دەستەی باڵای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان.

*** بـــەڵام خەڵکانێك هەن دەڵین ئەگەر ئەم دەســـتەیە بە تەنها سەرپەرشتی بکات تەزویر دەکرێت؟**

- بـــۆ تەزویر دەکرێت، ئایا ئێمە ئەزموونمان لە هەڵبژاردن زیاترە یان دەســـتەی بـــاڵای هەڵبژاردنی بەغدا، ئەگەر مەســـەلەش یارمەتیدانـــی نەتەوە یەککگرتووەکان و چاودێرانی بیانییە با بێن، ئێمەش پێویستمان بە یارمەتیدانی نەتەوەیەککگرتووەکان وهاتنی چاودێری بیانـــی هەیە، با بێن یارمەتیمـــان بدەن، با هەرچی چاودێری بیانی چەند دەخوازن بیهێنن ئێمە لاریمان نییە، ئەگەر کۆمسێونی باڵای عێراق دەیەوێت بێت و چاودێری بکات پێمان خۆشـــە بابێن چاودێری بکەن، با لەبەســـراوە تادەگاتە تکریت نوێنەری خۆیان بنێرن، ئێمە لەمانە هیچ رێگرییەکمان نییە، بەڵام ئەوەی ئێمە نیگەرانکردووە ئەوەیە بۆچی دەبێت دامودەزگاکانی ئێمە لقێکی سەر بە بەغدا بن.لە کاتێکدا دەستووری عێراق ئەو ماف و دەســـەڵاتەی پێداوین دامودەزگای سەربەخۆی خۆمان هەبێت و هەروەها ئەم مەسەلەیەش ناکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتە حەسریەکانی حکومەتی فیدرالیەوە.پرسیار ئەوەیە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەریم لەبەرژەوەندی کێدایە، لەکاتێکدا هەندێك لە میدیاکان و هەندێك لەوانەی خۆیان بە رۆشـــنبیر دەزانن، باس لەوە دەکەن با کۆمســـێونی بـــاڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق بێت هەڵبژاردنەکان بەرێوە ببات، بە مەزندەی من ئەمەیان بە شـــێکە لە خۆ بەکەمزانین، بەشـــێکە لە باوەر بەخۆنەبوون، لەبەر ئەوەی ئێمە پێمانخۆشـــە هەموو چاودێری بیانی و عێراقی و ئیقلیمی بێن چاودێری هەڵبژاردنەکان بکەن، بەڵام دەبێت دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان هەڵبژادنەکە بەرێوەبەرێت.



**ئایا ئێمە ئەزموونمان لە هەڵبژاردن زیاترە یان دەستەی باڵای هەڵبژاردنی بەغدا، ئەگەر مەسەلەش یارمەتیدانی نەتەوە یەکگرتووەکان و چاودێرانی بیانییە با بێن، ئێمەش پێویستمان بە یارمەتیدانی نەتەوەیەکگرتووەکان وهاتنی چاودێری بیانی هەیە،با بێن یارمەتیمان بدەن،با هەرچی چاودێری بیانی چەند دەخوازن بیهێنن ئێمە لاریمان نییە،ئەگەر کۆمسێونی باڵای عێراق دەیەوێت بێت و چاودێری بکات پێمان خۆشە بابێن چاودێری بکەن،با لەبەسراوە تادەگاتە تکریت نوێنەری خۆیان بنێرن،ئێمە لەمانە هیچ رێگرییەکمان نییە، بەڵام ئەوەی ئێمە نیگەرانکردووە ئەوەیە بۆچی دەبێت دامودەزگاکانی ئێمەی لقێکی سەر بە بەغدا بن.لە کاتێکدا دەستووری عێراق ئەو ماف و دەسەڵاتەی پێداوین دامودەزگای سەربەخۆی خۆمان هەبێت**

# ململانێی نێوان DTP و AKP لەسەر هەڵبژاردنی شارەوانییەکان گەرمتر دەبێت

## AKP بۆ بەدەستهێنانی دیاربەکر هەموو وێستەگان تاقی دەکاتەوە



قەڵای دیاربەکر سەنگەرێکی بەهێز بۆ DTP و کورد

هەڵبژاردنی هەرێمی ناسراو بە"هەڵبژاردنی شارەوانییەکان" کە بڕیارە لە ٢٩ی ئەم مانگە بە فەرمی لەتورکیا ئەنجام بدرێت، بۆتە ڕۆژەڤی سەرەکی دەزگاکانی چاپەمەنی ئەو وڵاتە، لەبەرئەوەی ئەو هەڵبژاردنە چارەنووسی سەرجەم پارتە سیاسییەکان لەداهاتوو دەستنیشان دەکات. گرنگترین وێستگەی پێشبڕکێکەش لەناوچە کوردنشینەکانە، کە ئێستا بۆتە جێگەی ناکۆکی و ململانێیەکی توندی نێوان پارتی کۆمەڵگای دیوکراتیك (DTP) و پارتی داد و گەشەپێدان (AKP)، بە تایبەتیش ئێستا ململانێکان لەسەر بەدەستهێنانی پۆستی شارەوانی دیاربەکر، کە بە "قەڵای کوردان" دەناسرێت، گەرموگوڕتر بووە، ئەمەش دوای ئەوەی هەردوولا کاندیدی خۆیان دەستنیشانکرد.

کاتێك سەرۆك وەزیرانی تورکیا زۆر بە دڵنیاییەوە لەدوی هەڵبژاردنی ٢٢ی تەمموزی رابردوو رایگەیاند: "من شارەوانی دیاربەکرم دەوێ" ئەوا وەڵام و پەرچەکرداری سیاسەتمەدارانی کورد لە DTP بۆ سەرۆك وەزیرانی تورکیا لەبەرامبەر وەرگرتنی جڵەوی شارەوانی دیاربەکر (قەڵای ئامەد) بە گوتەیەکی ئۆسمان بایدەیر سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر دەستی پێکرد و ڕایگەیاند: "ئامەد قەڵای دیموکراسییە، ئێمە نایدەینە دەست کەسی دیکە". لەم دواییەدا سەرۆك وەزیر ئەردۆگان لە ئەنقەرەی پایتەخت لەگەڵ سەرۆکی شارەوانییەکانی پارتەکەی کۆبوونەوە و ستراتیژی کاری پارتەکەی بۆ هەڵبژاردنی هەرێمی راگەیاند. ئەردۆگان لەم کۆبوونەوەیدا داخوازی پارتەکەی بۆ بەدەستهێنانی پۆستی شارەوانی گەورەی دیاربەکر دووپاتکردەوە، هەروەك شارەوانی (شەرناخ و دەرسیم و باتمان)یشی خستەسەر. ئەردۆگان بەشێوەیەکی زۆر ڕاشکاوانە شارەوانییەکانی ژێردەستی DTPی بۆ خۆی کردۆتە "کێشەیەکی نەتەوەیی" و دەڵێ: "هەرچی پێویست دەکات بیکەن تەنیا ئەم شارەوانیانە ببەینەوە". بۆ ئەم مەبەستەش هەفتەی ڕابردوو سەرۆك وەزیران دیسانەوە سەردانی دیاربەکری کرد و قوتبەددین ئارزووی کاندیدی پارتەکەی بەجەماوەر ناساند و بەڵێنی چاکسازیکردن لە دەستوور و سوپای دایە خەڵك. لەسەرووی هەمووشیانەوە محەمەد میردەنگیر فورات ڕاوێژکاری ئەردۆگان دەیەوێ سەرکێشی هەڵبژاردنەکان بکات، هەر بۆیە ئەندامانی AKP و ئەوانەی کە لە کۆردیناسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێمیدا بەشدارن، ئەم داخوازییەی ئەردۆگانیان وەکو فەرمان قبوڵکردووە و کەوتوونەتە نێو هەوڵدان.

بەگوێرەی ئەو ئامار و ڕاپرسیانەی تائێستا ئەنجامدراون، ئەو راستییە دەرکەوتووە، لەدوای هەڵبژاردنی ٢٢ی تەمموزی رابردوو لەئەنجامی سیاسەتی ئینکار و ئۆپەراسیۆنەکانی دەوڵەت، AKP لەباکووری کوردستان دەنگەکانی ڕوو لە دابەزیندایە، بەتایبەتیش دوای ئەنجامدانی زنجیرەیەك هێرش لەشارەکانی

دیمانە: گوڵان/ دیاربەکر

باکووری کوردستان وەکو لە شارەکانی وان، سێرت، ماردین، موش و چەولیك ڕوویاندا، بۆیە ئێستا دەنگەکانی AKP کەمبۆتەوە، لەبەرئەوەش دەسەڵاتدارانی AKP دوای فەرمانەکانی ئەردۆگان دەستیان بە جموجۆڵ کردووە.



دەسەڵاتداران پێش هەموو شتێك ئەنجامی ڕاپرسیەکانیان داناوەتە بەردەمیان و هەڵسەنگاندنەکانیان بەمشێوەیە: "بۆئەوەی شارەوانییەکان لەدەستی DTP بهێنینە دەرەوە، پێویستیمان بە ڕێککەوتننامە هەیە لەگەڵ لایەنەکانی دیکە". بۆئەمەش AKP لەزۆربەی شارەکانی باکووری کوردستان چەند هاوپەیمانییەتیەکی لەگەڵ پارتەکانی دیکە سازکردووە بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە و بنکۆڵکردنی DTP.


لەمبارەیەوە چاودێرانی سیاسی کورد پێیانوایە ئامانجی هەموو توخمەکانی دەوڵەتی تورکیا لەباکووری کوردستان بریتییە لەتێکشکاندنی سیاسەتی کوردی لەوڵاتەکە، بۆیە ئێستا تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دەوڵەت لەوپەڕی چەپ بۆ ئەوپەڕی ڕاست، لەوپەڕی عەلمانی بۆ ئەوپەڕی ئیسلامی وەکو یەك تیم بۆ ئەو ئامانجە کار دەکەن. لەم ڕووەوەش یەك گوتاری دەوڵەتی تورك لەبەرامبەر کوردان لەسەر هەموو ئاستێکی کارکردندا ڕەنگیداوەتەوە.

## لەڕاپرسییەکاندا DTP پێشەنگە

بەگوێرەی ئەو ئەنکێتی ڕاپرسیانەی کە بەسەر هەموو ماڵێکی کورد لەدیاربەکر بڵاوکراوەتەوە، تێیدا هاتووە: "ئەگەر ئەمڕۆ هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، ئێوە دەنگی خۆتان بە کێ دەدەن؟" ئەوا لەئەنجامی ڕاپرسییەکان دەرکەوتووە کە کێڕقی دەنگەکانی AKP لەهەرێمە کوردنشینەکان ڕوو لە خوارەوەیە و، بە پێچەوانەوە ڕاپرسییەکان ئاماژە بە بەرزبوونەوەی کێڕقی DTP دەدەن لەناوچە کوردییەکان. هەروەك لەدواین ڕاپرسیدا کە کەناڵی تەلەڤزیۆنی هەبەر تورك بڵاویکردۆتەوە، دەرکەوتووە کە پرسێستیژی DTP لەزۆربەی ناوچە کوردنشینەکان لە AKP زیاترە، وەك لەم وێنانەدا بەدی دەکرێت. کۆمپانیای نێودەوڵەتی IPSOS کە ئەو ڕاپرسییەی بۆ کەناڵی هەبەر تورك ئامادە کردووە، ڕایگەیاند کە تائێستا لە پێشبڕکێکانی هەڵبژاردن لەشاری دیاربەکر DTP بە زیاتر لە ١١ خاڵ لەپێش AKP دایە. ئەو ڕاپرسییە کە لە ٤ ناوچە سەرەکییەکە و ٤٥ شەقامی ئامەد ئەنجامدراوە و بەگشتی بیرورای ١٣٦٤ کەس وەرگیراوە، دەرکەوتووە کە ڕێژەی دەنگەکانی DTP لە ٥٠،٥ دەنگ پێکدێت و ٣٩،٥ کەسیش متمانەی خۆیان بە AKP بەخشیوە.












هەروەها بەپێی زانیاری ئەو ڕۆژنامەنووسە تورکانەی لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا میتینگەکەی سەرۆك وەزیر ئەردۆگان-یان لە دیاربەکر هەڵسەنگاندووە، ڕایدەگەیەنن کە لەبەرئەوەی AKP لەپاش هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تەمموزی ٢٠٠٧ وەك پێویست وڵامی داخوازییەکانی کوردی نەداوەتەوە، بۆیە لەزۆربەی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و لەنێویشیاندا لە دیاربەکر چانسی سەرکەوتنی لەدەستداوە.

بەگوێرەی دوا ڕاپرسییەکان دەرکەوتووە کە ئیدی AKP ئەو هێزە نییە بتوانێ قەڵای دیاربەکر فەتح بکات.

بەڵام وێڕای ئەو ئەنجامانەش، AKP بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك شارەوانی



دیاربەکر هەموو هێز و توانایەکی خۆی خستۆتەگەڕ، هەروەك ئێستا AKP لەپاکێتێکدا کۆمەڵێك پرۆژەی ئامادەکردووە کە خۆی لە ١٢ ملیار دۆلار دەدات، ئەمەش بۆ پێشبرکێکردن لەهەڵبژاردنی هەرێمیدا. سەرۆك وەزیر ئەردۆگان دەڵێت ئەو بڕە پارەیە وەکو پاکێتێکی خزمەتگوزاری پێشکەشی هەرێمە کوردنشینەکان دەکەین. لە ماوەی رابردووشدا جەمیل چیچەك جێگری سەرۆك وەزیرانی تورکیا رایگەیاند کە کابینەکەی ئەردۆگان بەنیازە بەردی بناخەی ٤ زانکۆی مۆدێرن لەتورکیا دابنێت، هاوشان لەگەڵ کردنەوەی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی کوردی ئەوا کار بۆ ئەوە دەکەن زمانی کوردی لە زانکۆکانیش بەکاربهێنرێ. لەلایەکی دیکەوە، قادر تۆپتاش سەرۆکی شارەوانی گەورەی ئیستانبوڵ بەپاساوی ئامادەبوون لەکۆبوونەوەی ئەکادیمیای پەروەردەیی کارکردن بۆ شارەوانییەکان سەردانی دیاربەکری کرد، کە چاودێرانی سیاسیی دەڵێن ئەردۆگان رایسپاردووە بۆ ئەم سەردانە. تۆپتاش رایگەیاند، کە ستراتیژی پارتەکەی گرنگیدانە بەشار و شارۆچکەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا و "دیاربەکر"یش یەکێکە لەو شارانە. هەروەك گوتیشی ئەگەرچی ماوەیەکی کەم بۆ سازدانی هەڵبژاردنی هەرێمی ماوە، بەڵام AKP رێز لەهەڵوێستی دەنگدەران و متمانەی خەڵك بە AKP دەگرێت. سەرۆکی شارەوانی ئیستانبوڵ لەکۆتایی ئاخاوتنەکانیدا بانگی هاوڵاتیانی دیاسپۆراشی کرد کە بەرەچەڵەك خەڵکی دیاربەکرن و، گوتی: "پێویستە سەرمایەدار و کارسازانی دیاربەکر لەدەرەوەی وڵات هاوکاری نۆژەنکردنەوەی شارەکە و دروستکردنی کارگە و دەزگای ئابووری شارەکە بکەن".

بەڵام ئەو هەوڵانەی AKP بۆتە مایەی ناڕازیبوونی زۆری بەرپرسانی DTP، کە پێیانوایە لەزۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە دەستی والی و قایمقامەکان لەماوەی پێش هەڵبژاردنەکاندا هاوکاری ماددی بەسەر خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە. هەروەها برنج و کۆمر و پەتاتە و فۆرمی خۆراك و بلیتی نەخۆشخانە لەهەرێمەکە بڵاو دەکاتەوە، واتە ئەو کاروبارانەی کە دەزگاکانی وەقف و فۆنداسیۆن و رێکخراوە خێرخوازییەکان دەیکەن، AKP ئەمڕۆ ئەو کارانەی کردۆتە کاری دەوڵەت. لەبەرامبەر ئەو هاوکارییەشدا داوایان لەخەڵك کردووە دەنگ بە AKP بدەن. هەروەك ئەحمەد تورك دەڵێت: "ئەوان دەیانەوێ بە چەند کیلۆ شەکر و برنج و ماکەڕۆنی خەڵك فریو بدەن. بەم سیاسەتەش هەرێمەکە پێش ناکەوێت".

### کاندیدی AKP لەدیاربەکر بە تەزکییەی ئەردۆگان دانراوە

زۆربەی چاودێرانی سیاسیی وای دەبینن، کە قودبەددین ئارزووی کاندیدی AKP بۆ پۆستی سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر ناتوانێ ببێتە ڕکابەرێکی تەقلیدی لەبەرامبەر ئۆسمان بایدەمیری هاوتاکەیدا. ئەوەتا دوای ئەوەی بڕیاربوو هەردوو ڕکابەرەکە لەکەناڵی سکای تورك لەبەرنامەیەکدا ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە، بەڵام لەدوا ساتەکاندا کاندیدی AKP لەبەرنامەکە پاشگەزبووە و ئامادە نەبوو. بۆیە میدیاکانی تورکیا ئەو هەڵوێستەی ناوبراویان بە بێ متمانەیی و لاوازی لێکدایەوە. ئەگەرچی ئەو کاندیدە دوای چەندان لێکۆڵینەوە و ڕاپرسی دەستنیشانکراوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو بە تەزکییەی ئەردۆگان دانراوە، بۆیە ناڕازیبوونی لێکەوتۆتەوە. چونکە سەرەتا عومەر سەردار کاپڵان بۆ ئەو پۆستە کاندیدکرابوو، دواتریش لە ڕاپرسییەکاندا پەرلەمانتاری ئێستای AKP لەدیاربەکر وەك کاندید دەرچووە، بەڵام دواین بڕیار لەلایەن ئەردۆگان-ەوە دراوە بۆئەوەی قوتبەددین ئارزوو ببێتە کاندیدی AKP لەدیاربەکر، کە کەسێکی سەرمایەدارە و لەهەمان کاتدا پەرلەمانتاری پارتەکەشیەتی لەو شارەدا. پێشتر بەشی ئەندازیاری بیناسازی لەزانکۆی تەکنیکی قەرەدەنیز تەواوکردووە

و بۆ ماوەیەك لەزانكۆی دیجلە لە دیاربەكر وانەبێژ بووە، هەروەك ماوەیەكیش بۆتە سەرۆكی ژووری بیناسازان و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی دیاربەكر.

## AKP چەند هاوپەیمانێتییەكی سیاسیی لەبەرامبەر DTP گرێدەدات

ناوەندە سیاسیی و ئیعلامییەكانی باكووری كوردستان پێیانوایە AKP بەچاوی كێشەیەكی نەتەوەیی سەیری هەڵبژاردنەكان دەكات بۆئەوەی تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی كورد لاواز و مارژینالیزە بكات، بۆ ئەمەش دەیانەوێ لەهەڵبژاردنی شارەوانییەكاندا تابووتی DTP دروست بكەن و كۆتایی بەهەبوونی ئەو پارتە لەباكووری كوردستان بهێنن، بۆئەوەی شتێك نەمێنێت بەناوی بزووتنەوەی كوردایەتی لەتوركیا. هەروەك ئەحمەد تورك لەم ڕاپۆرتەدا بە گولان-ی ڕاگەیاندووە: لەدید و گۆشەنیگای AKP ەوە كورد هەمووی موسڵمانن و دەبێ وەلائی ئایینی پێش وەلائی نەتەوەیی بخەن و كێشەكانیان لەڕێی میتۆدی ئابووری و بازرگانییەوە چارەسەر بكەن، لەبەرئەوە دەسەڵاتدارانی AKP باش دەزانن كە بەتەنیا هێزی ئەوەیان نییە DTP لەباكووری كوردستان پاكتاوبكەن. بەتایبەتیش لەدوای ئەنجامدانی زنجیرەیەك هێرش لەباكووری كوردستان و لەدژی هەرێمی كوردستانی عێراق، دەسەڵاتدارانی AKP بۆیان دەركەوتووە، كە تائێستا نەیانتوانیووە دەنگەكانی DTP كەم بكەنەوە، بۆیە ئێستا لەنێو هەوڵێكی دیكەدان و بەدوای هاوپەیمانی نوێدا دەگەڕێن، هەر بۆیە گوشارەكان لەسەر باكووری كوردستان و DTP زیاتر كردووە.

لەم بارودۆخەدا جارێكی دیكە، جگە لەهەڵبژاردنی ڕێگەی هاوپەیمانێتی هیچ چارەسەریەكی دیكە نەماوە، بۆ ئەم هاوپەیمانێتییەش زەمینە ئامادەیە لەماوەی سێ هەڵبژاردنی ڕابردوودا ٢٠٠٢/١١/٣، یان ٢٠٠٤/٣/٢٨ و ٢٠٠٧/٧/٢٢ بەگوێرەی ئەم هاوپەیمانێتییە بەشداری هەڵبژاردنەكانیان كرد، لەهەڵبژاردنی ١١/٣ لەشاری قارس بەناوی كۆردیناسۆنی (سێوی سوور) هاوپەیمانێتی نێوان CHP و AKP ئاشكرابوو. ئێستاش ئەو سیناریۆیە لەشارەكانی سێرت و ئورفا و چەند ناوچەیەكی دیكە دووبارە بۆتەوە.

## سوپا پشتیوانی لەهاوپەیمانێتییەكان كرد

لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٧/٧/٢٢ لەباكووری كوردستان پارتەكانی وەكو CHP و ANAP و DP و FP كەوتنە ئاستی لەناوچوون و جەماوەرەكەیان زیاتر لەدەوری AKP كۆبۆوە، پێش هەڵبژاردن شرۆڤەی ئەوەیان دەكرد كە لەباكووری كوردستان بەرامبەر سیاسەتی كوردان لەژێر چەتری AKP هەموو لابالەكانی دەوڵەت ڕێككەوتوون، ئەنجامی هەڵبژاردنەكەش ئەم شرۆڤەیەی پشتڕاستكردەوە. هەروەكو دەزانرێ دەسەڵاتدارانی سوپا ئەوانەی لەناوچە كوردنشینەكان ئەركداربوون لەهەڵبژاردنەكەدا بۆ AKP كاریان دەكرد و دەنگی خۆیان بۆ بەرژەوەندی AKP بەكارهێنا.

لەبەرئەوەی جیاوازی نێوان هەڵبژاردنی گشتی و هەڵبژاردنی هەرێمی هەیە و، دەسەڵاتدارانی AKP دەزانن لۆژیكی هاوپەیمانێتی وەكو ڕابردوو نابێت و پێویستە بەهەندێك شێوازی دیكە هاوپەیمانێتی سازبكەن.

ئێستاش دەسەڵاتدارانی AKP لەسەروبەندی پێشبڕكێی هەڵبژاردندا لەگەڵ چەند پارتێكی دیكە لەدژی DTP ڕێككەوتون، بەگوێرەی هەندێك سەرچاوە كە نەیانویست ناویان ئاشكرا بكرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە بەرپرسانی AKP داوا لە CHP دەكەن بۆ شارەوانییەكانی (دیاربەكر، شەرناخ و دەرسیم) پشتگیری لەكاندیدەكانی AKP بكەن.

## دەگەر پێشنیارەكەیAKP ی پشتڕاستكردەوە

ئێمە لەڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەم هەواڵەمان لەپەرلەمانتاری پێشووی دیاربەكر و ئەندامی لیژنەی ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی CHP مەسعود دەگەر پرسی، دەگەر پێشنیازەكەی AKP ی بۆ CHP پشتڕاستكردەوە و گوتی: "بەڵێ پێشنیازێكی بەمجۆرە هەیە، بەڵام ڕاستییەك هەیە پێویستە هەموو لایەك بیزانن كە CHP لەهەڵبژاردنی داهاتوو بە كاندیدێكی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەكان دەكات".

مەسعود دەگەر بە مانایەكی دیكە دەڵێت : "ڕاستە پێشنیازێك هەیە، بەڵام تائێستا قبووڵمان نەكردووە". ناوبراو دەربارەی ئەم پێشنیازە هەندێك شتی سەرنجڕاكێش ئاشكرا دەكات و دەڵێ ڕۆژنامەنووس نامیق دووركان ئەم هەواڵەی لەدەسەڵاتدارانی AKP پرسیوە، بەڵام ئەوان گوتوویانە پێشنیازێكی لەمجۆرە وجودی نییە، منیش بە ڕۆژنامەوان نامیق دوروكان-م گوتووە: ئێوە چۆن چاودێری دەكەن كە AKP بڵێ پێشنیازێكی لەمجۆرەیان كردووە؟ بێگومان دەڵێن شتێكی لەمجۆرە نییە.

## عەبدولڕەحمان كورد: ئێمە لە دیاربەكر هیوامان زۆرە

پەرلەمانتاری دیاربەكری لەسەر لیستی AKP عەبدولڕەحمان كورد لەبارەی كەشوهەواوی هەڵبژاردنەكانی توركیا بۆ گوڵانی ڕوونكردەوە كە تائێستا پێشبڕكێیەكی توند لەنێوان AKP و DTP لەئارادایە و بە پێچەوانەی ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی پارتەكەیان دەكرێت پێیوایە AKP چەند تیشكێكی گەش لەدیاربەكر دەبینێت بۆ سەركەوتن و چارەسەركردنی كێشەی كورد لەتوركیا، هەروەك دەڵێت: "سەرۆك وەزیر ئەردۆگان پرۆژەی چارەسەرئامێزی هەیە بۆ كێشەی كورد و بوژانەوەی هەرێمەكان لەڕووی ئابووری و بازرگانییە. لەكاتێكدا دەوڵەت پێشتر ناسنامەی كوردی و كولتووری ئێمەی ئینكار كردووە. ئێمە ناسیۆنالیست و نەژادپەرست نین، بەڵكو داوای یەكسانی و دادپەروەری دەكەین، سەرەتا پێویستە ئێمە لەو هەقیقەتە تێبگەین، بە یەك چاو سەیری تورك و كورد بكرێت". هەروەها عەبدولڕەحمان كورد داوای قەرەبوونەوەی كرد لەبەرامبەر ئەو زەرەر و زیانەی بە كورد گەیشتووە لەئەنجامی سوتماككردنی گوندەكان و تاوانە بكەر نادیارەكان و سیاسەتی ڕاگواستن. لەدرێژەی ئاخاوتنەكانیشیدا بۆ گوڵان گوتی: "دەبێ دەوڵەت كێشەی برا و منداڵەكانی ئێمە كە بە ناچاری دەستیان بە

# عێراق لە دووریانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و مەترسی گەڕانەوەی توند وتیژیدا



ئەو سیاسەتی باراك ئۆباما بۆ هاندانی عێراقییەکان پیادەی دەکات، پێناچێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لەبەر ئەوەی زەمینەی سیاسی عێراق بۆ سەرکەوتنی ئەو ئەزموونە لەبار نییە و ئەگەر باردۆخەکە وا بڕوات لەبری ئەوەی ئۆباما بەڵینی کشانەوەی هێزەکانی بۆ گەلی ئەمەریکا جێبەجێ بکات، دەبێت وەك بوش بەدوای قەیسەرێکی شەردا بگەرێت بۆ ئەوەی باردۆخەکەی بۆ هێور بکاتەوە، ئەو تاکتیکەی ئۆباما لەگەڵ حکومەتی عێراق پیادەی دەکات زۆربەی چاودێران بەم خاڵانە ئاماژەی پێدەکەن :

١- جەختکردنەوە لەسەر کشانەوەی هێزەکان بەو ئامانجەی عێراقییەکان بکەونە خۆ و ناچاربن کێشەکانیان چارەسەر بکەن،

٢- حکومەتی عێراق هەنگاوی زیاتر بۆ سەقامگیری و باری ئەمنی هەڵبگرێت بۆ ئەوەی زەمینەیەکی لەبار بۆ پرۆسەی سیاسیی و هەڵبژاردن و هاوپەیمانی بنکە فراوان بێتە ئاراوە،

-٣حکومەتێکی مەرکەزی هەبێت بۆ ئەوەی لایەنەکان سەقفی داخوازیەکانیان بێنە خوارەوە و بەشێوازی تەوافقی ڕێکبکەون .

هەموو ئەم هەنگاوانە بە شێوازی تیۆری لەبەرژەوەندی سیاسەتی ئەمریکین، بەڵام کەسێکی وەك ژەنرال ئەدریانۆ کە لەسەر ئەرزی واقیع لەگەڵ باردۆی عێراق مامەڵە دەکات، هەست دەکات ئەگەر ئەم هەنگاوانە تاکتیکیش بن، ئەوا هۆکارێکی سلبی دەبێت بۆ هەڵکشانی توندوتیژی و داکشانی ئەو سەقامگیرییە ڕێژەییەی لە عێراقدا دروست بووە .

سروشت وپێکهاتەی عێراق، هەر لەسونە وشیعە و کوردیشەوە، سروشت و پێکهاتەیەکی نەرمیان نییە، بۆیە ئەمریکا لە چەند ساڵی رابردوودا ئەزموونی لەمبارەوە هەیە، دەبێت هێزکی کاریگەر هەبێت کەسێکی وەك د.مالیکی نەرم بکات بۆ ئەوەی ناچار بێت بەشداری سونە قبوڵ بکات، دەبێت هێزێکی کاریگەر هەبێت بۆ ئەوەی کەسێکی وەك د.مالکی ناچار بکات پەلە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق و کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا بکات .

بەپێی دوایین لێدوانەکانی سەرۆکی لیژنەی نەوت و گازی پەرلەمانی عێراق ئەگەر لە یەکدوو مانگی دادێ یاسای نەوت وگازی عێراق یەکلاینەکرێتەوە و هەوڵنەدرێت ئاستی دەرهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بگاتە ٣٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، ئەوە هەموو مەزندەکان بەو ئاراستەیەن حکومەتی عێراق رووبەرووی قەیرانێکی ئەوتۆ بێتەوە کە نەتوانێت موچەی فەرمانبەرەکانیشی بدات .

هەربۆیە کێشەکانی عێراق هەندێکیان ئێستا بەهۆی هۆکارەوە سربوون و سەیر دەکرێت کە باری ئەمنی بە ئاستێکی ڕێژەی بەرەو پێشەوە چووە، بەڵام ئەگەر بێت بچووکترین خەلەل بکەوێتە ناو پرۆسە سیاسیەکە یان د.مالیکی بیەوێت بە هێنانی هێزو مانۆری سەربازی و پیشاندانی ماسوللکەی هێز کێشەکان کپکاتەوە، ئەوا هەموو مەزندەکان بەو ئاراستەیەن هەر ئەوەندە باردۆخەکە تێکچووە و ئەوا ئەمجارەیان نەك هەر باری ئاسایش بەڵکو باری ئابووری و سیاسیش پێکەوە تیکدەچێت و دەبێت بگەرێنەوە چوار گۆشەی یەکەمی شەترەنجەکە.

## لیەم ئەندەرسن بۆ گوڵان:

# دەبێت هەموو هەوڵتان بۆ ئەوەبێت بەزوویی مەسەلەی کەرکووک یەکلاییبکەنەوە



**پرۆفیسۆر لیەم ئەندرسۆن ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی رایت ستەیت و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر لە عێراق و یەکێکە لەپسپۆرانەی کە زۆر بە وردی لەسەر پرسەکان هەڵوەستە دەکات ، بۆ قسەکردن لەسەر باردۆخی عێراق و هەڵسەنگاندنی سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما بەرامبەر بە عێراق بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە خاوتن :**

**●چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنیت، بە تایبەتی لە رووی ئەو سیاسەتەی ئیدارەی ئۆباما گرتویەبەر لە ئاست ئەم وڵاتەدا؟**

-من پێموایە تا رادەیەکی کەم نائومێدییەك هەیە ناو هەندێ لە خەڵکی ئەمەریکادا بەرامبەر ئۆباما، لەبەرئەوەی ئۆباما لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەڵێنی کۆتاییپێهێنانی شەڕی عێراقیدا لە ساڵی ٢٠١١دا، بەڵام ئێستا پێدەچێت کە نزیکەی ٥٠,٠٠٠ سەرباز بۆ ماوەیەکی دووردورێژتر بمێننەوە، من پێموایە ئەمە سیاسەتێکی باشە، لەبەرئەوەی هێشتا عێراقە ئامادە نییە بۆ ئەوەی بە تەنیا جێبهێڵرێت و هێشتا کێشەی گەورە لەم وڵاتەدا هەیە.

**●فەرماندە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا ئاماژە بەوەدەکەن هێشتا بارودۆخەکە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە پێویست بە مانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێداگیری ئۆباما لەسەر کشاندنەوەی هێزەکان تا چ رادەیەکی مەترسی ئاڵۆزتربوونی بارودۆخەکەی لێدەکرێت؟**

-من پێموایە ژمارەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا گرنگییەکی کەمتریان هەیە بە بەراورد بە مەسەلەی مانەوەی ئەو هێزانە لەم وڵاتەدا، بە دەربڕینێکی دیکە ستراتیجیەتی ئەمەریکا بەهێزکردنی هۆزە سوننیەکان بووە بۆ ئەوەی ببنە پارسەنگی پارتە شیعەکان، بەڵام من لەو باوەڕەدانیم ئەمە ببێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکان و رەنگە پێویست بە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکات بۆ پاراستنی سەقامگیری، بە تیڕوانینی من دروستکردنی ئەم میلیشیانە زیاتر ئەگەری بەرپابوونی شەڕێکی ناوخۆی خراپتر لەوەی پێشوی لێدەکرێت، ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا بکشێنەوە، لەبەرئەوە رەنگە پێویست بە مانەوەی ئەو٥٠،٠٠٠ سەربازەی ئەمەریکا بکات بۆ ١٥ یان ٢٠ ساڵی دیکە.

**●هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان لە عێراقدا ئەنجام دەدرێن، بە دڵنیاییەوە هەموو جۆرە مەترسیەك لە ئارادایە لەبەرئەوەی بارودۆخەکە هێشتا لەرزۆکە، هەروەها رەنگە هەندێ لە پارتەکان کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکەنە بەشێك لە بەرنامە هەڵبژاردن و پەنابردنە بەر توندوتیژی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن لەم بارودۆخە هەستیارەدا، ئەمەریکا ئەم کارتە دەداتە دەستی توندڕەوەکان؟**

-کاتێك باس لە پاشەکشەی هێزەکان دەکرێت، تێکڕای ئەو هێزانە ناگرێتەوە، بۆ نمونە ئۆباما کاتێك لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی بەڵێنی کشاندنەوەی هێزە جەنگاوەرکانی دا، بەڵام کاتێك رووبەڕووی واقیع بووەوە، ئەو راستیەی بۆ دەرکەوت کە ناکرێت بێ مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا رژێمی عێراق بەردەوام بێت، لەبەرئەوە بڕیاریدا٥٠،٠٠٠ سەرباز لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە کە ئەرکیان مەشقپێکردنی هێزەکانی عێراق و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە بچوکەکان بێت دژی تیرۆریستان، من پێم وانییە ئەمە جیاوازی هەبێت لەگەڵ هێزە جەنگاوەرەکاندا، بەڵام تۆ دەتوانیت لە رووی سیاسیەوە بانگەشە بۆ کشانەوەی هێزەکان بکەیت، بەڵام لە واقیعدا رێگاچارەیەکی دیکە بدۆزیتەوە. هەروەها من پێموایە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا لە بەرژەوەندی هەموولایەکە، من لەو باوەڕەدانیم لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکاندا، مالیکی یان ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی یاخود کوردەکان کشاندنەوەی تەواوی

**ستراتیجیەتی ئەمەریکا بەهێزکردنی هۆزە سوننیەکان بووە بۆ ئەوەی ببنە پارسەنگی پارتە شیعەکان، بەڵام من لەو باوەڕەدانیم ئەمە ببێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکان**

هێزەکانی ئەمەریکا بکەنە بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆیان، بە پێچەوانەی رەوتی سەدرەوە، بەڵام تەنانەت ئەگەر بانگەشەی بۆ بکرێت ئەوا لە قاڵبی دروشم دەرناچێت، بە هەمان شێوە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە بەرژەوەندی سوننەکانیشدایە.

*** راستە بارودۆخی ئەمنی بەرەوپێشچووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە بارودۆخەکە سەقامگیرە و عێراق دەتوانێت هەنگاو بەرەو دیموکراسی بنێت؟ ئایا ئەمانجی ئەمەریکا لە عێراقدا جێگیرکردنی حکومەتێکی سەربازی بوو لەم وڵاتەدا؟**

- با راشکاوبم لەگەڵتاندا، خەڵکی ئەمەریکا بەو شێوەیە بیر لە شەڕەکە دەکەنەوە کە پێویستە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بکشێنەوە، بەڵام بە چەشنێك وا دەرنەکەوێت ئەمەریکا شەڕەکەی دۆڕاندووە، واتە لە دوای کشانەوەکە و لە مەودای کورتدا عێراق سەقامگیربێت و هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام بدرێت، ئەگەرچی رەنگە هەڵبژاردنی عادیلانەش نەبن، بەڵام ئەمە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. رەنگە وا لێکبدرێتەوە کە خەڵکی ئەمەریکا بایەخ بە عێراق نادەن، خەڵکی ئەمەریکا گرنگی بە عێراقییەکان دەدەن، بەڵام ئەوان لەگەڵ کشانەوەیەکدان کە ئەمەریکا بە سەرکەوتوی دەربکەوێت، بەڵام ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا بکشێتەوە و عێراق بۆ ماوەی دوو ساڵی سەقامگیر بێت، بەڵام لە دوای پێنج ساڵی شەڕی ناوخۆی رووبدت، ئەوا کاتە ئەمەریکییەکان دەڵێن ئێمە کاتێك عێراقمان جێهێشت سەقامگیربوو، بەڵام کە ئێستا بارودۆخەکە ئاڵۆزبووە ئەوا ئەم مەسەلەیە بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان دەگەڕێتەوە.

*** ئۆباما چەندین جار رایەگەیاندووە کە دەبێت عێراقییەکان خۆیان کێشەکانیان چارسەر بکەن، ئەمە لە کاتێکدا دوو مانگ تێپەڕیوە کە سەرۆکی پەرلەمان هەڵنەبژێردراوە کە مالیکی حزبی دەعوە رێگرە لە دانانی سەرۆکی پەرلەمان، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت کێشەکان چارەسەربکرێت کە مالیکی و حزبی دەعوە ئاستەنگن؟**

- کێشەی گەورە لە عێراقدا هەیە، بۆ نموونە ئێوە کوردن و کێشەی ئەو ناوچانەتان هەیە کە ناکۆکیان لەسەرە لە کەرکوك، واتە لە روانگەی ئێوەوە ئەم ناوچانە بەشێکن لە کوردستان و لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدان و دەبێت راپرسیان لەسەربکرێت، بەڵام حکومەتی عێراقی کار بۆ ئەم پرۆسەیە ناکات، بەڵام زۆر زەحمەتە بۆ ئەمەریکا لەم پرۆسەیەوە تێوەبگلێت.

*** لە حاڵەتی شەڕی ناوخۆی و تائیفی نێوان شیعە و سوننەکاندا کوردەکان رۆڵی میانگیریان بینی، بەڵام دوای هێوربوونەوەی بارگرژیەکان، مالیکی هەڵوێستەکانی خۆی لە ئاست کوردەکاندا گۆڕی، بۆ نموونە ئێستا بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێشبینی شەڕی کورد و عەرەب دەکرێت، ئایا لەم حاڵەتەدا ئەمەریکا رۆڵی ناوبژیوانی نابینێت؟**

- ئەمەریکا دەتوانێت رۆڵی ناوبژیوانی ببینێت ئەگەر بیەوێت، هەروەها رەنگە بگوترێت لە کاتی دروستبوونی شەڕی نێوان کورد و عەرەبدا، ئەمەریکا پشتگیری لە سەربەخۆی کوردەکان دەکات و هێزەکانی لە کوردستاندا جێگیردەکات و بنکەی ئاسمانی دادەنێت لە کوردستاندا، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریکا خوازیاری ئەم کارە بکات، ئێمە دەبێت لەوەبکۆڵینەوە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا چین، راستە کوردەکان هاوپەیمانێکی بەسوودبوونە بۆ ئەمەریکا و تەنها چەکدارەکانی کورد لە عێراقدا شەڕیان دەکرد، بەڵام ئێمە دەبێت لە سیاقێکی فراوانتردا لە بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا بڕوانین، ئەگەر ئەمەریکا ناچاربکرێت هەڵبژاردن لە نێوان کورد و عەرەبەکاندا بکات، ئەوا ئەمە بڕیارێکی قورس دەبێت بۆ ئەمەریکا و رەنگە رێگاچارەی تێوەنەگلان و دەستێوەرنەدان هەڵبژێرێت.

*** کەرکوك و ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە یەکێکی دیکەیە لە کێشە و گرفتەکانی عێراق، ئایا مومکینە ئەمەریکا هیچ رۆڵێك نەبینێت لە چارەسەرکردنیاندا؟**



- ئەگـــەر لە هەڵوێســـت و چۆنییەتـــی مامەڵەکردنی ئەمەریکا بڕوانیـــن لە ئاســـت کەرکوکدا، ئەوا لە ســـاڵی ٢٠٠٣دا هاوکاری هێـــزە کوردیەکانیان کـــرد، لەبەرئەوەی ئەم هێزانە ئاسایشـــیان بۆ کەرکـــوك دابین دەکرد و جێی باوەڕ و متمانەبوون و پێشـــمەرگەش بە شـــێوەیەکی گشتی ســـەربازێکی باشـــن، هەروەها پشتگیریان لە مادەی ١٤٠ دەســـتور کرد و هەڵوێســـتی گشتیان ئەوەبوو کە دەبێـــت جێبەجێ بکرێت، بەڵام لە ســـاڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا دوای دواخستنی راپرسییەکە لەسەر ئەو شارە ووردە ووردە لەو مەسەلەیە دوورکەتنەوە و رایان گەیاند دەبێت عێراقییەکان خۆیان چارەسەری بکەن. من پێموایە دەستێوەردانی ئەمەریکا لەم کێشەیەدا زەحمەتە، لەبەرئـــەوەی ئەگەر پشـــتگیری کوردەکان بـــکات، ئەبێتە هۆی دورخستنەوەی عەرەب و تروکمانەکان و بە پێچەوانەشەوە. لەبەرئەوە ئەگەر بە راشکاوی بدوێم ئەوا ئەمەریکا خوازیارە پێش تەقینەوەی کێشەی کەرکووك عێراق جێبهێڵێت، لەبەرئەوەی ئەگەر لە کاتێکدا رووبـــدات کـــە ژمارەیەکی زۆری هێزەکانی لـــە عێراقدا بن، ئەوا دەبێت دەستێوەردان بکات و بڕیاربدات، بەو پێیە لە بنەڕەتدا هەوڵی دواخســـتنی دەدات. بەڵام من پشتگیری لە هەڵوێستی ئێوە دەکەم و پێموایە کارێکی باش نییە ئەمەریکا رۆڵ نەبینێت لەم کێشەیەدا و پێموایـــە دەبێت رۆڵـــی هەبێت و دەکرێت جۆرێك لە ســـازش و رێککەوتن بهێنرێتەدی بۆ ئەوەی تێکڕای پێکهاتەکان بەشداری لە بەڕێوبردنی شـــاری کەرکوکدا بکەن و دەکرێت نەوتەکەی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام دەبێت بە شـــێوەیەکی رەسمی بەشێك بێت لە هەرێمی کوردستان، بەڵام کێشەکە ئەوەیە من کەمینەم لە ئەمەریکا کە ئەم باوەڕەم هەیە.

**•ئەگـــەر ئەمەریکا کێشـــەکانی عێـــراق چارەســـەرناکات، ئایا کشاندنەوەی بەرپرسیارانە بە مانای چی دێت کە ئۆباما بانگەشەی بۆ دەکات؟**

-لـــە روانگەی ئەمەریـــکا هەڵبژاردنی ئەنجومەنـــی پارێزگاکان لـــە عێراقدا ســـەرکەوتوبوون، لەبەرئەوەی بە شـــێوەیەکی بەربڵاو توندوتبیژی رووی نەدا، هەروەهـــا مالیکی جەماوەرێکی زیاتری بـــەلای خۆیدا راکێشـــا و وەك ســـەرکردەیەکی بەهێز دەرکەوت کە زۆرێك لە ئەمەریکییەکان پێیان وایە عێراق پێویستی پێیەتی، واتە کشانەوەی بەرپرسیارانە ئەوەیە عێراق سەقامگیربێت بە لای کەمەوە لە مەودای کورتـــدا و هەڵبژاردن ئەنجام بدرێـــت. نابێت ئەوەمان لەبیربچێت ســـەرۆکی ئەمەریکا هەوڵـــی قەناعەتپێکردنی گەلی ئەمەریکا دەدات ئەمە کشـــانەوەی بەرپرســـیارانەیە، لەبەرئەوەی زۆرجار پاڵێوراوەکان لێدوانێـــك دەدەن بۆ ئەوەی دەنگیان پێبدرێت، بەڵام کاتێك رووبـــەرووی واقیع دەبنەوە دەزانن کە ناتوانن جێبەجێ بکـــەن، لەبەر ئەوە رەنگە ئەو کشـــاندەوەی بەرپرســـانە لە واقیعدا مەسەلەیەکی جیاواز بێت و من گەشبین نیم کە ئەمەریکا تێکڕای کێشە سیاسییەکانی عێراق چارەسەر دەکات پێش کشانەوەی.

**• دوا وتەت چییە؟**

-من پێموایە گەلی کورد گەلێکی مەزنە و شایستەی دروستکردنی دەوڵەتی خۆیەتی، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە کێشـــەی کەرکوکەوە هەبێت راســـپاردەی من بۆ سەرکردەکانی کورد ئەوەیە بەشێوەیەکی بەهێزتر گفتوگۆ لەسەر ئەم کێشەیە بکەن لەگەڵ حکومەتی بەغدا و فشاربکەن بۆ ئەوەی چارسەرکردنی ئەم کێشەیە بخەنەسەر مێزی گفتوگۆ لە کاتێکدا هێشـــتا ئەمەریکا لـــە عێراقدا بوونی هەیە، لەبەرئەوەی ئەمەریکا هەوڵی دواخســـتنی ئەم کێشـــەیە دەدات و تاوەکو پتر دوابخرێت ئەوا کەمتر ئەگەری ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەســـەربکرێت، یاخود بەو شێوەیە یەکلابکرێتەوە کە لە ئاست خواست و ئومێدی کوردەکاندا بێت، هەرچەندە دواجار بڕیاردان لەسەر ئەم مەســـەلەیە بۆ ئەو سەرکردانە خۆیان دەگەڕێتەوە بەڵام ئەوە راسپاردەی منە.

**ئەمەریکا خوازیارە پێش تەقینەوەی کێشەی کەرکووک عێراق جێبهێڵێت**



**ئامانجی ئەمەریکا دروستکردنی دەوڵەتێکی پۆلیسی نەبوو لە عێراقدا، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکە دەبێت لە لایەن عێراقییەکان خۆیانەوە یەکلابکرێتەوە**

## رامی خوری بۆ گوڵان:

# ئەمەریکا تا دوا رادە رۆڵی خۆی دەگێڕێت و ناهێڵێت کێشەکان بە هێز چارەسەر بکرێن



**رۆژنامەنووس و پرۆفیسۆر رامی خوری سەرۆکی سەنتەری عیسام فارسە بۆ دیراساتی ستراتیژی سیاسییە لە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت و توێژەر لەسەنتەری وردۆ ولسن و سەرنوسەری گلۆباڵ ئەجنسیە،پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسیەتی عێراق وبەردەوامیش لەسەر عێراق دەنووسێت، رامی خوری سەبارەت بە بارودۆخی عێراق لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

***چۆن بارودۆخی ئێستای٥ عێراق دەبینیت بە تایبەتی لە دوای هاتنی ئیدارەی نوێ لە ئەمەریکادا؟**

- پێش ئەوەی ئەم ئیدارەیەش دەست بەکاربێت، جۆرج بۆش دەستی بە پرۆسەی کشاندنەوەی لەسەرخۆی هێزەکانی ئەمەریکا و جێهێشتنی عێراق بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان کرد، لەبەرئەوە جێی سەرسوڕمان نییە کە ئێستا ئەم رەوتە بەردەوام بێت، بەڵام دەبێت ئەو پاشەکشەیە بە شێوەیەکی رێکوپێك ئەنجام بدرێت.

*** ئایا پێداگیری ئۆباما لەسەر کشاندنەوەی هێزەکان نابێتەهۆی خراپترکردنی بارودۆخەکە؟**

- پێشبینی کردنی بارودۆخەکە لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا زەحمەتە، ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی لە سەر ئاستی ناوخۆی، هەرێمی و نێودەوڵەتی چی روودەدات، بەڵام من پێم وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خوازیاری کشاندنەوەی ئەو هێزانە و گەڕاندنەوەی بەرپرسیارێتی و سەروەرییە بۆ عێراق، لەبەرئەوە ی تاوەکو ئەمەریکا لە عێراقدا بمێنێتەوە، ئەوا حکومەتی عێراق وەك ئامرازێکی دەستی ئەمەریکا دەردەکەوێت و ئەو هێزانەش پتر رووبەڕووی بەرگری دەبنەوە، هەروەها ئەگەر توندوتیژیش رووبدات، ئەوا دەبێت عێراقییەکان خۆیان بەرەنگاری ببنەوە.

*** هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان لە عێراقدا ئەنجام دەدرێن، بە دڵنیاییەوە هەموو جۆرە مەترسییەك لە ئارادایە لەبەرئەوەی بارودۆخەکە هێشتا لەرزۆکە، هەروەها رەنگە هەندێ لە پارتەکان کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکەنە بەشێك لە بەرنامە هەڵبژاردن و پەنابردنە بەر توندوتیژی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن لەم بارودۆخە هەستیارەدا، ئەمەریکا ئەم کارتە دەداتە دەستی توندڕەوەکان؟**

- توندوتیژی لە ئارادایە و رەنگە گروپگەلێکی هەبن پەنا بۆ توندوتیژی زیاتریش ببەن، بەڵام ئەمە کێشەیەکە بە سوپای ئەمەریکا چارەسەر ناکرێت و دەبێت عێراقییەکان خۆیان ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ و خۆیان رووبەڕووی بارودۆخەکە ببنەوە و ئەمە بەرپرسیارێتی عێراقییەکان خۆیانە.

*** راستە بارودۆخی ئەمنی بەرەوپێشچووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە بارودۆخەکە سەقامگیرە و عێراق دەتوانێت هەنگاو بەرەو دیموکراسی بنێت؟ ئایا ئامانجی ئەمەریکا لە عێراقدا جێگیرکردنی حکومەتێکی سەربازی بوو لەم وڵاتەدا؟**

- نەخێر ئامانجی ئەمەریکا دروستکردنی دەوڵەتێکی پۆلیسی نەبوو لە عێراقدا، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکە دەبێت لە لایەن عێراقییەکان خۆیانەوە یەکلابکرێتەوە، ئێمە دەبێت سیستەمێکی ئەمنی بەهێزمان هەبێت بۆ بەربەرچدانەوەی

توندوتیژی، دواتر دەبێت لە سەرچاوەکانی توندوتیژی بکۆڵینەوە، ئەگەر مەسەلەکە تەنها چەند جیهادیەکی تیرۆریستە و لە دەرەوە هاتوون ئەوا چارەسەرەکەی ئاسانە، بەڵام ئەگەر ناکۆکی تائیفی هەیە بۆ نمونە لە نێوان شیعە و سوننەکاندا ئەوا ئەمەریکا هیچی پێناکرێت لەم رووەوە و دەبێت حکومەتی عێراقی بڕیاربدات ئایا بەو شێوەیە دیموکراتی دەچەسپێنێت کە عێراقییەکان دەیانەوێت یاخود دیموکراسی دەکاتە قوربانی سەقامگیری بۆ ئەوەی دواتر دەست بە بەرەوپێشبردنی بارودۆخەکە سیاسییەکە بکات.

*** بەڵام ئایا لەو کەلتورەی لە عێراقدا هەیە بوونی سوپایەکی بەهێز بە مانای گەڕانەوە بۆ مەرکەزیەت و دیکتاتۆریەت نییە؟**

- بۆ مەرکەزیەت، بەڵێ، بەڵام بۆ دیکتاتۆری نازانم و ئەمە دەوەستێتە سەر بڕیاری عێراقییەکان خۆیان. من ئومێدەوارم عێراقییەکان جیاوازیdە ئەتنی و تائیفییەکانی خۆیان تیپەڕێنن و سیستەمێکی سیاسی بنیات بنێن کە لەسەر بنەمای تائیفی نەبێت بەڵکو لە سەر بنەمای مافی هاوڵاتی بوون بێت. هەروەها بە شێوەیەکی خێرا و یەکلاکەرەوە کاربکەن بۆ باشترکردنی ڕەوشی ئەمنی K بەڵام بە شێوەیەك کە وەك حکومەتێکی شەرعی لای عێراقییەکان دەربکەون.

*** راستە ئۆباما چەندین جار رایگەیاندووە کە دەبێت عێراقییەکان خۆیان کێشەکانیان چارسەر بکەن، ئەمە لە کاتێکدا د,, مانگ تێپەڕیوە کە سەرۆکی پەرلەمان هەڵنەبژێردراوە کە مالیکی حزبی دەعوە ڕێگرە لە دانانی سەرۆکی پەرلەمان، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت کێشەکان چارەسەربکرێت کە مالیکی و حزبی دەعوە ئاستەنگن؟**

- من نازانم ئاستەنگ و کۆسپی ڕاستەقینە کێیە، بەڵام هەردەبێت تێکڕای پێکهاتەکانی عێراق بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر جۆری سیستەمی حکومڕانی بە چەشنێك ڕەنگدانەوەی تێکڕای دانیشتوانی وڵاتەکەبێت و تەنها لایەنێکی دیاری کراو بەسەریدا زاڵ نەبێت، چونکە ئەمە سەردەکێشێت بۆ دیکتاتۆریەت. لەبەرئەوە دەبێت عێراقییەکان میکانیزمەکانی بەشداریکردن و هاوبەشیکردن لەدەسەڵاتدا بدۆزنەوە بە چەشنێك جێی ڕەزامەندی هەموولایەك بێت، هەرچەندە ئەمە کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەو هەستی تورەی و تۆڵەسەندنەوە و نیگەرانییەی لە ناو عێراقییەکاندا هەیە، بەهۆی ئەو بارودۆخەی لەسەردەمی سەددام حوسێن و دواتر ئەو توندوتیژیەی لە دوای داگیرکاری ئەمەریکیەکانەوە ڕوویدا بەهۆی گرووپە تیرۆریستیە جیهادیەکانەوە و لە ڕاستیدا دەستێوەردانی ئەمەریکا مەسەلەکانی ئاڵۆزتر کرد لە مەودای نزیکدا.

*** ئێستا بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێشبینی شەڕی کورد و عەرەب دەکرێت، ئایا لەم حاڵەتەدا ئەمەریکا ڕۆڵی ناوبژیوانی نابینێت؟**

- من پێم وایە ئەمەریکا تا ڕادەیەکی دیاری کراو ڕۆڵ دەبینێت، لەبەرئەوە ی ژمارەیەکی گەورەی هێزی لە عێراقدا هەیە، دەسترۆیشتوی و کۆنترۆڵی بەسەر زۆر شتەوە هەیە، بەڵام لە مەودا دووردا دەبێت عێراقییەکان خۆیان ئەم ڕۆڵە ببینن، یاخود دەوڵەتە دراوسێکان بەم ڕۆڵە هەڵبستن، چونکە دوا شت کە عێراق پێویستی پێی بێت شەڕی نێوان کورد و شیعەکانە، ئەوەندە بەسە کە عێراقییەکان بەو هەموو نەهامەتی و بارودۆخە ناخۆشانەدا تێپەڕیون لە ماوەی رابرد,ودا. ڕەنگە لە حاڵی حازردا ئەمەریکا ڕۆڵێکی گەورە ببینێت بە حوکمی ئەوەی لە عێراقدایە، بەڵام لەو باوەڕەدانیم لە مەودای دووردا بتوانێت درێژە بە بینینی هەمان ڕۆڵ بدات.

***لە دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان مالیکی بەشێوەیەکی بەهێزتر دەرکەوت، پرسیارەکە ئەوەیە لە کاتێکدا مالیکی لە رابردوودا ئامادەی چارەسەرکردنی کێشەکان بوو، ئێستا چۆن چاوەڕوان دەکرێت کێشەکان چارەسەربکەن کە هەست بە غرورێك دەکات و لە پێگەیەکی بەهێزتردایە؟**

- من پێم وانییە کێشەکان لە عێراقدا بەو شێوەیەبن کە مالیکی یان ئەمەریکا پەنجە بە دوگمەیەکدا بنێن و لە پڕێکدا هەموو شت بگۆڕن، مالیکی دەبێت تێکڕای لایەنە عێراقییەکان کۆبکاتەوە و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات و بە پێی ئەو ڕێککەوتنانەی لە گفتوگۆیانەوە دەکەونەوە کاربکات نەك بەهۆی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە.

*** باشە ئەگەر ئەمەریکا کێشەکانی عێراق چارەسەرناکات، ئایا کشاندنەوەی بەرپرسیارانە بە مانای چی دێت کە ئۆباما بانگەشەی بۆ دەکات؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەو خوازیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ٥٠،٠٠٠ سەرباز لە عێراقدا دەمێنێتەوە، چونکە ئەگەر بە کشانەوەی ئەو هێزانە شەڕی ناوخۆی ڕووبدات، ئەوا هەوڵەکانی ئەمەریکا شکست دەهێنن، لەبەرئەوە بە شێوەیەکی نابەرپرسیارانە ڕەفتار ناکات و خوازیارە عێراقێکی سەقامگیر جێبهێڵێت.


*** دوا وتەت چییە؟**

من پێموایە زۆر کەس لە جیهاندا بە سەرسوڕمانەوە لەو بەرەوپێشچوونانە دەڕوانێت کە هەرێمی کوردستان بەدەستی هێناون، لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە و من هیوادارام بەشەکانی دیکەی عێراقیش بە هەمان شێوە سەقامگیر و گەشەکردووبن.

●●●
**دەبێت عێراقییەکان میکانیزمەکانی بەشداریکردن و هاوبەشیکردن لەدەسەڵاتدا بدۆزنەوە بە چەشنێک جێی ڕەزامەندی هەمووڵایەک بێت**
●●●

## ئەندریۆ باسڤیچ بۆ گوڵان:

# لەو باوەڕەدانیم ئەمەریکا بەشێوەیەکی گەورە دەستێوەردان بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان



**پرۆفیسۆر ئەندریۆ باسڤیچ یەکێکە لەو پێنج پسپۆڕەی کە هەفتەی پێشوو رۆژنامەی واشنتۆن پۆست بۆ هەڵسەنگاندنی پلانی ئۆباما لە عێراقدا دیداری لەگەڵ کردبوون کە بریتی بوون : ( برژنسکی راوێژکاری سەرۆك کارتەر،قوباد تاڵەبانی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە واشنتۆن، راندی سیچمان دامەزرێنەری لیژنەی رزگارکردنی عێراق، جیسیکا ماسیۆ سەرۆکی ئامۆژگای کارینجی، دوگلاس فیس جێگری وەزیری بەرگری ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٥، دانیال پلیتکا پسپۆڕ و تۆژەر لە سەنتەری ئەمەریکان ئەنتەر پرایس،ئەندریۆ باسڤیچ ) ئێمە وەك گوڵان بە پێویستمانزانی لەگەڵ یەك دوانێك لەو پسپۆڕانە قسە بکەین و، ئەوەبوو بۆ ئەم هەفتەیە بەڕێز ئەندریۆ باسڤیچ قسەی بۆ کردین و خاتوو جیسکا ماسیویش بەڵێنی پێداوین بۆ ئەم هەفتەیەی دادی قسەمان بۆ بکات، پرۆفیسۆڕ باسڤییچ ئوستادی مێژوو و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی بۆستن و نووسەری کتێبی (The Limits of Power: The End of American Exceptionalism" و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناتوانێت ئایندەی دووری عێراق دیاری بکات و ئەمەریکا کێشەی دیکەی هەیە لە ئەفغانستاندا، هەروەها بە قەیرانێکی ئابووری زۆر سەختتدا تێدەپەڕێت**

**• ئێستا لەعێراقدا پرۆسەی ئەمنی تاڕادەیەك بەرەوپێشەوە چووە، بەڵام پرۆسەی سیاسیی پاشەکشەی کردووە، ئایا چۆن بتوانین ئەو هاوسەنگییە بگێڕینەوە؟**

- من پێم وایە باشتربوونی بارودۆخی ئەمنی کەمتری پەیوەست بوو بە بڕیاردانی زیادکردنی هێزەکانەوە، بەڵکو زیاتر پەیوەست بوو بە بڕیاردانی ئەو گرووپانەی بەرهەڵستی ئەمەریکایان دەکرد کە چیتر درێژە بەو بەرهەڵستییە نەدەن، ئەم گرووپانەش هۆکارگەلی خۆیان لەم بڕیارەیاندا، هەبوو هەروەها من پێم وایە ئاشتبوونەوەی سیاسی و نیشتمانی کە بەشێك بوو لە ستراتیژییەتی زیادکردنی هێزەکان دەرئەنجامی چاوەڕوانکراوەکانی خۆی بەدەست نەهێناوە. من پێم وایە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بڕیارێکی راست و دروست بوو، بە لای کەمەوە لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاوە، هەروەها لەو باوەڕەدام دوای ئەو کشانەوەیە چارەنووسی عێراق لەلایەن عێراقییەکانەوە بڕیاریان لێدەدرێت نەك ئەمەریکاوە.

**• ئەگەر لەم بارودۆخە هێزەکانی ئەمەریکا بکشێنەوە، مەترسی سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی دروست نابێتەوە؟**

- مەترسییەکان گەورەن و ئەگەری ئەوەش لە ئارادایە دەستکەوتە ئەمنییەکان لەدەستبچن، بەڵام ئێمە دەبێت ئەو راستییەمان لەبەرچاوبێت کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناتوانێت ئایندەی دووری عێراق دیاری بکات و ئەمەریکا کێشەی دیکەی هەیە لە ئەفغانستاندا، هەروەها بە قەیرانێکی ئابووری زۆر سەختتدا تێدەپەڕێت، لەبەر ئەوە ئەو کەسانەی پێیان وایە ئەمەریکا ئەوەندە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارە کە دەتوانێت بۆ هەتا هەتایە درێژە بە داگیرکارییەکەی بدات لە عێراقدا، ئەوا لە سنووورداری توانا و دەسەڵاتەکانی ئەمەریکا تێنەگەیشوون.

*** ئایا ئەمانجی ئەمەریکا لە عێراقدا جێگیرکردنی حکومەتێکی سەربازی بوو لەم وڵاتەدا؟**

- ئامانجەکانی ئەمەریکا بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، لەسەرەتای داگیرکارییەکەدا ئیدارەی جۆرج بۆش پێی وابوو لە دوای داگیرکارییەکە بە رەوتێکی ئاسان و خێرا قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی ئەنجام دەدرێت و ئەمەریکاش لە پێگەیەکدا دەبێت بۆ ئەوەی گۆڕانگاریی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا دروست بکات، بەڵام سەرهەڵدانی یاخیبوون پلانەکانی تێکدا و شەڕەکەی ئەمەریکای لە عێراقدا کردە شەڕێکی دوورودرێژ، بەو پێیە جۆرج بۆش هەڵسا بە کەمکردنەوەی ئامانج و پێشبینییەکانی. ئیدارەی ئۆباما خوازیاری عێراقێکی سەقامگیرە، بەڵام نەك عێراقێك کەسێکی تاکڕەو حکومڕانی بکات. من دەمەوێت ئەوە بڵێم، هەرچەند خۆشحاڵیش نیم بە گوتنی، کە خەڵکی ئەمەریکا گرنگییەکی زۆر بە عێراق نادەن و زۆرینەی گەلی ئەمەریکا پێیان وایە شەڕەکە شەڕێکی هەڵەبووە و خوازیارن ببێتە رابردوو.

*** ئایا چۆن دەکرێت کێشەکان چارەسەربکرێت کە مالیکی و حزبی دەعوە ئاستەنگبن؟**

- من ناتوانم پێتان بڵێم چۆن عێراقییەکان دەتوانن کێشەکانیان چارەسەربکەن، بەڵام ناشبێت عێراقییەکان پێشبینی ئەوە بکەن ئەمەریکا کێشەکانییان بۆ یەکلابکاتەوە، من ناڵێم ئەمە راستە یان هەڵە، بەڵام ئەمە واقیعەکەیە، خەڵکی ئەمەریکا چیتر بایەخ بە عێراق نادەن، رەنگە ئەمە رەوا نەبێت، کارێکی ئەخلاقی نەبێت، بەڵام ئەمە واقیعەکەیە.

*** لە لێدوانی کۆمەڵێك کەسایەتی سیاسیی و ئەکادیمی بۆ واشنتۆن پۆست کە بەرێزیشت یەکێکیان بوویت، قوباد تاڵەبانی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا، رایگەیاند گومان لەوەدانییە کە رەوشی ئەمنی بەرەوپێشچووە، بەڵام هێشتا کارێکی کەم کراوە بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێکی سیاسی، ئایا ئەمەریکا ئەمە لەبەرچاو دەگرێت؟**

- تەنیا بە شێوەیەکی پەراوێزی، من لەگەڵ ئەم هەڵسەنگاندنەدا هاوڕام، بەڵام لەو باوەڕەدانیم ئەمەریکا بە شێوەیەکی گەورە دەستێوەردان بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، کاتێك ئۆباما رایدەگەیەنێت کە خوازیاری کۆتای هێنانە بە ئەرکی شەڕکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا و خوازیاری کشاندنەوەی ئەو هێزانەیە، ئەوا بە راستی مەبەستێتی ئەم کارە بکات، رەنگە گۆڕانی بارودۆخەکە ناچاری بکات هەڵوێستی بگۆڕێت، بەڵام ئەو خوازیاری کەمکردنەوەی بوونی ئەمەریکایە لە عێراقدا، ئەگەر نەڵێین کۆتای پێهێنانی.

*** کەرکوك و ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەر یەکێکی دیکە لە کێشە و گرفتەکانی عێراق، ئایا مومکینە ئەمەریکا هیچ رۆڵێك نەبینێت لە چارەسەرکردنییاندا؟**

- رەنگە رۆڵێك ببینێت بەڵام رۆڵێکی گەورە نا، ئەمەریکا نە ئامادەی و نە توانای ئەم کارەی هەیە، ئەمەریکا بە دەست هەلومەرجێکی ئابووری خراپەوە دەناڵێنێت و مانگانە نیو ملیۆن کەس بێکاردەبن، کارێکی ژیرانە نییە ئەگەر من چاوەڕێی بکەم عێراق هەڵبستێت بە چارەسەرکردنی ئەم کێشە ئابوورییانەی ئەمەریکا، ئەگەر من ئەم داوایە بکەن ئێوە پێم پێدەکەنن و پێم دەڵێن دەبێت ئەمەریکییەکان خۆیان چارەسەری بکەن، منیش هاوڕادەبم لەگەڵتاندا کە دەبێت ئەمەریکییەکان یەکلایبکەنەوە، هەمان شت بۆ عێراق راستە، ئەمەریکا ناتوانێت بڕیاری لە ئایندە و چارەنووسی عێراق بدات و دەبێت عێراقییەکان ئەم کارە بکەن.

*** ئایا کشاندنەوەی بەرپرسیارانە بە مانای چی دێت کە ئۆباما بانگەشەی بۆ دەکات؟**

- ئەوەیە بە پێی ئەو خشتەیەی دانراوە هێزەکان بکشێنێتەوە لەگەڵ کەمکردنەوەی ئەو مەترسییانەی دەبنەهۆی ناسەقامگیرکردنی عێراق، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەترسییەکان لە ئارادان.

●●●

**خەڵکی ئەمەریکا چیتر بایەخ بە عێراق نادەن، رەنگە ئەمە رەوا نەبێت، کارێکی ئەخلاقی نەبێت، بەڵام ئەمە واقیعەکەیە**

●●●



**جودیس یاف**

**(شرۆڤکاری بارودۆخی عێراق بۆ CIA)بۆ گوڵان:**

# ساڵی ٢٠٠٩ ساڵێکی هەستیار دەبێت بۆ عێراقییەکان



**پرۆفیسۆر جودیس یاف پسپۆر و شرۆڤەکارە لەسەر عێراق و کەندا و لەساڵی ١٩٩٥ەوە شرۆڤەکاری عێراق بووە بۆ دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا CIA، خاتوو یاف پسپۆر و تۆژەریشە لە زانکۆی بەرگری نیشتمانی ئەمەریکا و یەکێکە لەو شرۆڤەکارانەی کە میدیاکانی ئەمەریکا لەسەر باردۆخی عێراق پەیوەندی پێوە دەکەن، بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی ئێستای عێراق و پەیوەندی هەرێمی کوردستان و عێراق، لە لێدوانێکی تایبەتدا پرۆفیسۆر یاف بەمجۆرە راو سەرنجی خۆی بۆ گوڵان خستە روو:**

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق دەبینیت و پێشبینیت چییە بۆ قۆناغی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا؟**

- من پێم وایە ئەمە هەواڵێکی خۆشە و لەو باوەڕەدانیم کە هیچ کاریگەرییەکی هەبێت لەسەر ئەو وڵاتە. ئەمە بیرکردنەوە و لێکدانەوەی منە، خۆزگە و ئومێد جیاوازە لەگەڵ واقیعدا، پێم وایە ئەمە هەواڵێکی باشە و ئێستا بارودۆخەکە ئارامە، کۆمەڵە کێشەیەکی جیددی هەیە کە دەبێت چارەسەربکرێن، ئەو هەڵبژاردنەی ئەنجامدرا جێی بایەخ و گرنگی پێدان بوو، هەروەها من پێم وایە ساڵی ٢٠٠٩ ساڵێکی هەستیار دەبێت بۆ عێراق.

**• حاڵی حازر خەڵکی عێراق نیگەرانن لەوەی کە بەشێکی زۆری داهاتەکانی عێراق بۆ بواری عەسکەرتارییەت بەکاردەهێنن، هەروەها مالیکی هەوڵی زیندووکردنەوەی مەرکەزییەت دەدات کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دیکتاتۆرییەت؟**

- لە رووی مێژووییەوە تەنیا دوو مۆدیڵ لە عێراقدا لە ئارادابوونە، یان پشێوی یان دەسەڵاتێکی مەرکەزی و دیکتاتۆری، بۆ نموونە کاتێك حکومەتی مەرکەزی دەسەڵاتی نامێنێت چەندین ناوەندی هێز و دەسەڵات سەرهەڵدەدەن کە رکابەری و ململانێی یەك دەکەن، یاخود دەسەڵاتێکی سەربازی و دیکتاتۆری حکومڕانێتی دەکات، هەروەك ئەوەی لە سەددام حوسێندا بەرجەستەکرابوو، هیچ یەکێك لەم دوو مۆدیڵەش لە بەرژەوەندی دوارۆژی عێراقدا نین.

*** ئایا پێداگیری ئۆباما لەسەر کشاندنەوەی هێزەکان نابێتەهۆی خراپترکردنی بارودۆخەکە؟**

- من پێم وایە ئۆباما هۆشیارە بە هەلومەرجەکە و لە راستیدا کشاندنەوەکە کشاندنەوەیەکی یەکجاری نییە، راستە بەشێکی زۆری هێزەکان تا ساڵ و نیوێکی دیکە پاشەکشەیان پێدەکرێت، بەڵام نزیکەی ٥٠،٠٠٠ سەرباز لە عێراقدا دەهێڵرێتەوە کە ئەرکەکانیان زۆر بە ووردی دەستنیشان دەکرێت لە بوار مەشقپێکردن و پاراستنی ئاسایشدا. من پێم وایە دەبێت کورد و عەرەب و حکومەتی عێراق لە نێو خۆیاندا بگەنە رێککەوتن، هەروەها دەبێت ئەو پرسیارە بکەین، چ شتێك دەبێتەهۆی پاراستنی یەکێتی و یەکپارچەی عێراق، راستە کوردەکان نیگەرانن لە دروستبوونی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز، بەڵام دەبێت ئەو پرسیارەش لە خۆیان بکەن، ئەگەر تێکڕای داواکاری و مەرجەکانییان نەهاتەدی ئایا بڕیاری جیابوونەوە دەدەن؟، دواتر ئەگەر ئەم بڕیارە بدەن و لە عێراق جیاببنەوە چی دەکەن و بەرەوکوێ دەچن.

*** بەڵام بەشێکی زۆری داهاتی وڵاتەکە بۆ بە عەسکەرتاریکردنی کۆمەڵگە بەکاردەهێنن، راستە بارودۆخی ئەمنی بەرەوپێشچووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە بارودۆخەکە سەقامگیرە و عێراق دەتوانێت هەنگاو بەرەو دیموکراسی بنێت؟**

- عێراق رووبەڕووی چەندین کێشە و گرفتی ئەمنی بۆتەوە، ئێمە پێمان خۆش بێت یان دەبێت عێراق خاوەنی هێزی سەربازی بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کێشانە، دواتر ئەگەر عێراق بەم کارە هەڵنەستێت ئایا بەدیل چییە، ئایا بەدیل بڵاوبوونەوە و

●●●

**کوردەکان نیگەرانن لە دروستبوونی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز، بەڵام دەبێت ئەو پرسیارەش لە خۆیان بکەن، ئەگەر تێکڕای داواکاری و مەرجەکانییان نەهاتەدی ئایا بڕیاری جیابوونەوە دەدەن؟**

●●●

سەرهەڵدانەوەی میلیشیا چەکدارەکانە.

*** ئایا ئامانجی ئەمەریکا لە عێراقدا جێگیرکردنی حکومەتێکی سەربازی بوو لەم وڵاتەدا؟**

- نەخێر، بەڵام ئۆباما وەك هەر سەرۆکێکی دیکە ئەو کارانە دەکات کە پێویستن، بە پێی دەستووری ئەمەریکا ئۆباما دەسەڵاتی ئەوەی نییە هەڵبستێت بە پاراستن و دابینکردنی ئەمنییەتی شەقام بە شەقامی عێراق، دواتر من لەو باوەڕەدانیم گەڕانەوەی میلیشیا چەکدارەکان بۆ سەر شەقامەکان و باڵادەستبوونییان بیرۆکەیەکی باش بێت.

*** چۆن دەکرێت کێشەکان چارەسەربکرێت لە کاتێکدا مالیکی و حزبی دەعوە ئاستەنگن؟**

- ڕەنگە بە حوکمی ئەو سیستەمە سیاسییەی لە عێراقدا هەیە ئەمە شتێکی زۆر نائاسایی نەبێت، بڕوانە ئیسرائیل کە دوای هەڵبژاردنەکان کاتێکی زۆر دەخایەنێت تاوەکو حکومەت پێکبهێنن. دوای ئەوە ئەو شێوە هەڵبژاردنەی لە عێراقدا هەیە نابێتەهۆی هێنانەدی گۆڕانکاری لە حکومەتدا، ڕەنگە پێویست بە پێداچونەوە بە یاسای هەڵبژاردنەکاندا بکات لە عێراقدا. بۆ نموونە لە ئەمەریکا من ڕاستەوخۆ دەنگ بەو پاڵێوراوە دەدەم کە دەمەوێت نوێنەرایەتیم بکات، نەك دەنگ بە لیستێکی داخراو بدەم.

*** لە نیویۆرك تایمزدا، کینیس پوڵاك و مایکڵ ئۆهانلۆن، ووتارێکیان نوسیوە و ئەوەیان خستۆتەڕوو کە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ عێراق ساڵێکی سەخت دەبێت، بە تایبەتی بەهۆی کێشەی نێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا؟**

- ئەگەر دەتانەوێت ڕاوبۆچوونی ئەو کەسانە بزانن ئەبێت پرسیار لە خۆیان بکەیت، بەلای منەوە گرنگ نییە ئەوان چی دەڵێن، بەڵام منیش ئەوە دەڵێم کە ساڵی ٢٠٠٩ ساڵێکی هەستیار دەبێت، ئایا کێشەی کەرکوك لەم ساڵەدا چارەسەردەکرێت، ئایا سازش دەکرێت بە چەشنێك پێگە و ئیعتیباری هەموو لایەك بپارێزێت و ببێتە بناغەی دروستکردنی پەیوەندییەك کە سەربکێشێت بۆ هێورکردنەوەی ئەم قەیرانە، یاخود ئایا بارودۆخەکە بەرەو پتر ئاڵۆز دەبێت و شەڕی لە نێوان میلیشیا جیاوازەکان و لە نێوان کورد و عەرەبەکاندا ڕوودەدات؟، من نازانم و ڕەنگە کەس نەتوانێت لەم ڕووەوە پێشبینی بکات.

*** ئێستا بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێشبینی شەڕی کورد و عەرەب دەکرێت، ئایا لەم حاڵەتەدا ئەمەریکا ڕۆڵی ناوبژیوانی نابینێت؟**

- من گۆشەنیگایەکی جیاواز دەخەمەڕوو، لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا کوردەکان ڕۆڵی ئەوەیان لەدەستدا بتوانن ببنە ناوبژیوان، بەهۆی گۆڕانی هاوسەنگی و تەرازووی هێزەکانەوە، پێشتر کە شەڕی سوننە و شیعە هەبوو کوردەکان بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەپاراست و بەرگریان لە ناوچەکانی خۆیان دەکرد، ئەوەش شتێکی ئاساییە، بەڵام لەمەودوا دەبێت کوردەکان ئەو پرسیارە لەخۆیان بکەن، ئایا سەرکێشی بەو دەستکەوتانەوە دەکەن کە بەدەستیانهێناوە، زیاد لە سنووری خۆیان پێداگیری دەکەن و داواکارییان هەیە، دواتر من لەو باوەڕەدانیم ئەمەریکا و توانا و ئیرادەی ئەوەی هەبێت هێزەکانی لە باکووری عێراقدا بڵاوبکاتەوە و جێگیریان بکات.

*** کەرکوك و ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە کێشە و گرفتێکی تری عێراقە، ئایا مومکینە ئەمەریکا هیچ ڕۆڵێك نەبینێت لە چارەسەرکردنییاندا؟**

- ئێوە خاڵێکی زۆر باشتان وروژاند، ئەمەریکا ناتوانێت ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی سەربازی چارەسەربکات، ئەمەریکا دەتوانێت ببێتە بەشێك لە چارەسەری سیاسی و دیبلۆماسی، لە ڕاستیدا ئەمە بەشێکە لە ئەرکی ئەمەریکا کە یارمەتیدەر دەبێت لە پرۆسەی گفتوگۆکردن بۆ گەیشتن بە چارەسەر و بە ڕێککەوتنێك کە هەموو لایەك بەشێك لە داواکارییەکانیان بەدەست بهێنن و دەست لە هەندێ داواکاریش هەڵبگرن، بەڵام ئایا عێراقییەکان بەم گیانەوە مامەڵە دەکەن، یان کۆمەڵ مەرج و داواکارییەك دەخەنەڕوو کەقابیلی گفتوگۆکردن نین کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ناکۆکی و کوشتار، ئەمەش هیچ دەرئەنجامێکی لێناکەوێتەوە، بۆ نموونە ئایا ڕێگاچارەی بەردەم کوردەکان جیابوونەوە جاڕدانی سەربەخۆییە، ئایا ڕێگاچارەی بەردەم حکومەتی عێراق پێداگیری کردنە لە سەر پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز کە دەسەڵاتێکی فراوانی هەبێت، لەبەر ئەوەی هیچ یەکێك لەم دوو ڕێگاچارەیە دەرئەنجامی باشییان لێناکەوێتەوە.

*** ئەگەر ئەمەریکا کێشەکانی عێراق چارەسەرناکات، ئایا کشاندنەوەی بەرپرسیارانە بە مانای چی دێت کە ئۆباما بانگەشەی بۆ دەکات؟**

- من پێم وایە لە کۆتاییدا بەرپرسیارێتی چارەسەرکردنی کێشەکان لە ئەستۆی خودی عێراقییەکاندایە، لە ئەستۆی کورد و عەرەبەکاندایە و ئەمەریکا ناتوانێت بۆ هەتا هەتایە لە عێراقدا بمێنێتەوە، سەرۆکی ئەمەریکا چەندین کێشە و گرفتی دیکەی هەیە دەبێت چارەسەریان بکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا بەرپرسیارێتی هەیە بۆ ئەوەی هاوکاری عێراقییەکان بکات تاوەکو بە شێوەیەکی سیاسی و دیبلۆماسی کێشەکانییان چارەسەربکەن، بەڵام نابێت پێشبینی ئەوەبکەن ئەمەریکا بۆ هەتا هەتایە هێزەکانی دەهێڵێتەوە لەم وڵاتەدا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ئەم وڵاتە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئێمە دەبێت لەوە بکۆڵینەوە بۆچی مالیکی بەمشێوەیە کاردەکات، ڕەنگە مالیکی ئیرادەو هەڵوێست و هێزی کوردەکان تاقیبکاتەوە، کە ئەو باوەڕە لە ئارادایە مالیکی هەوڵی ئەوە دەدات هەموو شتێك بخاتەژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. مەسەلەی فیدراڵی مەسەلەیەکی ئاڵۆز و ڕەنگە پێویست بەوە بکات دووبارە بگەڕێنەوە بۆ دەستووری وڵاتەکەتان بۆ ئەوەی دەسەڵات و سنووری دەسەڵاتەکان بە ئاشکرا دیاری بکرێن، ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت کە چاکسازی تێدابکرێت و تەنها پشتگیری لەو بابەتانە نەکەن کە لە بەرژەوەندیتاندایە، بۆ ئەوەی بتوانن زەمانەتی ئەوە بکەن کەسێکی دیکەی وەك سەددام حوسێن دروست نەبێتەوە.

●●●

**لە کۆتاییدا بەرپرسیارێتی چارەسەرکردنی کێشەکان لە ئەستۆی خودی کورد و عەرەبەکاندایە و ئەمەریکا ناتوانێت بۆ هەتا هەتایە لە عێراقدا بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا بەرپرسیارێتی هەیە بۆ ئەوەی هاوکاری عێراقییەکان بکات تاوەکو بە شێوەیەکی سیاسی و دیبلۆماسی کێشەکانییان چارەسەربکەن**

●●●

## لیاکاتالی تەکیم بۆ گوڵان:

# کاریزمای سیمبولی نەتەوە ئەوەیە کێشەکان بەراستی دەستنیشان بکات و چارەسەریشی بۆ بدۆزێتەوە

●●●

**ئەو سەرکردە کاریزما نەتەوەییانەمان هەیە کە بەهۆی دڵسۆزی و پەرۆشیان بۆ وڵات هەوڵی دووبارە رێکخستنەوە و سازدانی گەلەکانیان دەدەن بە تایبەتی لە کاتێکدا کە وڵات دووچاری کارەسات و نەهامەتی دەبێتەوە، هەروەک ئەوەی گاندی و ماندێلا کردیان**

●●●

*** باراك ئۆباما لە وتاری سەرۆکایەتیدا باسی لەوەکرد دەبێت بە چەشنی باوکانی دامەزرێنەر بۆ ئایندە بڕوانین، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم گەڕانەوەیە بۆ رابردوو بۆ خوێندنەوەی داهاتوو بەکاردەهێنن؟**

- ئۆباما هەوڵی گەڕانەوەی دا بۆ رابردوو بۆ دارشتن و هێنانەدی دوارۆژێکی باشتر، هەروەها ئەو ئاماژەی بە هەلومەرجی دژواری ئێستا کرد، دژوار لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە، ئەمەش بەشێکە لە سروشتی سەرکردەیەکی کاریزما، بەو پێیە توانی گەلی ئەمەریکا سازبدات بە خستنەڕووی تێڕوانین بۆ ئایندەیەکی باشتر و دیاریکردنی ئاڕاستەیەك بۆ بەرەوپێشچوون.



■■■

**پرۆفیسۆر لیاکاتالی تەکیم بە نەژاد خەڵکی تەنزانیایە و ئێستا هاووڵاتییەکی ئەمەریکییە و پسپۆر و تایبەتمەندە لە مێژووی ئایینەکان لە زانکۆی دنیڤەر لە ئەمریکا، پرۆفیسۆر تەکیم شارەزایەکی زۆری لەسەر مێژووی دەوڵەتانی ئیسلامی و هەروەها مێژووی سەرهەڵدانی ئیمام خومەینی وەك کاریزمایەك هەیە، بۆیە سەبارەت بە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی سەرکردەی کاریزما پەیوەندیمان پێوەکردو بەرێزی بەمجۆرە بۆچوونی خۆی بۆ گوڵان روونکردەوە.**

■■■

*** لە جیهاندا هەموو نەتەوەیەك بە سەرکردە کاریزماکانی دەناسرێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە رۆڵی سەرکردە کاریزماکان چییە لە دووبارە بنیاتنانی نەتەوەدا؟**

- لە راستیدا سەرکردەی کاریزمای جیاوازمان هەیە، بۆ نموونە هەندێ لە سەرکردە کاریزماکان سەرکردەی ئاینین و لەم رووەوە هەوڵی یەکخستن و پێکەوەگرێدانی نەتەوەکەیان دەدەن، لە هەمان کاتدا ئەو سەرکردە کاریزما نەتەوەییانەمان هەیە کە بەهۆی دڵسۆزی و پەرۆشیان بۆ وڵات و بەهۆی نیشتمانپەروەریانەوە هەوڵی دووبارە رێکخستنەوە و سازدانی گەلەکانیان دەدەن بە تایبەتی لە کاتێکدا کە وڵات دووچاری کارەسات و نەهامەتی دەبێتەوە، هەروەك ئەوەی گاندی و ماندێلا کردیان.

*** هەر سەرکردەیەکی کاریزمای شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ رزگارکردنی نەتەوەکەی، بۆ نموونە گاندی رێبازی ناتوندتیژی هەڵبژارد، دیگۆل لە پێناوی ئازادیدا شەڕی کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تێڕوانینی ئەم سەرکردانە بۆ واقیعی گەلەکەیان وای لێکردوون ببنە رەمزێکی نەتەوەیی؟**

- ئەوە دەوەستێتە سەر ئەو تێڕوانین و روانگەیەی کە سەرکردەکە هەیەتی بۆ ئایندە، هەروەها سروشت و خەسڵەتی ئەو سەرکردەیە، لە هەمان کاتدا رەفتاری شەخسی و چۆنییەتی قسەکردن و موخاتەبەکردنی، بۆ نموونە نیلسۆن ماندێلا سەرکردەیەکی کاریزمای نەبوو لە رووی وتاردان و لێدوان و موخاتەبەکردنەوە، بەڵام تێڕوانینی هەبوو بۆ ئایندە، پابەندبوو بە بنەماگەلێکی دیاری کراوەوە و شەڕی لەسەر دەکردن، واتە هەر هەل و مەرجێك جۆرێکی تایبەتی سەرکردەی کاریزمای دروست دەکات.

●●●

**ماندێلا سەرکردەیەکی کاریزمای نەبوو لە رووی وتاردان و لێدوان و موخاتەبەکردنەوە، بەڵام تێڕوانینی هەبوو بۆ ئایندە، پابەندبوو بە بنەماگەلێکی دیاری کراوەوە و شەڕی لەسەر دەکردن**

●●●

*** زۆرجار لە سەرەتادا میللەتەکان لە نهێنی ئەو رێبازەی سەرکردەکانیان گرتوویانەتەبەر تێناگەن، بۆ نموونە دەلای لاما داوای لە دانیشتوانی تیبت کرد کە تەنانەت دوژمنەکانیان خۆشبوێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم دیاردەیە لە ناو**

گەلاندا روودەدات؟

- مەسەلەی دەلای لاما جیاوازە، لەبەرئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە لە دانیشتوانی تیبت دوورخراوەتەوە و لێیان دابڕاوە، هەروەها چین بە تەواوەتی باڵادەستە بەسەر ئەو هەرێمەدا، بەو پێیە ناتوانێت بە پێی خواستی خۆی کاریگەری و دەسترۆیشتوویی هەبێت بەسەر خەڵکی تیبتەوە. من جەخت لەسەر خەسڵەتە شەخسییەکانی سەرکردەی کاریزمای دەکەمەوە، دەبێت ئەم سەرکردانە بە روونی کێشەکان دەستنیشان بکەن، دواتر دەبێت تێڕوانینی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بخەنەڕوو، هەروەها دەبێت بە زمانێك لەگەڵ نەتەوەکەیاندا بدوێن کە هەست بکەن لێیانەوە نزیکە، بە هەمان شێوە دەبێت گروپێك یان دامەزراوەیەك دروست بکەن بۆ ئەوەی کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو تێڕوانینە بکەن کە هەیانە. چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەک هەیە بۆ ئەوەی سەرکردە کاریزماکان لە هێنانەدی ئامانجەکانیاندا سەرکەوتووبن، وەك جۆری ئەو رێبازی دەیگرنەبەر، ئەو تێڕوانینەی هەیانە بۆ ئاینده و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها ئەو دامەزراوە و رێکخراوانەی دروستی دەکەن بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجامە خوازراوەکان.

*** دەرکەوتنی ئیمام خومەینی لە دوای رووخانی رژێمی شاوە، یەکێکە لە گرنگترین رووداوەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هۆکاری ئەم شێوەیە دەرکەوتنە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- کەسایەتی کاریزمای خومەینی، رەگ و ریشەیەکی ئاینی و روحی هەبوو، لەبەرئەوەی خومەینی، سەرکردەیەکی کاریزما نەبوو لەو رووەوە کە قسەکەرێکی باش و بە توانابێت، بەڵکو پتر کەسایەتییەکی ئاینی و روحانی هەبوو و موخاتەبەی هەستی ئاینی گەلی ئێرانی دەکرد و لایەنی ئاینی تێدا جۆش دەدان، ئەگەرچی رواڵەتێکی سیاسیشی بەبەرداکرد، بۆ نموونە بەو شێوەیە رژێمی شای دەخستەڕوو کە رژێمێکی سەرکوتکارە و دەبێت بەرەنگاری ببینەوە، هەروەها ئەمەریکای بە شەیتانی گەورە وەسفکرد، مەبەستم ئەوەیە بە شێوەیەك پەیامەکەی خۆی دەگەیاند کە خەڵکی بە ئاسانی لێی تێبگەن و هەست بە نزیکی بکەن لێیەوە.

*** ئایا تا چەند بوونی سەرکردەی کاریزمای کاریگەری هەیە بەسەر بەردەوامبوون و مانەوەی نەتەوەوە، بۆ نموونە هەمیشە بیریارەکانی ئەمەریکا بۆ لێدوان و قسەکانی باوکانی دامەزرێنەر دەگەڕێنەوە، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك کاریگەری هەیە لەسەر یەکخستنی گەلی ئەمەریکا؟**

- لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن ئیدارەی ئۆباماوە، ئەو هەستە لە ئارادابوو کە ئیدارەی پێشوو ئەو بەها و بنەمایانەی پشتگوێخستووە، یان پێشێل کردووە، یاخود تێکیشکاندووە، کە باوکانی دامەزرێنەر چەسپاندویانە لە دەستوری ئەمەریکادا، هەر ئەمەش هۆکاری گەڕانەوە و ئاماژەپێکردن بوو بۆ باوکانی دامەزرێنەر.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من پێموایە گرنگترین شت ئەوەیە کە نابێت بێ ئومێدبین و دەبێت بیروبۆچوونی خۆمان بە روونی دەرببڕین، هەروەها دەبێت سەرکردەکان بخرێنە بەردەم بەرپرسیارێتییەکانیانەوە، چونکە زۆرجار سەرکردەکان لێدوان دەدەن، بەڵام قسەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەن، ئێمە وەك موسڵمان ئیسلام داوامان لێدەکات بەرپرسیاربین بەرامبەر بە قسەو لێدوانەکانمان، هەروەها دەبێت سەرکردەکان متەوازع بن و ئامادەی گوێگرتن بن لەخەڵکی.



●●●

**یەک هەیە بۆ ئەوەی سەرکردە کاریزماکان لە هێنانەدی ئامانجەکانیاندا سەرکەوتووبن، وەک جۆری ئەو رێبازی دەیگرنەبەر، ئەو تێڕوانینەی هەیانە بۆ ئاینده و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها ئەو دامەزراوە و رێکخراوانەی دروستی دەکەن بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجامە خوازراوەکان**

●●●

●●●

**دەبێت سەرکردەکان بخرێنە بەردەم بەرپرسیارێتییەکانیانەوە، چونکە زۆرجار سەرکردەکان لێدوان دەدەن، بەڵام قسەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەن**

●●●

### مایکل گەنتەر پسپۆر و توێژەر لەسەر مێژووی کورد بۆ گوڵان :

# مستەفا بارزانی جۆرج واشنتۆنی کوردە و سیمبولێکی گەورەیە شایستەی ئەوەیە شانازی پێوەبکەن



**پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر ناوێکی نامۆ نییە لەناو ڕۆژنامەگەری کوردستان و ئەو کەسییە وەك کورد لە سروشت و ئازارەکانمان تێدەگات ، زۆر بەوردیش دیراسەتی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان دەکات و چەندین کتێبیشی لەسەر کێشەی کورد و دۆزە ڕەواکەی نووسیوە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئەمڕۆی عێراق و چۆنییەتی مامەڵەکردنی کورد لەگەڵ ڕووداوەکان و هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بە پێویستمان زانی پەیوەندی پێوەبکەین، بەڵام بەر لەوەی قسەکانمان دەست پێبکەین و باس لە ڕەوشی عێراق بکەین پیرۆزبایی بۆنەکانی ئازاری لێکردین ئێمەش یەکەم پرسیارمان هەر لەو چوارچێوەیە لێکرد، ئەمەش دەقی لێدوانەکانی مایکل گەنتەرە بۆ گوڵان.**

**•پێش ئەوەی دەست بە پرسیارەکانمان بکەین حەزدەکەین ئەوە بە جەنابت بڵێین ئەم ژمارەیەی گوڵان هاوکاتی ١٤ ئادار دەردەچێت و یادی لە دایکبوونی بارزانی نەمرە، پێت وایە چۆن دەتوانن سوود لە ڕێبازی بارزانی وەربگرین لە ڕۆژگاری ئێستاماندا؟**

-من پیرۆزبای لە گەلی کورد دەکەم بۆ ئەو دەستکەوتانەی بەدەستیهێناوە، ڕاسپاردەی من ئەوەیە ژیرانە و دیبلۆماسیانە ڕەفتار بکەن بۆ پاراستنی ئەم دەستکەوتانە و ئەوەندە پێداگیری و داواکاری مەکەن کە ببێتە هۆی لەدەستدانی دەستکەوتەکانتان، چونکە ئەوەی بەدەستتان هێناوە دەستکەوتی گەورەن، هەروەها من پێموایە مەلا مەستەفا کاریگەری گەورەی لەسەر کورد هەیە و لە ڕاستیدا جۆرج واشنتۆنی کوردە، ئەو ڕەمزێکی گەورەیە و شایستەی ئەوەیە شانازی پێوەبکەن.

**• پرسیاری یەکەمان پەیوەستە بە سیاسەتی ئۆباما لە ئاست عێراقدا؟**

-من پێموایە نابێت کوردەکان پێشبینی ئەوە بکەن بە چەشنی ڕابردوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیریان لێبکات، بەو پێیە کوردەکان لەم ڕووەوە دەبێت پشت بەخۆیان ببەستن.

**•ئایا ڕەوشی ئەمنی عێراق چۆن دەبینیت؟**

-من پێموایە ئەو بەرەوپێشچوونانەی ڕەوشی ئەمنی عێراق تاکتیکین، بەڵام لە سەر ئاستی ستراتیجی کێشە سیاسییەکان و کێشە درێژخایەنەکان دەمێننەوە.

**•ئەو گۆڕانە گەورانە چین کە پێشبینی دەکرێت لە سیاسەتی ئۆبامادا لە ئاست عێراقدا ڕوودەن؟**

-من پێموایە لە ماوەیەکی کورتدا تێکرای هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا پاشەکشەیان پێناکرێت، من لەو باوەڕەدام، کە نزیکەی ٢٠,٠٠٠ بۆ ٣٠,٠٠٠ سەربازی ئەمەریکی بۆ ماوەیەکی دووردرێژە لە عێراقدا دەمێننەوە.

*** فەرماندە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا ئاماژە بەوەدەکەن هێشتا بارودۆخەکە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە پێویست بە مانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێداگیری ئۆباما لەسەر کشاندنەوەی هێزەکان تا چ ڕاددەیەکی مەترسی ئاڵۆزتربوونی بارودۆخەکەی لێدەکرێت؟**

- من دووپاتی دەکەمەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی





ئەمەریکا تێکڕاو تەواوی هێزەکانی لە عێراقدا ناکێشێتەوە و دووبارەکردنەوەی ئەم لێدوانانەش لە لایەن ئۆباماوە ئامانج لێی فشارکردنە بۆ سەر عێراقییەکان بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێکی سیاسی لە نێو خۆیاندا.

*** بارودۆخەکە هێشتا لەرزۆکە، هەروەها ڕەنگە هەندێ لە پارتەکان کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکەنە بەشێك لە بەرنامە هەڵبژاردن و پەنابردنە بەر توندوتیژی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن لەم بارودۆخە هەستیارەدا، ئەمەریکا ئەم کارتە دەداتە دەستی توندڕەوەکان؟**

- لە عێراقدا دیموکراسی هەیە و هەر کەس ئازادە لە گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونەکانی خۆی، بەڵام من ئەو ڕاستیە دەزانم کە زۆرینەی عێراقییەکان لەگەڵ مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکادان لە عێراقدا، بەلای کەمەوە تا ئایندەیەکی نزیك.

*** ڕەنگە بەشێکی زۆری خەڵکی ئەمەریکا پێیان وابێت عێراق بەرەو دیموکراسی ئاڕاستەی گرتبێت، بەڵام بەشێکی زۆری داهاتی وڵاتەکە بۆ بە عەسکەرتاریکردنی کۆمەڵگە بەکاردەهێنن، ڕاستە بارودۆخی ئەمنی بەرەوپێشچووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە بارودۆخەکە سەقامگیرە و عێراق دەتوانێت هەنگاو بەرەو دیموکراسی بنێت؟ ئایا ئەمانجی ئەمەریکا لە عێراقدا جێگیرکردنی حکومەتێکی سەربازی بوو لەم وڵاتەدا؟**

- نەخێر ئەوە ئامانجە بنەڕەتییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەبوو، بەڵام ڕەوتی ڕووداو و بەرەوپێشچوونەکان بە شێوەیەکن کە وا دەردەکەوێت مالیکی وەك کەسێکی دیکتاتۆر ڕەفتار بکات و وەك سەرکردەیەکی بەهێز دەربکەوێت، ئەمەش دەرئەنجامێکی مەترسیدارە بۆ کوردەکان و ڕەنگە سەربکێشێت بۆ شەڕی نێوان کورد و عەرەبەکانی عێراق. ئومێدەکە ئەوەیە سەرکردەگەلێکی پەرۆش و ژیر دەربکەون و ڕێك لە ڕوودانی ئەم حاڵەتە بگرن.

*** ساڵی ٢٠٠٩ دوو گۆڕانی گەورەی بۆ عێراق هەڵگرتبوو، یەکەمیان گۆڕانی ئیدارەی ئەمەریکا لە کۆمارییەکانەوە بۆ دیموکراتەکان، دووەم دەرئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگاکان ئەوەی دەرخست کە ئەوانەی دەنگیان بۆ مەرکەزیەت و عەسکەرتاریەت داوە زۆرترن لەوانەی دەنگیان بۆ دیموکراسی و فیدراڵییەت داوە، ئەم دوو ڕوودواوەش بۆ عێراق خراپ بوون، ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- من پێموایە پێگەی عەرەبی عێراق لە بەهێزبووندایە، بۆ نموونە سوننەکانی بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد و مالیکش پتر دەسەڵاتی خۆی پتەوکرد، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دروستبوونەوەی حکومڕانێتی زۆرینەی عەرەب لە عێراقدا، هەروەها پێگەی کوردەکانیش لاوازبووە، ئەمانە هەموویان

●●●

**ڕەوتی ڕووداو و بەرەوپێشچوونەکان بە شێوەیەکن کە وا دەردەکەوێت مالیکی وەک کەسێکی دیکتاتۆر ڕەفتار بکات و وەک سەرکردەیەکی بەهێز دەربکەوێت، ئەمەش دەرئەنجامێکی مەترسیدارە بۆ کوردەکان**

●●●

مەودای دووردا کێشە بۆ کوردەکان دروست دەکەن.

*** ئەگەر سەیری باوردۆخی هەردوو شاری موسڵ و کەرکوک بکـەن هیچیان لە بەرژەونـدی کوردەکاندا نییە، بۆ نموونە لیستی حەدبا کە لیستی سەرکەوتووە لە موسڵدا بە چەشنێك رەفتار دەکات کە رەنگە سەربکێشـێت بۆ گرژی و شـەڕ لە نێوان کورد و ئەم لیسـتەدا، هەروەها مالیکی هێزەکانی خۆی لەم دوو شـارەدا چڕکردۆتەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزە کوردییەکان، ئەمە لە کاتێکـدا ئەمەریکا داوا لە کوردەکان دەکات کـە رووبکەنە بەغدا و بگەنە جۆرێك لە رێککەوتن و سازش لەگەڵ مالیکیدا بکەن، ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە دەبێت کوردەکان خۆیان بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادە بکەن؟**

- لـە مەودای دووردا بەڵێ، بەڵام مـن لەو باوەڕەدانیم کە حاڵی حازر دووچاری کارەسـات ببنەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا رەنگـە کوردەکان ناچاربـن فێری نزمکردنەوەی سـەقفی پێشبینییەکانیان بن، پتر سازش بکەن و هەوڵ بدەن پتر گوێ لە ئەمەریکییـەکان و عەرەبەکانی عێـراق بگرن، هەروەها هەوڵبـدەن هـاوکاری لەگەڵ ئەمەریـکا و عێراقدا بکەن، بۆ ئەوەی ئەگەر شـەڕیش بەرپابوو کـوردەکان وەك لایەنی خەتابار دەرنەکەون و بیسـەلمێنن کە هەوڵی جیددیان داوە بۆ هاوکاریکردن، من ناڵێم دەبێت کوردەکان دەست لەو دەستکەوت و هەرێمـە فیدراڵییـە هەڵگبرن کە هەیانـە، بەڵام رەنگە ناچاربن نەرمتربن لـە گفتوگۆکانیاندا. دواتر دەبێت رۆڵی تورکیامان لەبیر نەچێت، تورکیا دراوسێیەکی هەمیشەی ئێوە و دەکرێت هەوڵی بەدەسـتهێنانی پشتیوانی بدەن، هەرچەندە ئەمە کارێکی قورسـە لەبەرئەوەی تورکەکان رقیان لێتانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا بەرەوپێشچوون لەم رووەوە هاتۆتەدی و رەنگە بتوانرێت پشتگیری تورکیا بەدەستبهێنرێت، ئەگەر هەرێمی کوردسـتان وەك هەرێمێکی گەشەکرد و پێشکەوتوو بەردەوام بێت.

*** ئۆبامـا چەندین جار رایگەیاندووە کە دەبێت عێراقییەکان خۆیان کێشـەکانیان چارسـەر بکەن، ئەمە لە کاتێکدا دوو مانگ تێپەڕیوە کە سـەرۆکی پەرلەمان هەڵنەبژێردراوە کە مالیکی حزبی دەعوە رێگرە لە دانانی سـەرۆکی پەرلەمان، پرسیارەکە ئەوەیە، چۆن دەکرێت کێشەکان چارەسەربکرێت کە مالیکی و حزبی دەعوە ئاستەنگن؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە و رەنگە من وەڵامەکەی نەزانم، لە راستیدا ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی ئایا مالیکی بڕیار دەدات وەك سـەرکردەیەکی دیموکراسی و بەهێز بمێنێتەوە، یاخود بە شـێوەیەکی دیکتاتۆر رەفتار بکات، کە ئەگەر رێگاچارەی دووەمیان هەڵبژێرێت ئەوا عێراق روبەڕووی کێشـەی گەورە دەبێتەوە، واتە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین.

راسـتە مالیکـی بە بەراورد بـە رابرووداا لـە پێگەیەکی بەهێزتردایە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە مالیکی تێکڕای هێز و دەسەڵاتەکانی لە ژێر دەستدا نییە، هەروەها هەڵبژاردنی پارێزگاکانیش پرۆسـەیەکی ئاڵۆز بوو و موبالەغە دەکرێت لەبارەی سەرکەوتنەکانی مالیکی لەو هەڵبژاردنانەدا.

**•لە حاڵەتی شـەڕی ناوخـۆی و تائیفی نێوان شـیعە و سـوننەکاندا کوردەکان رۆڵی میانگیریان بینی، بەڵام دوای هێوربوونەوەی بارگرژییەکان، مالیکی هەڵوێستەکانی خۆی لە ئاسـت کوردەکاندا گۆڕی، بۆ نموونە ئێستا بارودۆخەکە گەیشـتۆتە ئەو ئاستەی پێشـبینی شەڕی کورد و عەرەب دەکرێت، ئایـا لەم حاڵەتـەدا ئەمەریکا رۆڵـی ناوبژیوان نابینێت؟**

-وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت هەر کارێك بکات لە عێراقدا ئەگەر بیەوێت، ئەمەریکا ئەوەندە بەهێزە دەتوانێت ئەم رۆڵە ببینێت، بەڵام پرسـیارەکە ئەوەیـە ئایا ئەمەریکا خوازیاری بینینی ئەم رۆڵەیـە یاخود دەیەوێت بە تەواوەتی لە عێراق بکشـێتەوە و ئەو کێشـانە بۆ عێراقییەکان خۆیان جێبهێڵێت، بەڵام من پێموایە ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لەسەر هاندانـی لایەنە عێراقییەکان بۆ ئـەوەی هاوکاری یەکتری بکەن و بگەنە رێککەوتن و چارەسەرێك بۆ کێشەکان، هەروەها رێگە لە روودانی کارەساتی گەورە دەگرێت.

**•ئەگەر ئەمەریکا کێشـەکانی عێراق چارەسەرناکات، ئایا کشـاندنەوەی بەرپرسـیارانە بە مانای چی دێت کە ئۆباما بانگەشەی بۆ دەکات؟**

-ئۆباما کەسـێکی ژیرە و لێدوانێکی گشتی داوە بۆ ئەوەی بتوانێـت بـە تێپەڕبوونی کات و لەگەڵ بەرەوپێشـچوونی رووداوەکانـدا گۆڕانکاری بکات ئەگەر پێویسـت بکات، لەگەڵ ئەوەشـدا کشـانەوەی بەرپرسـیارانە ئەوەیە عێراق جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆریەت و تیرۆریستەکان نەتوانـن ئەم وڵاتە وێران بکەن و کوردەکان بتوانن حکومەتی هەرێمی کوردستان بپارێزن و عێراق وەك وڵاتێکی سەقامگیر و گەشـەکردو و بمێنێتەوە. من پێموایە ئەمە مەبەستەکەی ئۆباما بووە.

***ئایا پێشبینیت چییە بۆ پەیوەندی نێوان ئۆباما و حکومەتی هەرێمی کوردستان؟**

من پێموایە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان ئەو گرنگییەی نابێت لای ئۆباما کە خۆی خوازیاریەتی، ئۆباما سـەیری وێنەی گەورە دەکات، سـەیری ئـەوە دەکات کە زۆرینەی عێراق لە عەرەب پێکهاتووە، سەیری هاوپەیمانێتی ئەمەریکا دەکات لەگەڵ تورکیا، سـەیری کێشـەکانی دەکات لەگەڵ ئێراندا، بەڵام هۆشـیارە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشـدا حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بەشێکی بچوکە لە وێنە گەورەکەی ئۆباما.

**•••**
**ئۆباما سەیری وێنەی گەورە دەکات، سەیری ئەوە دەکات کە زۆرینەی عێراق لە عەرەب پێکهاتووە، سەیری هاوپەیمانێتی ئەمەریکا دەکات لەگەڵ تورکیا، سەیری کێشەکانی دەکات لەگەڵ ئێراندا**
**•••**

## تامێر شافێر بۆ گوڵان:

# ماکس ڤیبەر دەڵێت: خەسڵەت و سیفەتی کاریزمایی لە خودی سەرکردەکاندا نییە، ئەوە هەستی خەڵکە ئەم سیفەتە بەسەرکردەکان دەبەخشێت



**• ئایا تا چەند بوونی سەرکردەی کارێزمـــای کاریگـــەری هەیە بەســـەر بەردەوامبوون و مانەوەی نەتـــەوەوە، بۆ نموونە هەمیشـــە بیریارەکانی ئەمەریکا بۆ لێدوان و قسەکانی باوکانی دامەزرێنەر دەگەڕێنـــەوە، ئایا ئـــەم تا چ رادەیەك کاریگەری هەیە لەسەر یەکخستنی گەلی ئەمەریکا؟**

- رەنگە ئەو کەســـایەتیانەی کە دەستوور و مافەکانییان نوسیووە گرنگبن، یاخود خودی کەسایەتی جـــۆرج واشـــنتۆن گرنگ بێت، دووپاتی دەکەمەوە لە کاتە سەخت و ناخۆشەکاندا بوونی کەسایەتییە کارێزماکان گرنگن بۆ یەکخســـتنی نەتەوەکە،،هەندێ کەسیش دەڵێن هەمیشـــە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، هەندێکێش پێان وایە ئەمە هەرگیز روونادات، رەنگە ئۆباما ئاماژەی بە پێویســـتی باوەڕبوون و متمانەکـــردن بە هێز و لەســـەرحەقبوونی ئەمەریکا کردبێت، هەروەها رەنگە ئاماژەی بـــە خودی خۆی کردبێت بۆ ئەوەی ســـەرکردەیەك بێت دەستپێشـــخەری بکات و ئامـــادەی دەرکردنی بڕیاری گەورە و هێنانەدی گۆڕانکاریی گەورەبێت لە کات و ســـاتە سەختەکاندا، بە چەشنی ئەوەی ئێستا لە ئارادایە.

**• هەموو نەتەوەیەك بە سەرکردە کارێزماکانی دەناسرێتەوە، بۆ نموونە ئەمەریکا جۆرج واشنتۆنی هەیە، ئەفریقیای باشور نێلسۆن ماندێلا، فەرەنسا دیگۆل و هیندستان مەهاتما گاندی، پرسیارەکە ئەوەیە رۆڵی سەرکردە کاریزماکان چییە لە دووبارە بنیاتنانی نەتەوەدا؟**

**- رەنگە گرنگترین ئەرکی ئەم ســـەرکردانە یەکخستنی میللەتەکەیان بێت بـــە تایبەتی لە باروودۆخـــە دژوارەکاندا،** هەروەها پیشـــاندانی رێگای بەرەوپێشچوون و بەدەســـتهێنانی ئایندەیەکی سەرکەوتووبێت، زۆرجار هەل و مەرجە سەختەکان سیفەتی کاریزمای لە سەرکردەکاندا دەهێننەئاراوە، نەك خودی کەســـایەتی ئەو سەرکردەیە خۆی، دەرفەتم بدەن ئەمە شـــیبکەمەوە، هەندێ لە زانایان و شـــارەزایان، بۆ نموونە، ماکس ڤێبەر، باس لەوە دەکات کە خەسڵەت و سیفەتی کاریزمای لە خودی سەرکردەکاندا خۆیاندا نییە، بەڵکو ئەوە هەستی خەڵکە بەرامبەر ئەو سەرکردانە کە ئەم سیفەتەیان دەداتە پاڵ، بە گوزارشتێکی دیکە کاتێك نەتەوەیەك بە دەست کێشە و قەیرانێکی گەورەوە دەناڵێنیت ئەوا خەڵکی مەیلی ئەوەیان دەبێت ئەم هەســـتەیان بەرامبەر سەرکردەیەکی دیاری کراو هەبێت. هەروەها لە کارەکانی خۆمدا باسم لەوەکردووە کە چەند مەرج و تایبەتمەندییەك هەیە بۆ ئەوەی بە سەرکردەیەك بگوترێت کاریزمـــا، بۆ نموونە دەکرێت بە بە بـــاراك ئۆباما بگوترێت کاریزما بەلای کەمـــەوە لە ئێســـتادا، لەبەر ئەو تیرِوانین و توانایانەی هەیەتی لە یەکخســـتنی گەلی ئەمەریکا.

**• زۆرجار لە سەرەتادا میللەتەکان لـــە نهێنـــی ئـــەو رێبـــازەی سەرکردەکانییان گرتوویانەتەبەر تێناگەن، بۆ نموونە دەلای لاما داوای لـــە دانیشـــتوانی تیبت کرد کە تەنانەت دوژمنەکانییان خۆشبوێت، پرســـیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم دیاردەیە لە ناو گەلاندا روودەدات؟**

- رەنگە ئەوە بەشێك لە کولتوور و ئایینی تیبتییەکان بێت، هەروەها رەنگە هۆکاری سیاسیشی لە پشتەوەبێت، بۆ نموونە ئەگەر تێبینییەکان دژی دەســـەڵاتدارانی چین شۆڕش بکەن، تێکدەشکێنرێن. لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی ســـەرکردەیەك ببێتە کاریزما دەبێت تێگەیشـــتنێکی باشـــی هەبێت لە بارەی بەهاکانی میللەتەکەیـــەوە، بە دەربڕینێکی دیکە، سەرکردەکان گوزارشـــت لە بەها بنەڕەتییەکانی میللەتەکەیان دەکەن، ئێمە دەزانین کـــە هەر میللەتێك کۆمەڵە بەهایەکی جیاوازی هەیـــە، هەر ئەمەش تەفســـیری ئەوە دەکات کـــە گاندی بە هۆی گرتنەبەری رێبازی ناتووندتیژییەوە بووە کاریزما، لە کاتێکدا دیگۆل بە گرتنەبەری شێوازی جیاوازتر بە هەمان شێوە بووە کاریزما.

*** بەڵام زۆرجاریش سەرکردە ئایینییەکان وەك سەرکردەیەکی نەتەوەی دەردەکـــەون، بۆ نموونە دەرکەوتنی ئیمام خومەینی لە دوای رووخانی رژێمی شاوە، یەکێکە لە گرنگترین روداوەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا، هۆکاری ئەم شـــێوەیە دەرکەوتنە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- رەنگـــە هۆکارەکـــە بۆ ئـــەوە بگەڕێتەوە کە شـــا زۆر بایەخی بە بەهاکانی خەڵکی ئێران نەدا و زۆر رێزی لێنەدەگرتن، هەروەها شـــا زۆر دەوڵەمەنـــد بوو بە پێچەوانـــەی میللەتەکەیەوە، لە هەمان کاتدا زۆر هاوکاری لەگەڵ ئیســـرائیل و ئەمەریـــکادا دەکرد، واتە دژی بەهاکانی میللەتەکەی رەفتاری دەکرد،، هەر ئەمەش ســـەری کێشا بۆ بەرپابونی شـــۆڕش لە دژی شـــا، ئەمە لـــە کاتێکدا خومەینی تـــەواو بە پێچەوانەوە رەفتاری دەکرد، خومەینی قوربانی شەخســـی زۆریدا، لە وڵاتەکە دورخرایەوە، ژیانێکی ســـادە دەژیا. من پێم وایە ئەگەر سەرکردەکان نەتوانن لەگەڵ بەها بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەیاندا بـــڕۆن ئەوا ناتوانن درێژە بە مانەوە و بەردەوامبوونی خۆیان بدەن، بۆ نموونە زۆرجار سەرکردەکان لە وڵاتە نادیموکراسییەکانیشدا هەوڵدەدەن بەهاکانی کۆمەڵگەی خۆیان بدوێن و رێزیان لێبگرن.

**پرۆفیســـۆر تامیر شافێر ئوســـتادی زانســـتی سیاسەتە لە زانکۆی حەیفا وپســـپۆڕ و تایبەتمەنـــدە لەسەر تایبەتمەندییەکانی ســـەرکردە و تێروانینـــی ماکس ڤێبەر بۆ دروســـت بوونی کارێزما، ســـەبارەت بـــە رۆڵـــی ســـەرکردەی کارێزما وەك پێویســـتییەك لـــە پرۆســـەی بوونیادی نەتـــەوەدا پەیوەندییمان بە پرۆفیســـۆر شـــامێرکرد و بەمجـــۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری:**

**بۆ ئەوەی سەرکردەیەک ببێتە کاریزما دەبێت تێگەیشتنێکی باشی هەبێت لە بارەی بەهاکانی میللەتەکەیەوە، گاندی بە هۆی گرتنەبەری رێبازی ناتووندتیژییەوە بووە کاریزما**

## لیسلی دیسمانگلیس بۆ گوڵان:

# سەرکردەی کاریزما ئەوەیە ببێتە سەرچاوەی ئیلهام و ئومێد بۆ نەتەوەکەی

**پرۆفیسۆر لیسلی دیسمانگلیس ئوستادی دیراساتی ئایینییە لە هاتفۆرد و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر رۆڵ و کاریگەری ئایین و سەرکردە لە کۆمەڵگا، بۆ قسەکردن سەبارەت بە رۆڵی ئەو سەرکردانەی دەبنە سیمبوڵ و باوکی نەتەوە پەیوەندیمان لە پرۆفیسۆر لیسلی کردو بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** ئایا بەڕای بەڕێزت سەرکردەی کاریزما تاچەند گرنگە بۆ بوونیادی نەتەوە؟**

- من پێم وایە رۆڵی سەرکردەی کاریزما ئەوەیە ببێتە سەرچاوەی ئیلهام و ئومێد بۆ خەڵك، ئەوەیە تیرِوانین و گۆشەنیگایەکی روون دابڕێژێت و سەرکردایەتی خەڵك بکات بۆ هێنانەدیان، هەروەك ئەوەی ماندێلا لە باشووری ئەفریقیا و گاندی لە هیندستان کردی، بۆ نموونە گاندی باوەڕی بە هێنانەدی سەربەخۆی هیندستان هەبوو، بۆ ساتێکیش دەستی لەم ئامانجە هەڵنەگرت، هەروەها باوەڕی بە گرتنبەری شێوازی ئاشتییانە هەبوو بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆی کە ئەمەش لە گوفتار و رەفتارەکانییدا رەنگی دایەوە، ئۆباماش تا ئێستا بەمشێوەیە کاری کردووە.


*** ئایا تێڕوانینی ئەم سەرکردانە بۆ واقیعی گەلەکەیان وای لێکردوون ببنە رەمزێکی نەتەوەی؟**

- بە دڵنیاییەوە، ئەوەی سەرکردەیەك دەکاتە کاریزما ئەوەیە هەڵبستێت بە وەسفکردن و گوزارشتکردن لە بارودۆخی خەڵکەکە و دواتر تێڕوانینی خۆی روون بکاتەوە بۆ چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکان و رزگارکردنیان لەو بارودۆخە سەختە، واتە بتوانێت میللەتەکە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە و سەرکردایەتییان بکات.

**ئەوەی سەرکردەیەک دەکاتە کاریزما ئەوەیە هەڵبستێت بە وەسفکردن و گوزارشتکردن لە بارودۆخی خەڵکەکە و دواتر تێڕوانینی خۆی روون بکاتەوە بۆ چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکان و رزگارکردنیان لەو بارودۆخە سەختە، واتە بتوانێت میللەتەکە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە و سەرکردایەتییان بکات**

*** ئۆباما دەڵێت دەبێت بە چەشنی باوکانی دامەزرێنەر بۆ ئاینندە بڕوانین، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم گەڕانەوەیە بۆ رابردوو بۆ خوێندنەوەی داهاتوو بەکاردەهێنن؟**

- من پێم وایە بەلەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخە ئابوورییە سەختەی حاڵی حازر لە ئارادایە کە ئیدارەی پێشو ئەدایەکی خراپی هەبوو لەم رووەوە، ئەوا ئۆباما بۆتە تروسکەی ئومێد بۆ خەڵکی ئەمەریکا، بە تایبەتی بەهۆی سەرکەوتنی لە گوزارشتکردن و دەربڕینی خەون و ئومێدی ئەمەریکییەکان، هەروەها بەهۆی ئەو پلانەی گرتویەبەر بۆ بوژاندنەوەی ئابووری داتەپیوی وڵاتەکە. ئۆباما بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە زانکۆی شیکاگۆ یاسای دەستوری گوتۆتەوە، لەبەر ئەوە زۆر باش ئاگاداری دەستوری وڵاتەکەیە، ئەو زۆر موعجیبە بە ئیبراهام لینکۆڵن، کە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر ئەو تیرِوانین و روانگەیەی ئۆباما هەیەتی، هەروەها زۆر بە چڕی لە کارەکانی رۆزەفیڵتی کۆڵیوەتەوە، بە تایبەتی چۆنییەتی بەرەنگاربوونەی ئەو سستبوون و داڕمانە ئابوورییەی لە ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردوودا روویدا، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە مێژوو ئەوەندە گرنگ بێت بۆ داڕشتنی تێڕوانینێك بۆ دوارۆژ بەلای ئۆباماوە.



*** زۆرجار سەرکردە ئایینییەکان وەك سەرکردەیەکی نەتەوەی دەردەکەون، بۆ نموونە دەرکەوتنی ئیمام خومەینی لە دوای رووخانی رژێمی شاوە، یەکێکە لە گرنگترین رووداوەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هۆکاری ئەم شێوەیە دەرکەوتنە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- هۆکارەکە ئەوەبوو کە شا زۆرێك لە دابوونەریت و بەها رۆژئاواییەکانی هێنابووە ناو کۆمەڵگەی ئێرانییەوە، هەر لە شێوازی پۆشینی جلوبەرگەوە، تاوەکو شێوازی خواردن و موسیقا و هتد، کە زۆرێك لەم داب و نەریتانە لەگەڵ بەها ئیسلامییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانییدا بەریەککەوتن، بە چەشنێك کولتور و بەها رۆژئاواییەکان بەرەو باڵادەستی و کەلتوری کۆمەڵگەی ئێرانیش بەرەو بەرتەسکبوونەوە و لاوازی دەڕۆیشتن، خومەینیش کاری لەسەر ئەم خاڵە کرد، کاتێك لە پاریس گەڕایەوە دەقا و دەق ئەم کارەی کرد، مەبەستم ئەوەیە هەڵسا بە بووژاندنەوە و گەڕاندنەوەی بەها تەقلیدییەکانی کۆمەڵگەکە و لەم کارەشدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. هەروەها لە ناو بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت لە ئەمەریکاش ئەمە روویداوە کە خەڵکی گەڕاونەتەوە بۆ کولتوور و نەرییتە تەقلیدییەکانییان.

*** هەمیشە بیریارەکانی ئەمەریکا بۆ لێدوان و قسەکانی باوکانی دامەزرێنەر دەگەڕێنەوە، ئایا ئەم تا چ رادەیەك کاریگەری هەیە لەسەر یەکخستنی گەلی ئەمەریکا؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە، لەبەر ئەوەی فرەییەکی زۆر هەیە لە ناو گەلی ئەمەریکادا لە رووی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە سەرکردەکان بتوانن گوزارشت لە خەون و ئومێدەکانی خەڵك بکەن، ئەمەش ئامرازی سەرەکییە بۆ ئەوەی سەرکردەکان بتوانن میللەتەکە لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و سەرکردایەتییان بکەن، واتە بتوانن یەکگرتووی و یەکێتییەك لە ناو نەتەوەکەدا دروست بکەن، هەرچەندە مەرج نییە تێکڕای نەتەوەکە لە پشت سەرکردەکەوەبن، بەڵکو زۆرینەی زۆری خەڵکەکە. دەکرێت ئەو بارودۆخە ئابووریە سەخت و دژوارەی حاڵی حازر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە دەست دەرئەنجامە خراپەکانیەوە دەناڵێنێت ببێتەهۆی دروستکردنی یەکێتییەك لە ناو گەلی ئەمەریکا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە مەترسیدارانە.

بەڵام گرنگ ئەوەیە سەرکردەکان بتوانن خزمەتی میللەتەکانییان بکەن و قوربانی بدەن بۆ ئەوەی بتوانن هیوا و ئومێدێك بە خەڵکی ببەخشن و سەرکردایەتییان بکەن بۆ هێنانەدی ئەو خەون و ئامانجانە، ئەو کاتە دەتوانن وەك سەرکردەیەکی باش دەربکەون.

## مایكل هۆگان بۆ گوڵان:

# ئۆباما كە گوتاری دەست بەكاربوونی دەبەستێتەوە بە باوكانی دامەزرێنەوە مەبەستی ئەوەیە بڵێت لەسەر بەرنامەی ئەوان گۆڕان دەكەم



**پرۆفیسۆر مایكل هۆگان ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانكۆی بەنسلڤانیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر بوونیادی دیموكراتی و رۆڵی سەركردە لە بوونیادی نەتەوەدا، سەبارەت بە دەركەوتنی ئۆباما وەك سەركردەیەكی كاریزمی و گەڕانەوە بۆ باوكانی دامەزرێنەروو گرێدانەوەی گۆڕان بەسەرەتاكانی رێبازی باوكانی دامەزرێنەرەوە، پەیوەندیمان بە مایكل هۆگن كرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** زۆرجار توانای سەركردە نەتەوەییەكان بوونەتەهۆی رزگاركردنی نەتەوەكانییان لە رۆژگارە تاریكەكان، بۆ نموونە باراك ئۆباما لە وتاری سەرۆكایەتیدا باسی لەوەكرد دەبێت بە چەشنی باوكانی دامەزرێنەر بۆ ئایندە بڕوانیین، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن ئەم گەڕانەوەیە بۆ رابردوو بۆ خوێندنەوەی داهاتوو بەكاردەهێنن؟**

- شتێكی باو و پێویستە كە سەركردەكان پێشنیارەكانییان لەسەر بنەمای بیرۆكە و بەهاكانی باوكانی دامەزرێنەریان بونیات بنێن. سەرۆك ئۆباما بانگەشە بۆ گۆڕان و سیاسەتی نوێ دەكات. لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە بیسەلمێنێت كە سیاسەتە نوێیەكانی لەگەڵ ئەو بنەماو نەریتانەدا دەگونجێت كە نەتەوەكەیان لەسەر بنیان نراوە.

*** هەموو نەتەوەیەك بە سەركردە كارێزماكانی دەناسرێتەوە، بۆ نموونە ئەمەریكا جۆرج واشنتۆنی هەیە، ئەفەریقیای باشور نێلسۆن ماندێلا، فەرەنسا دیگۆل و هیندستان مەهاتما گاندی، پرسیارەكە ئەوەیە رۆڵی سەركردە كاریزماكان چییە لە دووبارە بنیاتنانی نەتەوەدا؟**

- بوونی سەركردەی كاریزما پێویستە بۆ ئەوەی نەتەوەكە بە ئاراستەیەكی نوێدا ببات، بۆ دووبارە بنیاتنانەوە نەتەوەكە دوای هەل و مەرجە سەختەكان. ئۆباما بە شێوەیەكی كارا توانیوویەتی خەڵكانێكی زۆر بەشداری پێبكات لە سیاسەتەدا، لە نێویاندا تووێژی گەنجان، هەژاران، ئەمەریكییە ئەفریقییەكان و ئەو توێژانەی دیكەش كە لە رابردوودا تێكەڵی سیاسەت نەدەبوون، ئەمەش هێزی گەورەی ئەم سەركردەیەیە، ئۆباما رەمزی گۆڕانە، هەروەها رەمزی خستنەگەڕی هەوڵەكانە بۆ بەهێزكردنی پێگەی چەند لایەنێكی نوێ لە ژیانی سیاسی ئەمەریكادا.

*** زۆرجار لە سەرەتادا میللەتەكان لە نهێنی ئەو رێبازەی سەركردەكانییان گرتوویانەتەبەر تێناگەن، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن ئەم دیاردەیە لە ناو گەلاندا روودەدات؟**

- رەنگە "نهێنی" ئۆباما بریتی بێت لە تێكەڵكردنی بەڵێنی گۆڕان لەگەڵ بەها تەقلیدییەكاندا. ئەو ئومێدی بە خەڵكانێكی زۆر بەخشیووە، بەڵام لە هەمان كاتدا داوایان لێدەكات خزمەتی وڵاتەكەیان بكەن، پێشوازی لە "رۆژگاری نوێی بەرپرسیارێتی" بكەن، زۆرجار سەركردە ئایینییەكان وەك سەركردەیەكی نەتەوەی دەردەكەون، بۆ نموونە دەركەوتنی ئیمام خومەینی لە دوای رووخانی رژێمی شاوە، یەكێكە لە گرنگترین رووداوەكانی دوای جەنگی جیهانی دووەم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هۆكاری ئەم شێوەیە دەركەوتنە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟ من تەنیا شارەزاییم لەسەر سیاسەتی ئەمەریكا هەیە نەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام هەڵشكانی خومەینی وەك كاردانەوەیەكی ئاشكرا دەركەوت لە دژی پەرەپێدانی بەها رۆژئاواییەكانەوە لەلایەن شای ئێرانەوە.

دووبارە، ئۆباما بانگەشە بۆ گۆڕانێك دەكات كە پێدەچێت گۆڕانێكی "ریشەی" بێت، بەڵام هەوڵی ئەوە دەدات كەوا پیشان بدات بیرۆكەكانی زۆر ( ریشەی ) نین بە گەڕانەوە بۆ كولتوری باوكانی دامەزرێنەر. هەروەها زۆر باس لە ئیبراهام لینكۆڵن دەكات، كە دوای شەڕی ناوخۆی هەڵسا بە یەكخستنی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا. لە كارەكانیدا ئۆبما خۆی وەك یەككخەری گەلی ئەمەریكا دەخاتەڕوو، وەك كەسێك كە دەتوانێت لایەنە جیاوازەكانی نەتەوەكە لە دەوری مەسەلەیەكی هاوبەش كۆبكاتەوە.

**بوونی سەركردەی كاریزما پێویستە بۆ ئەوەی نەتەوەكە بە ئاراستەیەكی نوێدا ببات**

خستنەڕوو و ڕانانی وتار و دیدگای میدیاکانی جیهانی لەمەڕ کوردان لە هەفتەنامەی گوڵان، پتر بە مەبەستی ئاشنابوونی خوێنەرانی کوردە بە سەرنج و تێڕوانین و سیاسەتی وڵاتانی ئیقلیمی و جیهانی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەگشتی لەبارەی کورد و کوردستان. تەواوی ئەو وتار و سەرنج و ڕەخنانەی بڵاویشدەکرێنەوە گوزارشت لە دید و بۆچوونی خاوەنەکانیان دەکات.

## The National

یۆست هیڵتەرمان سەرۆکی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی (ICG) لەوتارێکیدا کە لەرۆژنامەی (The National)ی ئیماراتی بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت هەموو لایەك بەشێکی کەرکووك-ی دەوێت و ئێستا ئاراستەکە پتر بەرەو ئەوە دەچێ کەرکووك بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ.

نووسەر پێیوایە هەڵبژاردنەکان ئەوەی پیشاندا کە عێراق بەرەو گۆڕان دەڕوات و ئەو هێزانەی لەعێراق داوای فیدراڵیان دەکرد، وەك کوردەکان و مەجلیسی ئەعلا ئێستا لێیان سەنراوەتەوە لەلایەن گروپێکی دیکەوە کە پاڵپشتی حکوومەتێکی بەهێزی ناوەندی دەکەن. دەمڕاستی ئەو گروپەش نوری مالیکییە، کە سەرکەوتنەکەشی پتر بۆ ئەو جموجۆڵە عروبەویی و سەربازییانەی دەگەڕێتەوە کە بووە هۆی تووڕەکردنی کوردەکان. بۆیە پێشبینی دەکرێت لەساڵی داهاتوودا ناکۆکی نێوان کورد و عەرەب ئاڵۆزتر بێت و هەر لەئێستاوە سوپا و هێزە چەکدارەکانی دیکەی حکوومەت چالاکی نهێنی لەناوچە جێ ناکۆکەکان ئەنجامدەدەن، بەتایبەتی لەنزیك ناوچە نەوتییەکان. هەروەها نووسەر داوا لەسیاسەتوانانی بەغدا و هەولێر دەکات لەسەر کەرکووك لەجیاتی شەڕ بیر لەڕێککەوتن بکەنەوە.

## The Jamestown Foundation

ڤلادیمێر ڤان ڤیلن بێرگ لەماڵپەڕی (The Jamestown) لە وتارێکی گرنگدا بەناوی "ئایا ئەنقەرە هاوکاری ناسیۆنالیزمی زازا- دیمیلی دەکات بۆ لەتکردن و دابەشکردنی کوردان" نووسیویەتی: تا ماوەیەکیش ئەو کەسانەی بە زاراوەی زازایی قسە دەکەن، بە پێکهاتەیەکی دانەبڕاو لە نەژادی کورد دەناسران، کە لەوڵاتانی تورکیا و عێراق و سوریا و ئێراندا بڵاوبوونەتەوە. لەهەشتاکاندا ئەلفابێیەکی لاتینی گونجاو بڵاوکرایەوە بە "زمانی زازایی"، ئەمەش بووە مایەی پەرەسەندنی بیری ناسیۆنالیزمی زازایی کە هەندێ لەکوردان بە دەستێکی دەزگا هەواڵگرییەکانی تورکی دەزانن، بەمەبەستی دابەشکردن و لاوازکردنی پێگەی کوردان و چەکدارانی پەکەکە. نووسەر پێیوایە بەشێوەیەکی ئاسایی ئەوانەی بە زازایی دەئاخفن بە کورد دادەنرێن و زازاش لای ناسیۆنالیستە کوردەکان بە بەشێك لەزمانو فەرهەنگی کوردی دادەنرێت. بەڵام ناسیۆنالیستە زازاکان دەڵێن ئەوان خەڵکێکی سەربەخۆن و، بەهۆی لێك تێنەگەیشتنی ئەوانەی بە زازایی قسە دەکەن و ئەوانەی زاراوەی کورمانجی بەکاردەهێنن، کە نزیکەی ٨٠٪ی نەژادی کورد دەگرێتەوە. بۆیە ئێستا هەندێ لە زازاییەکان نیشتمانێکی سەربەخۆی زازاییان گەرەکە، بەناوی "زازایستان". ئەگەرچی ئێستا پۆستی شارەوانی دێرسیم، کە بە مەڵبەندی زازا و عەلەوییەکان دادەنرێت لەژێر دەستی کوردان دایە.

## ZAMAN

ڕۆژنامەی (Zaman)ی تورکی لەوتارێکدا بەناوی کردنەوەی قونسڵگەری تورکیا لەهەولێر، داوای چاکترکردنی پێوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و تورکیا دەکات، کە پێیوایە بۆ ئاشتی و سەقامگیری هەموو ناوچەکە گرنگە. ڕۆژنامەکە نووسیویەتی: سنووری تورکیا دەرگای عێراقە بەرەو ڕووی ئەوروپا و خێزانی دەوڵەتە شارستانییەکان، هاوکات سنووری عێراقیش بۆ تورکیا کردنەوەی دەرگای شارستانییەت و ڕەسەنایەتییە بەرەو ڕووی تورکیادا. بۆیە پێویستە ئەو دەرگایانە بۆ هەمیشە کراوە بن و کاری جیددی بکرێت بۆ ئاسنکاری سەفەر لەنێوان هەردوولا.

## FINANCIAL TIMES

ڕۆژنامەی Financial times بە ئیمزای نووسەری ئەڵمانی سیلکە مێرتینس هەڵسەنگاندێکی گرنگی لەسەر هەڵوێستی ئەم دواییەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە داڤۆش بڵاوکردۆتەوە و نووسیویەتی: ئەردۆگان وەڵامی داخوازییەکانی کوردی وڵاتەکەی ناداتەوە، کەچی دێت لەبەرامبەر شەڕی غەزە خۆی نیگەران دەکات. بۆیە ئەو هەڵوێستەی ئەردۆگان هەڵوێستێکی ساختەیە و دوورە لەڕاستییەوە. هەروەها نووسەر دەڵێت تورکیا تائێستا زاتی ئەوەی نەکردووە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان قەبووڵ بکات، کەچی باسی ئەخلاق و مۆراڵ دەکات. لەکاتێکدا ئەو سەرۆك وەزیری وڵاتێکە کە ٢٥ ساڵە زیاتر لە ٣٧,٠٠٠ گەریلای کوردی تێدا کوژراوە و بەدەیان گوند سوتماك کراون، تەنانەت ئەردۆگان جارێکی دیکە بەبێ دوودڵی سوپای وڵاتەکەی ڕەوانەی باکووری عێراق کرد بەبێ ئەوەی کە بیر بکاتەوە خەڵکی سڤیل و بێ تاوان دەبنە قوربانی. بۆیە دەکرێ بپرسین بۆچی ئەردۆگان باسی ئەو شتانە ناکات و بۆچی بۆ فەڵەستینیەکان دەولەت و بۆ کوردان مەینەت؟!

## THE INDEPENDENT

نووسەری بەناوبانگی جیهانی پاتریك کۆك بێرن لە ڕۆژنامەی (Independent)ی ئینگلیزی لەوتارێکدا بەناوی "عێراق لە قەراخ جەنگێکی ناوخۆیی تازەدایە، نووسیویەتی: لەکاتێکدا هەموو دنیا لە چاوەڕوانی بەرقەراربوونی ئاشتەوایی دەکات، عێراق ڕووبەڕووی جەنگێکی ناوخۆیی نوێ بۆتەوە. سەرباری دروستبوونی ئەتمۆسفێرێکی تاڕادەیەك سەقامگیر لە بەغدا و ناوچەکانی باشووری عێراق، کەچی کورد و عەرەبەکان لە خۆ ئامادەکردندان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تازەی سوپایی بۆ کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتنی هیلالێك کە لە سنوورەکانی سوریا دەست پێدەکات و لەنزیك سنوورەکانی ئێران لەخاڵە سنوورییەکانی باشووری عێراق کۆتایی دێت. هەروەها نووسەر ئاماژە بۆ کێشەی نێوان بەغدا و هەولێر دەکات و دەڵێت سوپای تازە دامەزراوەی عێراق بە پاڵپشتی مالیکی خەریکە دەستدەگرێ بەسەر هەموو ئەو ناوچە کوردنشینانەی لەکاتی ڕووخانی ڕژێمی بەعس کەوتنە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی کوردەکانەوە.

## Aftab News

دکتۆر کەیهان بەرزگەر، توێژەری باڵای ناوەندی ستراتیژی ئێران لەماڵپەڕی ئافتاب-ی ئێرانی لە وتارێکدا ستراتیژی داهاتووی ئێران لەعێراق و هەرێمی کوردستان و جۆری پێوەندییەکانی لەگەڵ هێز و لایەنە شیعییەکانی نێو پرۆسەی سیاسیی عێراق ئاشکرا دەکات و داوا لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات پێوەندی لەگەڵ مالیکی بەهێزتر بکەن. واشی دەبینێت کە نوری مالیکی تەنیا کەسێکە بتوانێ مەرج و داخوازییەکانی ئێران لەعێراق لەبەرچاو بگرێت و هێزە شیعییەکانی دیکەی وەك ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی دەخاتەلاوە و سیستمی فیدراڵی هەرێمی کوردستانیش بە هەڕەشەیەك بۆ سەر ئایندەی سیاسیی عێراق دەزانێت و هەروەك بەشێوەیەکی ناڕەوا تۆمەتی هاوکاریکردنی ئیسرائیل دەخاتە پاڵ کوردستان. نووسەر پێیوایە عێراقێکی یەکگرتوو بەلەبەرچاوگرتنی جیۆپۆلۆتیکی نەتەوەیی- تائیفی وڵاتەکە، واتە بەشداری کورد، سوننە و شیعە لەناوچەی جیاوازی جوگرافی کە هەمیشە هەڕەشەی پارچەبوونی لەخۆوە گرتووە، لەبەرژەوەندی ئێران دایە. هەروەها پێیوایە وێنای عێراقێك کە بەسەر چەند ناوچەیەکی بچووکتر و لاوازتر دابەشبووە، ئامادەکارییە بۆ ڕێبەریکردنی موداخەلەی زلهێزەکانی دیکەی ناوچەکە وەك ئیسرائیل لەچەند ناوچەیەکی وەك هەرێمی کوردستان.

## Hurriyet DailyNews.com

مستەفا ئاکیۆڵ لە ستوونەکەی خۆیدا لەڕۆژنامەی (Hurriyet Daily News) لەژێرناوی "بەخێربێیت بۆ کوردستانی عێراق، نەك باکووری عێراق" نووسیویەتی: دوای ٧٠ ساڵ لە ئاسمیلەکردنی بەزۆر، تورکیا دانی بە خەوش و ناتەواوییەکانی دانا. لەساڵانی نەوەدەوە وردە قەدەخەکاری لەسەر زمان و چاندی کوردی هەڵدەگیرێت، بەشێوەیەك ئەمڕۆ زۆربەی هاووڵاتیانی کۆماری تورکیا ترسیان لە پەیڤی کورد نییە، بەڵام هێشتا زاراوەیەکی بڤە هەیە و بەسەر زارماندا ئاستەمە، ئەویش وشەی کوردستانە. ئاکیۆڵ لەو وتارەدا هێما بۆ کۆبوونەوەکەی پلاتفۆرمی ئابانت لەهەولێر دەکات و دەڵێت زۆربەی میوانەکانی تورکیا پێیان باش بوو لەبری پەیڤی کوردستان باکووری عێراق بەکاربهێنن، بەڵام سووربوون لەسەر بەکارهێنانی پەیڤی کوردستان، ئەمەش بۆ جێگیربوونی ئاشتەوایی نێوان هەردوولا کە پێویستیان بەوە هەیە هەنگاو هەڵبگرن. بەڵام ئەوەی لەو نێوانەدا گرنگە پێویستە کوردەکانی عێراق قەناعەت بە تورکیا بهێنن کە "کوردستان" هەنگاوێك نییە بۆ ئامانجێکی گەورەتر و "دامەزراندنی کوردستانی گەورە و یەکگرتوو"، ئەو هەنگاوەی تورکیاش پێویستە هەڵی بگرێت ئەوەیە کە دان بە واقیعی کوردستانی عێراق بنێت و ئینکاری نەکات.

## BBC

ماڵپەڕی (BBC)ی ئینگلیزی لەهەواڵێکدا لەسەر ڕەوشی بەکارهێنانی زمانی کوردی لەتورکیا نووسیویەتی سیاسەتمەدارێکی کوردی ناسراو بەبێ دوودڵی لەپەرلەمانی تورکیا بەزمانی کوردی قسەی کرد و لەتەلەڤزیۆنی دەوڵەت ئاخاتنەکەیان پێ بڕی. هەروەها BBC دەڵێت ئەو ئاخاوتنەی ئەحمەد تورك لەسەروبەندی داخستنی پارتەکەی دایە، کە ئەمەش وا دەکات بانگەشەی دۆزگەر لەدادگای باڵادا بەهێزتر ببێت. هەروەها ماڵپەڕەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئەو هەڵوێستەی تورك لەپەرلەمان کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر هەڵوێستی پارتەکەی دەبێت لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا.

## The Economist

گۆڤاری (The Economist)ی بەریتانی لەوتارێکدا باسی مەسەلەی چەکداماڵینی پەکەکە دەکات و پێیوایە یەکێك لەو سیناریۆ و بیرۆکانەی ڕەنگە بەکاربێت، ئەوەیە کە چەکدارانی پەکەکە ڕابکێشنەوە نێو ماڵەکانیان و ڕێگا بەسەرکردەکانیشیان بدەن وەك پەنابەر لەوڵاتێکی ئەورووپی قەبووڵ بکرێن، ئەمەش وا لەتورکیا دەکات بە ڕەسمی پێوەندی خۆی لەگەڵ کوردستانی عێراق دروست بکات و کونسڵگەری خۆیشی لەهەولێر بکاتەوە. هەروەها گۆڤاری ناوبراو دەڵێت ئێستا نزیکەی ٥٠ هەزار کرێکاری تورکی و ١٢٠٠ کۆمپانیای تورکی لەکوردستانی عێراقدان و ساڵانە بازرگانی بەنزیکەی ٧ ملیار دۆلارەوە دەکەن. هەر بۆیە ئێستا ئەمریکا دەیەوێ گوشار بخاتە سەر هەردوولا بەمەبەستی بەهێزکردنی پێوەندییەکانیان و بەرتەسککردنەوەی چالاکییەکانی پەکەکە لەناوچەکە. بەڵام گۆڤارەکە وای دەبینێت کە دۆسیێی کەرکووك زەقترین خاڵی ناکۆکی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبێت لەئێستاو لە داهاتوودا.

## SETA

فۆنداسیۆنی SETA، واتە (وەقفی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی، سیاسیی و ئابووریی) بە بۆنەی شەشەمین ساڵگەردی "داگیرکردنی عێراق" کۆنفرانسێکیان گرێدا و هەریەك لە تەها ئۆزجان و گۆکهان چەتینسای لەسەر ناوی SETA لێکۆڵینەوەیەکی فراوانیان لەسەر ڕەوشی عێراق و هەرێمی کوردستان پێشکەشکرد. لەڕاپۆرتەکەدا لەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە خەریکە لەباکووری عێراقدا دەوڵەتێکی کوردی دادەمەزرێت و ئەو هەرێمە بۆ کوردی وڵاتانی دیکەش دەبێتە مایەی هاندان و سەرنجڕاکێشان، ئەمەش وا دەکات ئەو وڵاتانەی دیکەی کە کوردی تێدا دەژیت ناسەقامگیری دروست بێت. هەروەها لەڕاپۆرتەکەدا هێما بۆ ئەوەش دەکەن کە هەرکاتێك پێوەندی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و کوردەکانی تورکیا زیاتر دەبێ و کەرکووکیش داخیلی نێو هەرێمی کوردستان ببێت ئەوا لەسیاسەتی ناوخۆیی تورکیادا گرفت و پاشاگەردانی دروستدەبێ.

## The New York Times

ئاخاوتنەکەی ئەحمەد تورك بەزمانی کوردی لەپەرلەمانی تورکیا بووە جێی بایەخی میدیاکانی جیهان و زۆربەی هەواڵنێرانی ڕۆژنامەکانی جیهانی بەسەردێر جیاجیا هەواڵیان لەسەر نووسیوە. لەوانەش ڕۆژنامەی New York Times ی ئەمریکی نووسیویەتی: "پەرلەمنتاری کوردی تورکیا تابوویەکی گرنگی لە تورکیا شکاند و بەو ئاخاتنەی ژیانی خۆی و حەسانەی پەرلەمانتاری خۆیشی خستە نێو ڕیسك و موغامەرەوە، ئەمەش لەکاتێکدا ٤ دەوڵەت لەبەرامبەر کوردان هەستیارن و پارتەکەی ئەحمەد تورکیش مەترسی داخستنی لێدەکرێت.